حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

# قەزای دەربەندیخان

## (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)

نامەیەکە

( ئاودێر لوقمان ئەنوەر )

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە ، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی جوگرافیا.

سەرپەرشت

پ.د.جەزا تۆفیق تالیب

کوردی (٢٧٢٢) زاینی (٢٠٢٢) کۆچی ( ١٤٤٣)

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (ئاودێر لوقمان ئەنوەر) بە ناونیشانی (قەزای دەربەندیخان، توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)بەچاودێری من لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر)لە جوگرافیادا، پێشینار دەکەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: پ.د.جەزا توفیق تالْب
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
بەروار: / / ٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. سۆران حمەامین
سەرۆکی بەشی جوگرافیا
بەروار: / / ٢٠٢١

# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ.)

"صدق ألله العظيم"

(سورة الحجرات)

آية (١٣)

## پێشکەشە بە :

- ❖ دایک و باوکی خۆشەویستم.
- ❖ هاوسەری خۆشەویستم .
- ❖ بە جگەر گۆشەکەم (باڵا).
- ❖ خوشک و براکانم بە تایبەت (ڕوناک)خان.
- ❖ بە مامۆستای سەرپەرشت.

# سوپاس و پێزانین

بۆ:

ـ پەروەردگاری بەخشندە و میهرەبان، کە توانا و ئارامی پێ بەخشیم کە ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم.

ـ بەڕێز(پ.د جەزا تۆفیق تالیب) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینـی و ڕێنماییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد،ئومێدی سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

ـ خانەوادەکەم کە هەمیشە هاوکار و یارمەتی دەرم بوون بۆ درێژەدان بە خوێندن.

- بەڕێزان(دکتۆر پشـتیوان شـەفیق، مامۆسـتا شاسـوار محمد،مامۆسـتا محمـد وەتمـان)کە لە یارمەتیـدانم درێخیان نەکردووە.

- مامۆستیانم لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنم بە تـایبەت لە هەردوو قۆنـاغی خوێنـدنی بەکـالۆریۆس و ماستەر .

- هاوڕێی خوێندنم لە قۆناغی ماستەر(م.گەرمیان محمد ، م.کاوە ڕەشید ، م.ڕەنجە جمال).

- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بەتایبەتی کاک(ئومێد)و(بەهارخان) .

- فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی سلێمانی .

- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان بە تایبەتی کاک(ئەمجەد).

- فەرمانبەرانی دادگای بەرایی دەربەندیخان بەتایبەتی کاک(هارون).

- هەموو ئەو کەسانەی کە بە ووشەیەک یان زانیارییەک هاوکارییان کردووم.

**توێژەر**

## پوختە

قەزای دەربەندیخان دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، لەنێوان هەردوو بازنەی پانی( ٣٤,٥٥,١١ – ٣٥,١٤,٢٦ ) باکور و هەردوو هێڵی درێژی ( ٤٥,٢٩,٤٥ – ٤٥,٥٥,٥٤ ) ڕۆژهەڵات، ڕوبەرەکەی بۆساڵی (٢٠٢٠) بریتی بووە لە(٥٣٤ کم٢) و دانیشتوانەکەیشی بۆهەمان ساڵ پێکهاتووە لە(٥٦٥٥٠) کەس، بەچڕی دابەشبوون(١٠٥,٨)کەس/کم٢، شێوەی دابەشبوونی دانیشتوانەکەی تەرزی کۆبووەوە و هێڵییە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە پیشاندانی باری ڕاستەقینەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەیە لەڕووی گەشە و پێکهاتەی دانیشتوان و چڕی و دابەشبوون و کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان لەسەر ئەم گەشە و دابەشبوون و چڕییە.

ئامانجی سەرەکیش خستنەڕووی ئەو هۆکارە جوگرافیە سروشتی و مرۆییانەیە کە کاردەکەنەسەر شێوەگرتنی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە.

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوا توێژینەوەکەمان دابەشی چواربەش کردووە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ باسکردن لە گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە،لەکاتێکدا ئەم بەشەمان دابەشی سێ باسکردووە، بەجۆرێک باسی یەکەمی ئاماژەیە بۆ قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە و باسی دووەمیشی تایبەتە بە گەشەی سروشتی دانیشتوان و لەباسی سێیەمیشدا باس لە کۆچی دانیشتوان دەکەین.

هەرچی بەشی دووەمیشە دابەشبوونی دانیشتوانی لەخۆگرتووە لەگەڵ دابەشبوونی ڕێژەیی و چڕیی دانیشتوان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠)دا لەچوارچێوەی دوو باسدا ، کە باسی یەکەمی تەرخانە بۆ باسکردن لە پێوەرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان، باسی دووەمیشی تایبەتە بە ڕاڤەی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان. وە هەرچی بەشی سێیەمیشە ئەوهۆکارانەی لەخۆگرتووە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە و لەخۆگرتەی دوو باسە، کە لەباسی یەکەمدا ئەو هۆکارە سروشتیانە ڕاڤەدەکەین کە کاردەکەنەسەر دابەشبوونی دانیشتوان و لەباسی دووەمیشدا ڕاڤەی فاکتەرە مرۆییەکان دەکەین.

بەشی چوارەم و کۆتاییش باس لە پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان دەکات. ئەم بەشە دابەشی سێ باس کراوە، لەباسی یەکەمدا تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکان خراوەتەڕوو، باسی دووەمیشی تایبەتە بە ڕاڤەی پێکهاتە شارستانیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە و لەباسی سێیەمیشدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری ناوچەی توێژینەوەکە ڕاڤەدەکەین، و پشت بەست بەوەی باسکرا توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەک، کە لەگرنگترینیان بریتین لە:

١. هەڵە و کەموکورتی زۆر لەداتاکانی ئاماری قەزاکەدا هەیە، بەتایبەت ئامارەکانی لەدایکبوون و مردنی پێش ساڵی (١٩٩١)، ئەمەش بەهۆی کەمی هۆشیاری تاک و بەقەستی پێدان و داتاکردنی زانیارییەکان بەهەڵە و بەمەرامی جیاواز.

٢. هاندان بۆ کردنەوەی لقی فەرمانگەی ئاماری دەربەندیخان لە یەکە کارگێڕییەکانی دیکەی سەربە ناوچەی توێژینەوەکە و ئامادەسازیی بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو زیادبونە ناسروشتییەی لەدانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەدا لەچەند ساڵی داهاتودا ڕوودەدات، بەهۆی کۆچی خەڵکی پارێزگا عەرەبی نشینەکان بەرەو سنورەکە، بەبیانوی دەستەبەری ئاساییش و ژیانێکی باشتر.

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەش | i |
| سوپاس و پێزانین | ii |
| پوختە بە زمانی کوردی | iii |
| ناوەڕۆک | viii - iv |
| پێشەکی | ١-١١ |
| **بەشی یەکەم / گەشەی دانیشتوان** | ١٢ — ٤١ |
| **باسی یەکەم/ قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان** | ١٢-١٥ |
| **باسی دووەم/زیادبوونی سروشتی** | ١٦-٣٢ |
| ا- لەدایکبوون: | ١٦-٢٥ |
| ب - مـــردن: | ٢٥ — ٣٠ |
| ج - زیادبوونی سروشتی و کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوان. | ٣٠ — ٣٢ |
| **باسی سێیەم/ کۆچ** | ٣٢ — ٤١ |
| ١- کۆچی ناوخۆیی: | ٣٣ — ٣٧ |
| ٢-کۆچی دەرەکی | ٣٨ — ٤١ |
| **بەشی دووەم / دابەشبوونی دانیشتوان** | ٤٢ — ٦٩ |
| **باسی یەکەم/پێوەرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان** | ٤٢ - ٦٦ |
| تەوەری یەکەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان | ٤٣ — ٥٢ |
| تەوەری دووەم : چڕی دانیشتوان | ٥٣ — ٦٦ |
| **باسی دووەم: شێوازەکانی دابەشبوون** | ٦٧ — ٦٩ |
| **بەشی سێیەم / ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان** | ٧٠ — ٩٤ |
| **باسی یەکەم: فاکتەرە سروشتییەکان :** | ٧٠ — ٨٤ |
| ١- بەرزونزمی | ٧٠ — ٧٢ |
| ٢- ئاووهەوا | ٧٣ — ٧٦ |
| ٣-دەرامەتی ئاو | ٧٧ — ٨١ |
| ٤ — خاک | ٧٢ — ٨٤ |
| **باسی دووەم: فاکتەرە مرۆییەکان** | ٨٥ — ٩٤ |
| **بەشی چوارەم / پێکهاتەی دانیشتوان** | ٩٥ - ١٢٠ |
| **باسی یەکەم: تایبەتمەندییە بایۆلۆجیەکان ( جۆر و تەمەن)** | ٩٥ - ١٠٧ |
| یەکەم: پێکهاتەی جۆر( ڕەگەز) | ٩٥ - ١٠٢ |
| دووەم: پێکهاتەی تەمەن | ١٠٢- ١٠٦ |

| | |
|---|---|
| **باسی دووەم : تایبەتمەندیە شارستانیەکان** | **١٠٧- ١١٣** |
| یەکەم: پێکهاتەی نەتەوایەتی | ١٠٧- ١٠٨ |
| دووەم: پێکهاتەی ئایینی | ١٠٩- ١١٠ |
| سێیەم/ پێکهاتەی زانستی | ١١٠- ١١٣ |
| **باسی سێیەم: پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان** | **١١٤- ١١٩** |
| یەکەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی | ١١٤- ١١٥ |
| دووەم: پێکهاتەی ئابورییەکان | ١١٦- ١١٩ |
| دەرئەنجام | ١٢٠- ١٢١ |
| ڕاسپاردە | ١٢٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٢٣- ١٢٩ |
| پاشکۆکان | ١٣٠- ١٣٦ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ١٣٧ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ١٣٨- ١٣٩ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق | ٦ |
| ٢ | شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە | ٧ |
| ٣ | قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی لە ساڵی(١٩٧٧)دا | ١٠ |
| ٤ | پێگەی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی لە ساڵی(٢٠٢٠)دا | ١١ |
| ٥ | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕیەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧) | ٥١ |
| ٦ | دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕیەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠) | ٥٢ |
| ٧ | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧) | ٥٩ |
| ٨ | چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠) | ٦٠ |
| ٩ | چڕی گشتی دانیشتوانی لەسەر ئاستی کەرتەکان قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠) | ٦٦ |
| ١٠ | شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی (٢٠٢٠) | ٦٩ |
| ١١ | دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی بەرزونزمی لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠) | ٧٢ |
| ١٢ | دابەشبوونی بارانی ناوچەی توێژینەوە بەپێی بەرزی | ٧٥ |
| ١٣ | تێکرای پلەی گەرمی لەقەزای دەربەندیخان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠) | ٧٦ |
| ١٤ | دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی ئاوی سەرزەوی لە ساڵی(٢٠٢٠)دا | ٧٩ |
| ١٥ | دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی جۆرەکانی خاک لە ساڵی (٢٠٢٠)دا | ٨٤ |
| ١٦ | دابەشبوونی کارگەکانی بلۆک و چەو ولم لە قەزای دەربەندیخان(٢٠٢) | ٩٠ |
| ١٧ | دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بەگوێرەی ڕێگاکانی هاتوچۆ لەساڵی(٢٠٢٠) | ٩٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | ڕێژەی جۆر لە قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧) | ٩٩ |
| ١٩ | ڕێژەی جۆر لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٨٧ ) | ١٠٠ |
| ٢٠ | ڕێژەی جۆر لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠) | ١٠١ |
| ٢١ | دابەشبونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی هۆزەکان لە ساڵی(٢٠٢٠) | ١١٥ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕووبەری قەزای دەربەندیخان و یەکە کارگێڕییەکانی لەماوەی(١٩٧٧_٢٠٢٠) | ٨ |
| ٢ | ژمارەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٠) | ١٣ |
| ٣ | ڕێژەی گەشە و گۆڕانی ساڵانە لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی(١٩٩٧_٢٠٢٠) | ١٤ |
| ٤ | لەدایکبوون لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی(٢٠٠٩ -٢٠٢٠) | ١٨ |
| ٥ | ژمارە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠١٩) | ٢١ |
| ٦ | هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە دادگای دەربەندیخان لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩_-٢٠٢٠) | ٢٣ |
| ٧ | مردن لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بۆساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠) | ٢٧ |
| ٨ | زیادبوونی سروشتی لە قەزای دەربەندیخان لە (٢٠٠٩-٢٠٢٠) | ٣١ |
| ٩ | پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای دەربەندیخان لەماوەی (١٩٧٧_٢٠٢٠) ساڵانەی(%) | ٣٥ |
| ١٠ | پوختەی کۆچ لە قەزای دەربەندیخان بۆ پارێزگای سلێمانی و بە پێچەوانەوە لە ماوەی (١٩٧٧_٢٠٢٠) | ٣٧ |
| ١١ | دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان(١٩٧٧_٢٠٢٠) | ٤٥ |
| ١٢ | ڕێژەی گەشە و گۆڕانی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٤٦ |
| ١٣ | ڕێژەی شارنشینی لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٤٩ |
| ١٤ | ڕێژەی گوندنشینی لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٥٠ |
| ١٥ | چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٥٥ |
| ١٦ | ڕێژەی گەشەو گۆڕانی چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ( ١٩٧٧_ ٢٠٢٠) | ٥٦ |
| ١٧ | ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان و چڕی گشتی دانیشتوان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بۆماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧_ ٢٠٢٠) | ٥٨ |
| ١٨ | جیاوازی چڕی گشتی دانیشتوان لەسەرئاستی کەرتەکان لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی (٢٠٢٠) دا | ٦٢ |
| ١٩ | ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان و چڕی گشتی دانیشتوانی کەرتەکان بەپێی دەستەکانی چڕیی لەساڵی (٢٠٢٠)دا | ٦٣ |
| ٢٠ | ژمارەی دانیشتوان و نیشنگە گوندییەکانی قەزای دەربەندیخان بەپێی یەکە کارگێڕییەکان و | ٦٨ |

| | | |
|---|---|---|
| | هاوکۆلکەی پەرتبوون لەساڵی ٢٠٢٠دا | |
| ٢١ | دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی یەکەکانی تۆپۆگرافیا لە ساڵی(٢٠٢٠)دا | ٧١ |
| ٢٢ | تێکڕای پلەی گەرما و باران بارینی ساڵانە لە وێستگەی کەشناسی دەربەندیخان لەماوەی (٢٠٠٩_٢٠٢٠) | ٧٤ |
| ٢٣ | دابەشبوونی دانیشتوانی گوندنشین بە گوێرەی ئاوی ژێر زەوی لە قەزای دەربەندیخان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان | ٨١ |
| ٢٤ | دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی جۆرەکانی خاک لەساڵی(٢٠٢٠)دا | ٨٣ |
| ٢٥ | دابەشبوونی سامانی ئاژەڵ لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠) | ٨٨ |
| ٢٦ | ڕووبەری کشتوکاڵی داچێنراو لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠) | ٨٨ |
| ٢٧ | درێژی نێوان ڕێگاسەرەکییەکانی دەربەندیخان و شارەکانی دەوروبەری | ٩١ |
| ٢٨ | ڕێژەی جۆر لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەساڵانی( ١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٩٧ |
| ٢٩ | ڕێژەی جۆر بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی(١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٩٨ |
| ٣٠ | پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵی (٢٠١٩) | ١٠٣ |
| ٣١ | ڕێژەی پێکهاتەی جۆر وتەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠١٩) | ١٠٥ |
| ٣٢ | پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەساڵانی(١٩٧٧-٢٠٠٨) | ١٠٨ |
| | پێکهاتەی ئاینی لەقەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٠٨) | ١٠٩ |
| ٣٤ | ڕێژەی بارودۆخی زانستی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بەگەێرەی ڕەگەزی نێر و مێ بۆساڵی (٢٠٠٨) | ١١١ |
| ٣٥ | بارودۆخی زانستی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٩) | ١١٣ |
| ٣٦ | دابەشبوونی هێزی کاری دانیشتوان بەگوێرەی چالاکیە ئابورییەکان لە قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧) | ١١٦ |
| ٣٧ | دابەشبوونی هێزی کار بەگوێرەی چالاکییە ئابورییەکان لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠) | ١١٩ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی گەشە و گۆڕانی ساڵانە لە قەزای دەربەندیخان وپارێزگای سلێمانی لە ماوەی(١٩٧٧-٢٠٢٠) | ١٤ |
| ٢ | لەدایکبوون لە قەزای دەربەندیخان وپارێزگای سلێمانی لە ماوەی(٢٠٠٩ -٢٠٢٠) | ١٩ |
| ٣ | مردن لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی(٢٠٠٩ — ٢٠٢٠) | ٢٨ |
| ٤ | زیادبوونی سروشتی لە قەزای دەربەندیخان لە ماوەی(٢٠٠٩-٢٠٢٠) | ٣٢ |
| ٥ | پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی لەقەزای دەربەندیخان لە ماوەی (١٩٧٧_٢٠٢٠) | ٣٦ |
| ٦ | پوختەی کۆچ لە قەزای دەربەندیخان بۆ پارێزگای سلێمانی و بە پێچەوانەوە لە ماوەی (١٩٧٧_٢٠٢٠) | ٣٧ |
| ٧ | چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٠) | ٥٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | ڕێژەی گەشەو گۆڕانی چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ( ١٩٧٧- ٢٠٢٠) | ٥٧ |
| ٩ | ڕێژەی جۆر لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠) | ٩٧ |
| ١٠ | پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠١٩) | ١٠٤ |
| ١١ | ڕێژەی پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠١٩) | ١٠٦ |
| ١٢ | پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەساڵانی(١٩٧٧-٢٠٠٨) | ١٠٨ |
| ١٣ | پێکهاتەی ئایینی لەقەزای دەربەندیخان بۆ ساڵی(٢٠٠٨) | ١١٠ |
| ١٤ | بارودۆخی زانستی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان وپارێزگای سلێمانی بۆساڵی(٢٠٠٨) | ١١٢ |
| ١٥ | بارودۆخی زانستی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٩) | ١١٣ |
| 16 | دابەشبونی هێزی کار بە گوێرەی چالاکیە ئابورییەکان لە قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠) | ١١٩ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بە گوێرەی شار و گوند لە ماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠) | ١٣١ |
| ٢ | ژمارەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەماوەی(٢٠٠٢-٢٠٢٠) | ١٣٢ |
| ٣ | لەدایکبوون و مردن لە پارێزگای سلێمانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) | ١٣٣ |
| ٤ | ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندنشینی بە گوێرەی یەکە کارگێڕیەکان لە قەزای دەربەندیخان | ١٣٤ |
| ٥ | بڕیاری ژمارە(٢٨٠)ی تایبەت بە کردنەوەی ناحیەی بەمۆ لە ١٩٩٩/١١/٤ | ١٣٤ |
| ٦ | چڕی گشتی دانیشتوان لە کەرتەکانی قەزای دەربەندیخان و یەکە کارگێڕیەکانی لە ساڵی (٢٠٢٠)دا | ١٣٥-١٣٦ |
| ٧ | نمونەیەک لە فۆڕمی ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ دانیشتوانی گوندەکانی قەزای دەربەندیخان | ١٣٧ |

## پێشەکی

توێژینەوەی دانیشتوان خاڵی دەستپێکی تەواوی ڕەگەزە شوێنییەکانی جوگرافیایە، بەوپێیەی دانیشتوان تەوەری بنچینەیی توێژینەوەکانی جوگرافیای مرۆییە، کە ئاماژە دەدات بە تەرزەکانی دابەشبوون و قۆناغەکانی گەشە و چڕی و کۆچ و گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی دانیشتوان. زۆرێک لە جوگرافی ناسەکان دانیشتوان بە بنچینەی زانستی جوگرافی دەزانن و جوگرافیایش کاریگەرییەکی مەزنی هەیە لەسەر دانیشتوان،بەوپێیەی ئەوە فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانە، کاردەکەنەسەر دابەشبوون و چڕی و تەواوی ڕەگەزەکانی دیکەی توێژینەوەی دانیشتوان .

ناوچەی توێژینەوەکەمان، خاوەنی چەندین تایبەتمەندی سروشتی ومرۆیی تایبەت بەخۆیەتی، دانیشتوانی قەزاکە لەژێرکاریگەری ئەم بنەمایانەدا گەشەیانکردووە و پەرت و کۆبوون و چڕییان زیادیکردووە و شار و یەکەی گوندییان دامەزراندووە .

بابەتی توێژینەوەکەمان کە گرنگی دەدات بە گۆڕانی تەواوی تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧- ٢٠٢٠)دا کە بابەتێکی زیندوی ڕۆژگارە و دیارخەری تەواوی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەو ماوەیەدا بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا هاتووە. لەڕێی توێژینەوەکەمانەوە دەتوانرێت کێشەکان دەستنیشان بکرێت و چارەسەری دروستیان بۆ بخرێتەڕوو.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی هۆکارێک یان زیاتر پاڵنەرن بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتە و هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانێک یاخود بابەتێکی لەم شێوەیەی تایبەت بە دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ تا ئێستا توێژینەوەی زانستی زۆر ورد دەربارەی دانیشتوانی قەزاکە ئەنجامنەدراوە، سەرەڕای ئەوەی گۆڕانێکی زۆر لە گەشە و چڕی و دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکە ڕوویداوە.

٢ـ توێژینەوە لەسەر بابەتی دانیشتوان ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر بابەتەکانی تری جوگرافیای مرۆیی ناوچەی توێژینەوەکە.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کەلایەنێکی گرنگ و پڕبایەخی جوگرافیای دانیشتوان تاوتوێدەکات،جگە لە دەرخستنی جیاوازی لە گەشە و ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین بە گوێرەی سەرژمێرییەکان، هەروەها شێوازی دابەشبوون و چڕی و پێکهاتەی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێرییەکان دەردەخات لە ماوەی نێوان (١٩٧٧ــ٢٠٢٠) لەگەڵ دیاریکردنی و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو بۆیان.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی دانیشتوانی قەزاکە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ دەرخستنی هەموو ئەوگۆڕانکاریانەی بەسەر دانیشتوانی قەزاکەدا هاتوو.پیشاندانی گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی دانیشتوان و تەرزەکانی دابەشبوونی دانیشتوان و چەندێتی سوود بینینە لە دەرامەتەکانی ناوچەکە و دیارخستنی باری

ئـابوری دانیشـتوانی نـاوچەکەیە. سـەرباری ڕاڤەکردنـی جوگرافیـای دانیشـتوانی گونـدەکان و شـاری دەربەندیخان، لەگەڵ دەرخستنی هۆکارەکانی پشت گەشـەی دانیشـتوانی سنوری تـوێژینەوەکە، سـەرباری دیاریکردنی ئاراستەی گەشـەی ژمـارەیی و ئـابووریی و ڕۆشـنبیریی و دابەشـبوونی دانیشـتوانی داهـاتووی ناوچەکە.

### کێشەی توێژینەوەکە:

دەستنیشـانکردنی کێشـەی تـوێژینەوە لەگرنگتـرین هەنگاوەکـانی تـوێژینەوەی زانسـتییە، ئاراسـتەی توێژینەوەیش پەیوەستە بە سروشتی کێشەکەوە کە ئامانج لێی دۆزیـنەوەی چارەسـەرە لەڕێـی شـیکردنەوەی کێشەکە و دەرئەنجامەکانەوە. کێشەی توێژینەوەکەی ئێمەیش بریتییە لە:

١-ئایا قەزای دەربەندیخان کە لەماوەیەکی کەمدا گۆڕانێکی هەسـتپێکراوی دانیشـتوانیی تێیـدا لە گەشـە و چڕی یاخود پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕەگەزی ڕویداوە؟

٢- ئایا هۆکارە سروشتی و مرۆیەکان کاریگەری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەبووە؟

٣ـ ئایا هۆکاری سیاسی کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانی پێکهاتەی دانیشتوان؟

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە:

١- لەماوەی توێژینەوەکە گۆڕانکاری گەورە لە دانیشتوان و سنوری ناوچەی توێژینەوەکەماندا ڕوویداوە.

٢-فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان کاریگەرییەکی مەزنیان هەیە لەسەر دابەشـبوونی دانیشـتوانی نـاوچەی توێژینەوەکە.

٣-فاکتەری سیاسی کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی دانیشتوان.

### گرفتەکانی بەردەم توێژەر:

دیارترین گرفتەکانی بەردەم توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بریتی بووە لە:

١-کەمی داتای تایبەت بە پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی توێژەری ناچـارکردووە پشـت ببەسـتێت بە ئامـاری هەڵسەنگاندنی خۆراکی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٨) .

٢-بوونی جیاوازی داتـای تـایبەت بەڕووبەری نـاوچەکە، کە هۆکـاربووە بـۆئەوەی کە تـوێژەر چەنـدینجار داتاکانی بگۆڕێت، ئەمەش بەوپێیەی ئەو ڕووبەرەی لەئاماری سلێمانی دەسـتمان کەوتـووە جیـاوازبووە لەو ڕووبەرەی لەکشتوکاڵ و دواتریش لەلایەن توێژەرەوە بە( GIS ) دەرهێنراوە .

٣-نەبوونی داتای تایبەت و ورد دەربارەی تایبەتمەندی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوەکە، کە دیسانەوە مایەی هەڵوێستەلەسەرکردن بووە.

٤-لەهەردوو سەرژمێری ساڵانی(١٩٧٧ـ١٩٨٧)دا زانیاری دەربارەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لەسەر ئاسـتی قەزاو ناحیەکانی نـاوچەی تـوێژینەوەکە دیـارینەکراوە، بەڵکـو تەنهـا لەسـەر ئاسـتی پارێزگـا تۆمـارکراوە، پاشانیش لە هەردوو ئاماری ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠٠٩)دا زانیاری دەربارەی پێکهـاتەی تەمەنـی دانیشـتوان تۆمـار نەکراوە، ئەمەش وایکردووە توێژەر نەتوانێت بەئاسانی سود لە داتای سەرژمێریە فەرمیەکان وەربگرێت.

٥-بەهۆی نەبوونی گیانی هاوکاری زانستی لەلایەن هەندێک لە بەڕێوبەرانی فەرمانگە و فەرمانبەری پەیوەندیدار - بەتایبەت لەدەرەوەی سنوری قەزاکە- بەو داتایانەی کە توێژەر پێویستی بووە، ئەمەش توێژەری ناچارکردووە چەندین جار سەردانی هەمان فەرمانگە بکاتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی لەدەستدانی کاتێکی زۆری توێژەر.

**میتۆدی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی مێتۆدێکی تایبەت بەخۆی هەیە، وە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی(وەسفی وشیکاری و هەرێمی ) بەم شێوەیەی خوارەوە بەکار هاتووە:

١- وەسفی: لەڕێگەی بەکارهێنانی کتێب و سەرچاوەی مەکتەبی و توێژینەوەی زانستی و وەسفکردنی دیاردەکانی توێژینەوەکە بەوردی و ئاماژە بۆکردنیان لەڕێی چەندێتی و چۆنێتیەوە.

٢ـ شیکاریی: دابەشکردنی کێشەی توێژینەوەکە بۆ کێشەی زۆر ورد و ئەنجامدانی ڕاڤەی دروست، شیکارکردنی داتا و خشتە و نەخشەکان و ڕوونکردنەوەی ناڕوونیی داتا و زانیارییەکان و ڕۆچوونە کرۆکی بابەتەکە، سەرباری گەیشتنە هۆکاری دروستبوونی کێشەکە و پێشنیارکردنی چارەسەری گونجاو.

٣ـ هەرێمی : ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە بەپێی گۆڕانی قۆناغەکانی ماوەی توێژینەوەکە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی گەیشتنە ئەنجام و وەڵامدانەوەی گریمانەکان توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ چوار بەش، ئەوانیش:

**بەشی یەکەم:** قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان، لەم بەشەدا و لەچوارچێوەی سێ باسدا باسی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە دەکەین لەماوەی توێژینەوەکەدا(١٩٧٧-٢٠٢٠)، و لە باسی یەکەمدا قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان دەخەینەڕوو، لەباسی دوومیشدا زیادبوونی سروشتی دانیشتوانی ناوچەکە ڕاڤە دەکەین، هەرچی باسی سێیەمیشە تایبەتە بە باسکردن لە کۆچ و هۆکار و کاریگەرییەکانی لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

**بەشی دووەم:** دابەشبوونی دانیشتوان لەخۆدەگرێت، **و** لەم بەشەدا و لەچوارچێوەی دوو باسدا دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە ڕاڤەدەکەین، بەجۆرێک لەباسی یەکەمیدا پێوەرەکانی دابەشبوون و لە باسی دووەمیشد: شیوازەکانی دابەشبوون شیکاردەکەین.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەدا ئەو هۆکارانەی کاردەکاتەسەر دابەشبوونی دانیشتوان دەخەینەڕوو. لەم بەشەدا هەڵدەستین بە ڕاڤەی ئەو هۆکارانەی کاریگارییان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، بەجۆرێک لە باسی یەکەمیدا هۆکارە سروشتیەکان و لەباسی دووەمیدا هۆکارە مرۆییەکانی پشت ئەم دابەشبوونە ڕاڤەدەکەین.

**بەشی چوارەم:** لەم بەشەدا پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە لەچوارچێوەی سێ باسدا دەخەینەبەرباس، بەجۆرێک لەباسی یەکەمیدا تایبەتمەندییە بایۆلۆجیەکان ( جۆر و تەمەن) و لە باسی دووەمیشدا تایبەتمەندیە شارستانیەکان(پێکهاتەی ڕۆشنبیری و ئابوری) و لەباسی سێیەمیشدا پێکهاتەی ئابوری ناوچەی توێژینەوە دەخەینە بەرباس.

## توێژینەوەکانی پێشتر:

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر دانیشتوانی شار لەهەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەک لەپەرەسەندندایە، ئەمەش وایکردووە دەستکەوتنی توێژینەوەی هاوتەریب تاڕادەیەک ئاسانبێت . لێرەدا کۆمەڵێک توێژینەوە دەخەینە ژێر نەشتەری ڕاڤەکردنەوە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بینراون، ئەوانیش:

١-توێژینەوەی (( چراخان نصرالدین صالح )) بەناونیشانی (( دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، توێژینەوەیەک لەجوگرافیای دانیشتوان )) ، لەزانکۆی (( سلێمانی ))، بۆساڵی(( ٢٠١٥ )).

کە ئامانجی توێژینەوەکەی دیارخستنی گۆڕانی دانیشتوانە چی لەڕووی ژینگەی دانیشتوانەوەبێت یان لەڕووی گەشە و ڕێژەی ساڵانەی شارنشین و گوندنشین و شێوازی دابەشبونیان لەسەر ئاستی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بێت.

هەرچی تایبەتیشە بە میتۆدی توێژینەوەکەی ئەوا میتۆدەکانی (بەراوردکاری،شیکاریی، مێژوویی و وەسفی)یشی بەکارهێناوە.

لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتەوە ئەوەی(( ناوچەی توێژینەوەکە بەر لە هەردوو شالاوی ئەنفال و ڕاگواستن ببێتەوە و لەڕووی چڕییە کەمترە لەچاو پارێزگای سلێمانی و شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانەکەی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، سەرباری گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی تەمەن )) .

2-توێژینەوەی توێژەر(( شاسوار محمد )) بەناونیشانی (( شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دووکان ))، لەزانکۆی ((سەلاحەدین))، بۆساڵی(( ٢٠١٣ )).

ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە دیاریکردنی گۆڕانکارییە دیمۆگرافیەکانی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە .

میتۆدی توێژینەوەکەیشی بریتی بووە لە میتۆدی (شیکاری،بەراوردکاری) و لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتەوە ئەوەی کە: لەماوەی توێژینەوەدا دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای دووکان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە و هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر جیاوازی چڕی و شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان .

3- توێژینەوەی توێژەر (( کامەران محمد توفیق )) بەناونیشانی (( شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری دەربەندیخان ))، لەزانکۆی (( سلێمانی))، بۆساڵی(( ٢٠١٥ ))، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە لێکۆڵینەوە لەفراوانبوونی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە و وردەکارییەکانی پەیوەست پێوەی لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٣) .

سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەیشی ئەوا توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری و وەسفی.

دوای شیکردنەوەی بابەتەکانی توێژینەوەکە ئەوا توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتین لەوەی کە لەماوەی توێژینەوەکەدا دانیشتوانی شارەکە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، کە ئەمەیش فاکتەری سەرەکی گەشە و فراوانبوونی ڕووبەری شارەکەبووە.

## ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

قەزای دەربەندیخان*[1] یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگـای سـلێمانی، لەڕووی شـوێنی جـوگرافیەوە دەکەوێـتە باشــوری ڕۆژهەڵاتــی پارێزگــای ســلێمانی و بەشــی بــاکوری خــۆرهەڵاتی دەوڵەتــی عێــراقەوە. قەزای دەربەندیخان لە باشوریەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کەلار، لەبەشی باکوری ڕۆژئاوایشیەوە قەزای قەرەداغ و لە بەشــی باکوریشــی قەزای ناوەنــدی ســلێمانی و قەزای شــارەزوور هاوســنوریەتی، لەبەشــی بــاکوری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا، لەلایەکی ترەوە ڕوباری سـیروان لەڕۆژهەڵاتەوە جیـای دەکاتەوە لە گوندەکانی سەربە قەزای خانەقین. واتا ناوچەی توێژینەوەکە پارێزگـای سـلێمانی و ئیـدارەی گەرمیان پێکەوە دەبەستێتەوە، بەجۆرێـک( ٦٥کـم) دوورە لەقەزای ناوەنـدی سـلێمانی و شـاری کەلاریـش بەدووری ( ٦٣کم). قەزای دەربەندیخان ناوچەیەکی نێوانی و پـێکگەیەنەری هەردوو نـاوچەی شـاخاوی و نیمچە شاخاوی و یەکەی کارگێری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانە ،بڕوانە نەخشەی(١).

## شوێنی ئەسترۆنۆمی:

لەڕووی شــــوێنی ئەســــترۆنۆمیەوە قەزای دەربەنــــدیخان کەوتــــۆتە نێــــوان هەردوو بــــازنەی (١١ً,٥٥َ,٣٤ْ – ٢٦ً,١٤َ,٣٥ْ)ی بــاکور و هێڵــی درێــژی ( ٤٥ً,٢٩َ,٤٥ْ – ٥٤ً,٥٥َ,٤٥ْ )ی ڕۆژهەڵات، بــڕوانە نەخشەی(٢).وە شـوێنی ئەسـترۆنۆمی هۆکـارێکی گرنگـی دەستنیشـانکردنی جـۆری ئـاووهەوای نـاوچەی توێژینەوەکەمـانە، بەو پێـیەی کاردەکـاتە سـەر تەواوی چـالاکیە مرۆییەکـانی وەکو(چـالاکی کشـتوکاڵی و پیشەسازیی)و دەرامەتی سروشـتی نـاوچەکەش، کە ئەمەش کـاریگەری دەبێـت لەسـەر کـۆکردنەوە یـاخود پەرتکردنی دانیشتوانی ناوچەکە، بڕوانە نەخشەی (٢) .

---

* سەبارەت بەناوی دەربەندیخان ووشەی(دەروەن ـ دەربەنـد) تەنهـا مانـایەکی هەیە و بەو تەنـگەبەرە دەگوترێـت کە لەنێـوان هەردوو شاخی(قاشتی و زمناکۆ)دا دروست بـووە کە ڕووبـاری سـیروانی پێـدا گـوزەر دەکـات وخەڵکـی لێـرە زیـاتر گەرمیـان و کوێستانیان کردوە و ڕێڕەوی دەربەندەکە لە کۆندا پێوتراوە(کەرەڕێ). وشەی (خان) بەناوی ئەو جێگایەوە بـووە کە لە لایەن(خـان محمدی خان)ی عوسمانی لەسەر ڕۆخی چەمی سیروان دروستکراوە و بۆ دوو مەبەست سود لەم(خان)ە وەرگیراوە:


یەکەم: جێگا و بنکەیەک بووە بۆ وەرگرتنی باج و سەرانە لەو کاروانە بازرگانیەکان کە بەم ناوچەیەدا گوزەرییان کردووە.

دووەم:وەکو شوێنێکی بازرگانی بۆ ڕێبواران کە بۆ نـان خـواردن و پشـودانی خەڵکـی کەڵکیـان لـێ بینیـوە و لەلایەن کەسـێکەوە بەناوی(خـان ئەحـمەد)ەوە ئیشـی تێـداکراوە، هەربـۆیە وشـەی (خـان)یش خـراوەتە تەنیشـت وشـەی(دەربەند) و پـێکەوە پێیـان ووتراوە(دەربەندیخان) بڕوانە: کۆچەر کەریم حەمە عەلی،دەربەندیخان لە مێژوودا،چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم،ساڵی٢٠١٢.ل٢٣ـ٢٤.

ســەبارەت بە وشــەی (دەربەند)یش،لەســەرچاوە عەرەبیەکانــدا ئەم وشــە بەرامبەر(البــاب او الأبواب)هــاتووە،کە بە واتــای (گەروو)دێت.وە لە کۆنیشدا دەربەندیخان ناوی (دەربەنـد قرابلـی) بـووە.بڕوانە: (١)جمـال بابان،اصـول اسـماء المـدن وامواقـع العراقية،الطبعة الثانية،بدون مكان الطبعة،بغداد،سنة١٩٨٦،ص١١٥.

## نەخشەی(١)

## شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی وهەرێمی کوردستان و عێراق





سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGis،نەخشەی پارێزگای سلێمانی،٢٠٢٠.

**نەخشەی(٢)**

**شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئامارى سلێمانی،سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGis،نەخشەی بنچینەی قەزای دەربەندیخان،٢٠٢٠،سەرچاوەی پێشوو.

لەڕووی لایەنی کارگێڕیەوە قەزای دەربەندیخان* پێکهاتووە لە(٢)یەکەی کارگیری کە بریتین لە:(سەنتەر و باوەخۆشێن**[١])، وە بەگشتی لەمکاتەدا (٤٨)یەکەی گوندیی هەیە و لەماوەی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا چەندین گۆڕانکاری بەسەر دانیشتوان و ڕووبەری قەزاکەدا هاتووە، لەڕووی زیاد و کەمکردنی کەرتەکان و دروستکردنی یەکەی کارگێڕی نوێ لەسنوری ناوچەکەی توێژینەوەکەدا. بڕوانە خشتەی(١).

**خشتەی(١)**

**ڕووبەری قەزای دەربەندیخان و یەکە کارگێڕییەکانی لەماوەی(١٩٧٧_٢٠٢٠)**

| یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر/کم٢ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٧٧[١] | ١٩٨٧[٢] | ٢٠٠٢[٣] | ٢٠٠٩[٤] | ٢٠٢٠[٥] |
| سەنتەر | ٥٥٤ | ٥٣٢ | ٥٢١ | ٤٨٢ | ٤٤٩ |
| زەڕایەن* | - | ٣٧٢ | - | - | - |
| باوەخۆشێن | - | - | - | ٨٥ | ٨٥ |
| کۆی قەزا | ٥٥٤ | ٩٠٤ | ٥٢١ | ٥٦٧ | ٥٣٤ |
| کۆی پارێزگا | ١٦٤٨٢ | ١٥٧٥٦ | ١٠٨٨٦.٤ | ١١٤٥٣.٩ | ١١٧٨٤.٥ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشتبەست ن بە:

(١) وزاره التخطيط،الجهاز المركزى للاحصاء،المجموعة الاحصائية السنوية،١٩٧٦،مطبعطة الجهاز المركزى للاحصاء،وزارة التخطيط،بغداد،١٩٧٧،ص٣٦.

(٢)ا /عەبدوڵا غەفور،کوردستان،دابەشبوونی کارگێڕی تریتۆری ١٩٢٧ــ١٩٩٧چاپی دووەم،چاپخانەی دێکان،سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٣،ل١٧٨.

ب /وزاره التخطيط،الجهاز المركزى للاحصاء،المجموعة الاحصائية السنوية،١٩٨٦،مطبعطة الجهاز المركزى للاحصاء،وزارة التخطيط،بغداد،١٩٨٧،ص٣١.

(٣)مديرية احصاء السليمانية،المؤشرات السكانية والبنى الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق ،محافظة السليمانيه،مطبوعة باكومبيوتر،لسنة٢٠٠٢.(بدون رقم الصفحات)،(غيرمنشورة)

(٤)بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،ئەنجامە سەرەتایەکانی پرۆسەی ژمارەی لێدان و گەمارۆسازی،سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکان،پارێزگای سلێمانی،ساڵی٢٠٠٩، ل١٥٥.

(٥)ڕووبەری قەزاکە دەرهێنراوە لە لایەن توێژەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Gis)پشتبەست بە نەخشەی بنچینەی قەزای دەربەندیخان،ساڵی ٢٠٢٠.

---

* دەربەندیخان لە بەرواری(١٩٧١/١٢/١١) بەگوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە(٤١٩)کراوە بەقەزا لە سنوری پارێزگای سلێمانی وهەر لە مەرسومەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە سەنتەری قەزاکە(شوێنی بەنداوی دەربەندیخانە)، واتە شارۆچکەی دەربەندیخان دەبێت. بڕوانە:عبدالله غفور،الشكيلات الأدارية في جنوبى كردستان(١٩٢١ــ٢٠٠٧)الطبعة الثانية،مطبعة خاني،دهوک،سنة،٢٠٠٨،ص٧٣.

**وە سەبارەت بە ناوی باوەخۆشێن دوو ڕای جیاواز هەیە، یەکەمیان:شەخسێک هەبوە کە بە پیرباوەخۆشێن* بەناوبانگە، واتا کەسایەتییەکی یارسانی/کاکەییە، سەرباری بوونی مەزاری (پیرکامڵ) لە ناوچەی باوەخۆشێن و داری پیر باوەخۆشێن لە چەمی دێوانە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە کۆندا ئاینی یارسانی هەبووە لە ناوچەکەدا و ناوی شوێنەکە هەڵگرتەی نازناوی باوە یارسانەکانە . دووەمیان: دەگێرنەوەکە لەکۆندا بەحوکمی ئەوەی ڕێگای کۆچەری بووە، کوڕ و باوکێک لێرە ئیسراحەت و پشویان وەرگرتوە، کورەکە بەباوکی گوتووە : باوە هەوارگەیەکی خۆشە، مەبەستی لە شوێنەکەبووە کە شوێنێکی خۆشە ئێرە کە زۆرێک سورن لەسەر ئەوەی ناوەکەی لەووەوەهاتبێت . چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(جەبار عەلی کەریم)کەسایەتی ناحیەی باوەخۆشێن ،لەبەرواری (٢٠٢١/٤/١٤).

به تێڕوانین لە خشتەی(١) بۆمان دەردەکەوێت کە لەساڵی (١٩٧٧) دا ڕووبەری قەزاکە(٥٥٤کم٢)بووە کە (٣,٣٦%)ی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، هەروەها لە یەک یەکەی کارگێڕی پێکاتووە(سەنتەر)، بڕوانە نەخشەی(٣). بەڵام لەساڵی (١٩٨٧) دا ڕووبەری قەزاکە گۆڕانکاری دیاری بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک ڕووبەرەکەی زیادیکردووە بۆ (٩٠٤کم٢)کە دەکاتە (٥,٧%)ڕووبەری پارێزگای سلێمانی ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ناحیەی زەڕایەن* تازە دروستکراوی خراوەتەسەر، کە ڕووبەرەکەی (٣٧٢کم٢)بووە، بەجۆرێک لەو ماوەیەدا ڕووبەری سەنتەری قەزا (٥٣٢کم٢)بووە، واتا ڕووبەری سەنتەری قەزا (٢٢کم٢) بەبەراود بەساڵی (١٩٧٧) کەمیکردووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەکەرتەکان و لادێکان خراونەتەسەر ناحیەی زەڕایەن* لەکاتێکدا زەرایەنیش لەوکاتەدا خراوەتەسەر قەزای دەربەندیخان، ئەمەش هۆکاربووە بۆکەمبوونەوەی ڕووبەری سەنتەری قەزا، هەروەها بەپێی ڕووپێوی کارگێڕی ساڵی (٢٠٠٢)ڕووبەری قەزاکە کەمدەبێتەوە بۆ (٥٢١کم٢) واتا ڕووبەرەکەی دەگاتە (٤,٧٨%)ڕووبەری پارێزگای سلێمانی ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ناحیەی زەڕایەن** خراوەتەسەر قەزای هەڵەبجەی تازە*** و گوندی گلێجاڵ کراوەتە ناوەندی ناحیەی بەمۆ**** و خراوتەسەر قەزای خانەقین کە ئەوکات لەلایەن ئیدارەی پارێزگای کەرکوک و دواتریش لەلایەن ئیدارەی گەرمیانەوە بەڕێوەبراوە.

---

*ناحیەی زەڕایەن لە بەرواری(١٩٧٩/١/٢٦)بە گوێرەی مەرسومی کۆماری ژمارە(٥٥٨)خراوەتەسەر قەزای دەربەندیخان کە ناحیەکە پێکهاتووە لە کەرتەکانی(١٦)قەرەگۆل،(٤١)دسکەرە،(٤٦)خەرجانە،(٤٩)جۆلانە،(٥٠)کانی هەمزە،(٥١)ئەحمەد ئاوا،(٥٢)سێتەڵان،(٥٣)کۆرە،(٥٤)کانی هەنجیر،(٥٥)کانی توو،(٥٦)ئاوەکەڵە،بڕوانە:عبداللة غفور،التشكيلات الأدارية في جنوب كردستان،مصدر صابق،ص١١٤.

** بەگوێرەی بڕیاری ژمارە(٢٧٣٦٨) لەبەرواری (١٩٧٩/١/١) بەوەی کۆمەڵێک کەرت کە ناو ژمارەیان دەخەینەڕوو کە سەربە ناحیەی دەربەندیخان بوون دوای گۆڕینی ناوی ناحیەی دەربەندیخان بۆ ناحیەی زەڕایەن هەر لەسەر ناحیەی زەڕایەن دەمێننەوە کە ئەوکەرتانەیش بریتی بوون لە : کەرتی (١) مەحمود خانی ، (٢)ی مالوان، (٣) حاسل و تەبەکەل، (٤)ی زەڕایەن ، (٥) ی یەخشی و (٦) ی جبق، (٧)ی ئالأن، (٨)ی ساردکە (٩)ی قەلبەزە، (١٠)ی بیسلمین و کانی بەردینە و گولان، (١٥)ی دەق، (١٧)ی قلیجە، (١٨)ی میرەدێ، (١٩)ی کولەبی، (٢٠)ی احمد برنە، (٢٢)ی زەلەرەش، (٢٣)ی بیدن، (٢٥)ی بیاوی، (٣٤)ی عازەبان، (٣٦)ی وازول. بڕوانە:عبدالله غفور،الشكيلات الأدارية في جنوبي كردستان(١٩٢١ـ٢٠٠٧)، المصدر السابق، ص١٦١-١٦٢.


*** بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە( ٣١١) لەبەرواری ١٩٨٩\٦\٢٨ بریاردرا بەگۆڕینی ناوی قەزای الأخوە لەپاریزگای سلیمانی بۆ قەزای صدامیە حلبجە و گواستنەوەی ناوەندەکەی بۆهەمان شار واتا بۆ هەلەبجەی تازە، دواتریش گۆڕینی ناوی ناحیەی تانجەرۆ بۆ ناوی ناحیەی الأخوە و گواستنەوەی ناوەندەکەی بۆ شاری الأخوە الجدیدە و گۆڕینی ناوی ناحیەی زەڕایەن بۆ ناوی ناحیەی شارەزوور و دابڕینی لەقەزای دەربەندیخان، و بخریتەوەسەر قەزای صدامیة حلبجة(هەلەبجەی تازە). عبداللة غفور،الشكيلات الأدارية في جنوب كردستان(١٩٢١ـ٢٠٠٧)، المصدر السابق ، ص١٢٨.

****ناحیەی بەمۆ: بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٨٠) لەبەرواری (١٩٩٩\١١\٤) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران(ئیدارەی سلێمانی) بڕیاردراوە بە کردنەوەی ناحیەی بەمۆ کە سەنتەری ناحیەکە دەکەویتە گوندی گلێجاڵەوە لەسەر میلاکی قەزای خانەقین. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە( ٥ ) .

* ناحیەی زەڕایەن بەپێی بڕیاری ژمارە(٢٧٣٦٨)ی ساڵی (١٩٧٩) بڕیاردراوە بەگۆڕینی ناوی ناحیەی دەربەندیخان کە شوێنەکەی ناوەندی ناحیەی زەڕایەنی دواتر دروستکراوبووە، واتا گۆڕینی ناوی ناحیەی دەربەندیخان بۆ ناحیە زەڕایەن و گواستنەوەی یەکە کارگیڕییەکانی سەربەم ناحییە بۆسەر قەزای دەربەندیخانی تازەدروستکراو کە بنکەکەی لەبەنداوی دەربەندیخان بووە. بڕوانە:عبداللة غفور،الشكيلات الأدارية في جنوبي كردستان(١٩٢١ـ٢٠٠٧)، المصدر السابق ، ص١٦١.

**نەخشەی(٣)**

**قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی لە ساڵی(١٩٧٧)دا**





سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشتبەست بە: وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء،نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٧٧،المصدر السابق،ص٣٦.

ئەوەی جێگای تێبینیکردنە ئەوەیە کە لەساڵی (٢٠٠٩) دا ڕووبەری قەزای دەربەندیخان زیاد دەکات بەبێ ڕوودانی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی کارگێری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی ڕووپێوی پێشتر، کە بەلای توێژەرەوە دروستترین ڕووپێوکاریی بۆ ڕووبەری قەزاکە هەمان ڕووپێوکاری ساڵی (٢٠٠٩)یە، کە تێیدا ڕووبەرەکەی بریتی بووە لە (٥٦٧کم٢)، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا ڕووبەری قەزاکە کەمیکردووە بۆ (٥٣٤کم٢) ئەمەش بەهۆی لابردنی هەردوو کەرتی ( دڕکەی سەروو، دڕکەی خواروو) لەسەر قەزای دەربەندیخان کە خراونەتە سەرناحیەی باوەنوری قەزای کەلار[1].وە لەساڵی (٢٠٢٠) دا ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بریتی بووە لەهەردوو یەکەی کارگێڕی (سەنتەری قەزا و ناحیەی باوەخۆشێن)، بڕوانە نەخشەی(٤). کە پێکەوە یەک بەدوای یەک ڕووبەرەکانیان بریتی بووە لە (٤٤٩ کم٢) و (٨٥کم٢)کە بەرێژەی یەک لەدوای یەک دەکاتە(٣.٨%) (٠,٧%)ی پارێزگای سلێمانی.

**نەخشەی(٤)**

**پێگەی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی یەکەکارگێڕییەکانی لە ساڵی(٢٠٢٠)دا**




سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازیGis، ساڵی٢٠٢٠.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەمجەد ئەسعەد،بەڕیوەبەری کشتوکاڵی دەربەندیخان، ٢٠٢١/٣/٢.

# بەشی یەکەم
# گەشەی دانیشتوان

## باسی یەکەم
## قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان

## باسی دووەم
## زیادبوونی سروشتی

## باسی سێیەم
## کۆچکردن

# بەشی یەکەم
# گەشەی دانیشتوان

گەشەی دانیشــتوان سروشــتیە(لەدایکبوون و مــردن) یــاخود ناسروشــتیە(کۆچ). مەبەســتیش لە گەشــەی دانیشتوان توێژینەوەی قەبارەی دانیشتوانە لە نێوان دوو سەرژمێری جیـاوازدا و ڕوودانـی گۆڕانکـارییە لە پێکهاتە و قەبارەی دانیشتواندا. جا بە زیادبوون بێت یاخود کەمکردن. گەشەی دانیشـتوان بە یەکێک لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت کە پێویستە لە هەر تـوێژینەوەیەکی دانیشـتوانیدا لە بەرچـاو بگیرێـت، چـونکە کۆمەڵگەی دانیشتوان تایبەندمەندییەکی داینامیکی هەیە بەهۆی ئەو جموجـوڵە بەردەوامـانەی لە ئەنجـامی زیادبوون یان کەمبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە ڕوودەدات، لە ڕاستیدا هیچ کـۆمەڵگەیەکی دانیشـتوان نـیە لە بارێکی جێگیردابێت، ئەو کۆمەڵگایانەش کەوا دەردەکەوێت لەبارێکی نەگۆڕدابن، شوێنەوارێکی زیادبوون یان کەمبوونی پێوە دیارنەبێت،لە ڕاستیدا بوونی ئەم چەشنە گۆڕانکاریانە دەشارێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت تەنها ئەندامەکانیەتی، کە دووچاری مردن دەبــنەوە، ئەمەش واتــای ئەوە دەبەخشــێت کە ئەنــدامەکانی کــۆمەڵگە لە گۆڕانکــاری بەردەوامــدان.[1]. لەبەرئەوەی داتاکـانی لەدایکبـوون و مـردن لەهەرێمـی کوردسـتاندا کەموکـورتی زۆری تێـدایە هەربـۆیە وێنەیەکـی ڕاسـتەقینەمان نـاداتێ دەربـارەی گەشــەی دانیشـتوان و بەم هـۆیەیش دەتوانرێـت بەشـێوەیەکی نزیککراوەیی گەشەی دانیشتوان بزاندرێت [2].

بەشێوەیەکی گشتی لەم بەشەدا هەڵدەستین بەڕاڤەکردنی گەشەی دانیشتوان و قۆناغەکـانی و زیـادبوونی سروشتی دانیشتوان، دواتریش باس لە (کـۆچ)دەکەین، ئەمەش بەوپێـیەی هەمـوو ئەو ڕەگەزانەی گەشـەی دانیشتوان هەریەکەیان تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە و ئەم تایبەتمەنـدیانەش ڕەنگـدانەوەی جیـاوازی هەبـووە لەسەر گەشەی دانیشتوان. ئەم بەشەمان دابەشی سێ باسکردووە کە لەباسی یەکەمدا قۆناغەکـانی گەشـەی دانیشتوان ڕاڤەدەکەین و باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیەیش تەرخانە بۆ باسـکردن لە زیـادبوونی سروشـتی دانیشتوانی قەزاکە و لەباسی سێیەمیشدا کۆچ و ڕۆڵی لەگەشەکردنی دانیشتوانی قەزاکەدا دەخەینە بەرباس .

## باسی یەکەم/ قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان

بەشێوەیەکی گشتی گەشەی دانیشتوانی سنوری قەزاکە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیـوە کە بەپێـی سـاڵەکان دەتوانین بەم جۆرە شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆبکەین:

### قۆناغی یەکەم/ ساڵانی (١٩٧٧ـ١٩٨٧):

بە سەرنجدان لە خشتەی (٢)دەردەکەوێت کە ژمـارەی دانیشـتوان قەزاکە زیـادیکردووە لە نێـوان سـاڵی (١٩٧٧-١٩٨٧) بە جۆرێک ژمارەی دانیشتوان لەساڵی( ١٩٧٧)دا بریتی بـووە لە( ٢٣٨١٩)کەس بەڵام لەسـاڵی (١٩٨٧)دا بەرزبوەتەوە بۆ (٦٠٧٠٧)کەس، وە بە سەیرکردنی خشـتەی (٣) دەبینـین ڕێـژەی گەشـە لە (١٩٧٧-

---

[1] عبد علي حسن الخفاف وعبد مخور الريحاني،جغرافية السكان،مطبعة جامعة البصرة،بصرة،١٩٨٦،ص١٤٣.

[2] جزا توفيق طالب: المقومات الجيوبوليتيكية للامن القومي في اقليم كردستان العراق، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية ، ٢٠٠٥، ص١٨٩

١٩٨٧)،بريتی بووه له (٩.٨%)، وه لەم ماوەیەدا ژمارەی دانیشتوان زیادیکردووه ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ناحیەی زەڕایەن لە ساڵی(١٩٨٧) خراوەتە سەر قەزای دەربەندیخان، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لەساڵی(١٩٧٧)دا بريتی بووه له (٦٩٠٥٥٧)کەس کە ژمارەکە لەساڵی (١٩٨٧)دا بەرزبووەتەوە بۆ (٩٥١٧٢٣)کەس. دەبينين ڕێژەی گەشەی پارێزگا(٣.٢%) بووه ئەم ڕێژەيەش بەراورد بە ڕێژەی گەشەی قەزاکە کەمترە، ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکە لەکۆی پارێزگا لە ساڵی(١٩٧٧)بريتی بووه له (٣.٤%) بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٨٧) بووه بە (٦.٣%).

**خشتەی ژمارە(٢)**

**ژمارەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | | ڕێژەی دانیشتوانی قەزا لەکۆی پارێزگا% |
|---|---|---|---|
| | قەزا | پارێزگا | |
| ١٩٧٧ | ٢٣٨١٩ | ٦٩٠٥٥٧ | ٣,٤ |
| ١٩٨٧ | ٦٠٧٠٧ | ٩٥١٧٢٣ | ٦,٣ |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٢٦١ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٢,٤ |
| ٢٠٠٩ | ٤١٧٥٩ | ١٧٩٧٥٠٨ | ٢,٣ |
| ٢٠٢٠ | ٥٦٥٥٠ | ٢٣٦٢٣٤٥ | ٢.٤ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست به پاشکۆی(١)

## قۆناغی دووەم/ ساڵانی (١٩٨٧_٢٠٠٢):

بەسەیرکردنی خشتەی (٢) دەبینین لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە کەمبووەتەوە ئەویش لە کاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی(١٩٨٧) بريتی بووە (٦٠٧٠٧)کەس ،بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢)کەمبوەتەوە بۆ(٣٠٢٦٢)کەس کە لە ساڵی (١٩٨٧) ڕێژەی (٦.٣%)دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە بەڵام لەساڵێ (٢٠٠٢)ژمارەی دانیشتوان کەمدەبێتەوە بۆ (٣٠٢٦١)کەس واتا (٢,٤%) ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگا پێکدەهێنێت لە کاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە (٩٥١٧٢٣)بووه لە ساڵێ (١٩٨٧) بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەرزبووەتەوە بۆ (١٢٤٩٨٢٤).وە هەروەها ئەگەر سەيری شێوەی (١) بكەین ڕێژەی گەشە قەزای دەرەبندیخان لە ماوەی ساڵانی(١٩٨٧-٢٠٠٢)بريتی بووه له (-٤,٥%) بەڵام لە هەمان کاتدا،ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگاکە (١,٨%).

هۆکاری ئەم کەمبونەوەیەی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە ئەوە بووه کە ناحیەی زەڕایەن خراوەتەسەر قەزای صدامیة حلبجة(هەڵەبجەی تازە)، هەروەها گەڕانەوە ئەوانەی کە لە ناوچەکانی خۆيانەوە کە بە زۆرەملێ هاتبوونە قەزای دەربەندیخان هۆکارێکی تر بووه بۆ کەمبوونەوەی دانیشتوان. وە پێکهێنانی ناحیەی بەمۆ[١] و جیابونەوەيان لە قەزای دەربەندیخان هۆیەکی ترە بۆ کەمبوونەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان.

---

[١] ناحیەی بەمۆ: بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٨٠) لەبەرواری (١٩٩٩\١١\٤) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران(ئیدارەی سلێمانی) بڕیاردراوە بە کردنەوەی ناحیەی بەمۆ کە سەنتەری ناحیەکە دەکەویتە گوندی گلێجاڵەوە لەسەر میلاکی قەزای خانەقین. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە( ٥)

**خشتەی(٣)**

**ڕێژەی گەشە لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی(١٩٩٧ـ٢٠٢٠)**

| ماوه | قەزا% | پارێزگا% |
|---|---|---|
| ١٩٨٧ـ١٩٧٧ | ٩,٨ | ٣,٢ |
| ٢٠٠٢ـ١٩٨٧ | -٤,٥ | ١,٨ |
| ٢٠٠٩ـ٢٠٠٢ | ٤,٧ | ٥,٣ |
| ٢٠٢٠ـ٢٠٠٩ | ٢,٨ | ٢,٥ |
| ٢٠٢٠ـ١٩٧٧ | ٢ | ٢.٩ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست  بە خشتەی (٢)

هاوکێشەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە بەکارهاتووە بۆ زانینی ریژەی گەشە بەم شێوەیە

$$R = \sqrt[T]{\frac{p1}{p0}} - 1X100$$

ڕێژەی گەشەی ساڵانە= r

ژمارەی ساڵەکانی نێوان دوو سەرژمێری=t


ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری=p1

ژمارەی دانێشتوان لە سەرژمێری پێشوودا=p0

بڕوانە: John.I.Clark,population Geography,2ndEdition,pergamon press.Oxford,1972,p146.

**شێوەی(١)**

**ڕێژەی گەشە لە قەزای دەربەندیخان وپارێزگای سلێمانی لە ماوەی(١٩٧٧-٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست  بە خشتەی(٣)

## قۆناغی سێیەم/ ساڵانی(٢٠٠٢ـ ٢٠٠٩):

بە تێبینــی کــردن لە خشــتەی (٣)دەردەکەوێــت کە گەشەســەندنی دانیشــتوانی نــاوچەی لێکــۆڵینەوە بەرزبووەتەوە، لەگەڵیشیدا گەشەی دانیشتوان لە زیادبووندا بووە بەجۆرێک لەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان گەشتووەتە (٤١٧٩٥)کەس، واتا ڕێژەی دانیشتوانی قەزاکە بەراورد بە کۆی دانیشــتوانی پارێزگای سلێمانی بریتــی بــووە لە(٢,٣%)دانیشــتوانی پارێزگــاکە، ئەمەش مانــای وایە کە ئەگەر ســەیری خشتەی(٣) بکەین دەبینین لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩)دا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە لەم ماوەیەدا (٤,٧%) زیادیکردووە. وە لە هەمان کاتدا ڕێــژەی گەشــەی پارێزگــاکە(٥,٣%)بــووە کە بەراورد بە مــاوەی پێشوو ڕێژەی گەشەی پارێزگای سلێمانی بەرزبووەتەوە. وە دەتوانین بڵێین ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و باشتربوونی باری ئابووری و دارایی و سەقامگیری ئاسایشی کوردســتان بەگشــتی و دەربەنــدیخانیش بە تایبەتی هۆکار بووە بۆ زۆربوونی دانیشتوان و بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا.

## قۆناغی چوارەم/ ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠):

بە سەیرکردنی خشتەی(٣) دەردەکەوێت گەشەی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان لەم ماوەیەدا ڕووی لە کەمی کردووە بە جۆرێک ڕێژەی گەشەی دانیشتوان(٢,٨%)بووە، ئەمەش بەراورد بە ماوەی پێشوو دەبینین کە ڕێژەی گەشە کەمی کردووە، وە هەروەها ڕێژەی گەشەی لە هەمان ماوەدا لە پارێزگای سلێمانی (٢,٥%) بووە، ئەمەش واتای وایە تاڕادەیەک ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە و پارێزگای سلێمانیش نزیکن لەیەکترەوە، بە جۆرێــک کە هاوســەنگی لەنێــوان گەشــەی قەزا و پارێزگــادا دروســت بــووە. بــۆیە دانیشــتوانی قەزاکە لەڕووی ژمــارەوە لە ســاڵی (٢٠٢٠) گەشــتۆتە (٥٦٥٥٠)کەس کە (٢,٤%) دانیشــتوانی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە. واتا دەتوانین بڵێین تێکڕای گەشەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠)بریتی بووە (٢%) بەڵام لە ڕووی ژمــارەوە ژمــارەی دانیشــتوانی قەزاکە (٣٢٧٣١)کەس زیادیکردووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەو ماوەیەدا (٥٦٥٨٣٧)کەس زیادیکردووە.

هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشــتوانیش لەمــاوەی ســاڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠) دەگەڕێــتەوە بــۆ ئەوەی کوردســتان بەگشتی و دەربەندیخان بە تــایبەتی، بەردەوام لەلایەن حکــومەتی پێشــووی عێــراقەوە ڕووبەڕوی چەنــدین گۆڕانکاری دانیشتوانیی ناچاری کــراوەتەوە، بەڵام لە دوای ڕووخــانی ڕژێمــی بەعــس بەراورد بە ســاڵانی پێشوو تاڕادەیەک دۆخی تەندروستی و دارایی دانیشتوان باشتر بوو، ئەمەش هۆکار بووە بۆ خۆشگوزەرانی زیاتر و زیادبوونی هاوسەرگیری، ئەمانەش هەموو هۆکارن بۆ زیــادبوونی دانیشــتوان ،بەڵام ئەوەی جێگــای سەرنجە کەمبونی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگــای ســلێمانی کــاریگەری دروســتبوونی پارێزگــای هەڵەبــجەی لەسەرە و هۆیەکی سەرەکی کەمبوونی ژمارەی دانیشتوان بووە لەم ماوەیەدا. وە زیادبوونی سرۆشتی و کۆچ کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر گەشەی دانیشــتوان، هەربــۆیە پێویســتە تیشــک بخەینەســەر ئەو ڕەگەزانەی زیادبوونی دانیشتوان.

## باسی دووەم/زیادبوونی سروشتی

بەو زیادبوون یاخود کەمبوونەی کە لە جیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردنەوە دروست دەبێت پێی دەوترێ زیادبوون یان کەمبوونی سروشتی.[1]. زیادبوونی سروشتی بەو توخمە بنەڕەتیە دەژمێردرێت کە کاردەکاتە سەر ڕەوتی دانیشتوان و خۆی لە جیاوازی نێوان قەبارەی لەدایکبووان و مردووانداا دەبینێتەوە.[2] مەبەست زیادبوونی سروشتی جیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردوانە ئەمەش یان بە ژمارە یاخود بە ڕێژە دەخەملێنرێت،هەرچی ڕێژەیە ئاماژەیە بەکۆی دانیشتوان لە سەدا یان لە هەزاردا لە ساڵێکی دیاریکراودا،و پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت گەر لەدایکبوون لە مردن زیاتربێت ئەوا زیادبوونی سروشتی موجەبە، واتا زیادبونێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر مردن لە لەدایکبوون زیاتربێت ئەوا زیادبوونێکی پێچەوانەیە.[3]زۆری ژمارەی لەدایکبووان بەراورد بە مردوان واتای زیادبونێکی سروشتی پوخت دەگەیەنێت ئەمەش بنەمای زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانە بەگشتی.[4]

### ا- لەدایکبوون:

لەدایکبوون بە فاکتەرێکی بایۆلۆجی گرنگ دادەنرێت، بەڵام پەیوەستیشە بەفاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوری و خودییەکانەوە . لەدایکبوون گرنگییەکی زۆری هەیە لە توێژینەوە دانیشتوانیەکاندا ئەمەش بەوهۆیەی کە لەدایکبوون کاردەکاتەسەر پیکهاتەی دانیشتوان و جوڵە و بارستەی دانیشتوان و تێکڕای گەشەیان، سەرباری ئەو هەلی کارەی کە پێویستیان دەبێت، دواتریش بۆ داڕشتنی پلانی گەشەی ئابوری. لەدایکبوون دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕێژەی بەشداریێتی ئافرەت لە بازاڕی کار و ڕادەی چالاکێتی ڕێکخراوە ئافرەتی و کۆمەڵایەتیەکان و یاساکانی ڕێکخستنی خێزان و چاودێری کۆمەڵایەتی[5].

بەمەش لەدایکبوون هۆی سروشتی زۆربونی ژمارەی دانیشتوانە، ناکرێت لەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵ داببڕێت. بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی لەدایکبوون لە زیادبوونی ئاسایی ژمارەی دانیشتواندا دەبێت پەنابەرینەبەر بەکارهێنانی هاوکێشەی (ڕێژەی گشتی لەدایکبوون کە ژمارەی لەدایکبوونی ساڵێکی دیاریکراومان دەداتێ بە بەراورد لەگەڵ هەموو هەزار کەسێکی سەرجەمی دانیشتوان لەو ساڵەدا) ، کەواتە،

**ڕێژەی گشتی لەدایکبوون =ڕێژەی لەدایکبوانی زیندووی ساڵێک/ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا١٠٠٠X** [6]

بەشێوەیەکی گشتی ئامارە بنەرەتیەکانی لەدایکبوون نارێکن ئەویش بەهۆی:

١-نەبوونی یاسای توند کە هاوڵاتیانی گوندنشین ناچاربکات بەخێرایی لەدایکبوونی منداڵەکانیان تۆماربکەن.

---

[1]محمد سيد غلاب و محمد صبحي عبدالحكيم: السكان ديموغرافيا وجغرافيا، الطبعة الرابعة، من منشورات مكتبة الأنجلوا المصرية، قاهرة،١٩٧٨، ص٣.

[2]جەزا تۆفیق تالیب،بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عیراق، چاپی دووەم، سەنتەری لیکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی ٢٠٠٠، ل ٣٩.

[3]عبدالفتاح محمد وهيبه، جغرافيا السكان، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت ،١٩٨٠،ص ١٨٨.

[4]عبدالحسين زينى و عبدالحليم القيسي: الأحصاء السكاني، الطبعة الاولى، دار الكتب، بغداد، ١٩٨٠، ص ١٥٠.

[5]ابراهيم احمد سعيد،مقدمة في الجغرافيه البشرية،الطبعة الأولى،مطبعة الأوائل،دمشق،٢٠٠١،ص٣١.

[6] سالم علي الشواورة و محمود عبدالله الجيس، جغرافيا السكان، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان ٢٠٠١، ص١٤٨.

٢-مردنی منداڵان لەسەرەتای تەمەنیاندا دەبێتەهۆی تۆمارنەکردنیان[١].
٣ـ هەستنەکردنی هاوڵاتیان بە لێپرسراوی بەرامبەر بە تۆمارکردنی لەدایکبووان.
٤ـ بەشێک لە منداڵان دوور لە نەخۆشخانەکان و چاودێری تەندروستی لەدایک دەبن.[٢]

سەرەڕای ئەم کەموکورییانەی کە باسکران لەئێستادا بەگشتی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە یاسایەک دانراوە بۆ تۆمارکردنی منداڵە لە دایکبووەکان لە ماوەی (٨)ڕۆژدا و دەبێت خاوەنی منداڵە لە دایکبووەکە سەردانی بەشی لە دایکبوون بکات بۆ تۆمارکردنی منداڵەکەی ئەگەر نا باوک و دایکی منداڵەکە دەدرێنە دادگا و غەرامە دەکرێن، ئەمە سەرباری ئەوەی خێزان بەراورد بە پێشوتر زیاتر سودمەند دەبن لە ئیمتیازاتی منداڵبوون بۆیە زووتر هەڵدەستن بە تۆمارکردنی منداڵەکانیان .

پێشتر کەموکوڕی زۆر لە داتاکانی لەدایک بوون و مردن دا هەبووە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو یاسا توندەی حکومەت دایناوە بەشێوەیەکی خێرا ناوی منداڵەکان تۆمار دەکرێت وە سەرەرای ئەمەش دایکان و باوکان تاڕادەیەکی زۆر هاوکارن لە تۆمارکردنی ناوی منداڵدا ،چونکە ئەو منداڵانەشی کە لەماڵەوە لەدایک دەبن واتە لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ،بەشێوەیەکی خێرا تۆمارکردنیان بۆ دەکرێت لە لایەن دایک و باوکەوە کە وەک باسمانکرد لە ساڵانی پێشوودا بەم شێوەیە نەبووە .وە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە یارمەتی دەربووە بۆ تۆمارکردنی داتاکان و مانەوەیەن .شێوازی هەڵگرتنی داتاکان کە لە ئێستادا لە ڕێگەی کۆمپیتەرەوە هەموو ئەو داتا و زانیاریانە هەڵدەگیرێن بەڵام لە پێشتردا بەم شێوەی ئێستا نەبوو. [٣]بەشێوەیەکی گشتی سەرەتاییترین داتای لەدایکبونی قەزاکە کە تۆمارکرابێت بریتیە لەداتاکانی ساڵی ( ١٩٧٧ )کە ڕێژەی لە دایکبوون (٩.٧)بووە لەهەزاردا[٤]، بەڵام ئەم داتایانە بە شێوەیەکی تەندروست تۆمارنەکراون و کەمو کورتییان تێدایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرتی دانیشتوانی ئەوکاتی قەزاکە و نەبوونی ڕۆشنبیری بۆ تۆمارکردن لەلایەن دایک و باوکەوە و کەمی ئینتیمای کارمەندانی تۆمارکردنیش کە زۆرینەیان لەنەتەوەی تربوون و هەربۆیە بەباشمان زانیوە پشت ببەستین بە داتاکانی ساڵی ( ٢٠٠٩ ) وەکو داتای پشت پێبەستراوی تەندروست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان.

بە تێبینیکردنی خشتەی ( ٤ )یش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی لەدایکبوون لەقەزای دەربەندیخان لە ساڵی (٢٠٠٩)دا گەشتووەتە لە هەزاردا(٢٨,١) کە ساڵی بنچینەیی و دەسپێکی داتاکارییەکانی توێژینەوەکەمانە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەپێی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا دێت بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی لەدایکبوون وەک لە شێوەی ژمارە(٢)دا ڕوونە و بەدیاردەکەوێت بۆ ساڵی ( ٢٠١٠ ) ڕێژەی لەدایکبون گەشتووەتە لە(٢٨,٤) لەهەزاردا، واتا بەرزترین ڕێژەی لەدایکبوونی قەزاکە لەساڵی (٢٠١٠) بووە و نزمترینیشی لەساڵی ( ٢٠١٩) بووە کە( ٤.٢ )بووە لەهەزارا، هۆکاری ئەم ڕێژە نزمەیش دەگەڕێتەوە بۆ

---

[١] جەزا تۆفیق تالیب،بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠-٤٢.

[٢]چراخان نصرالدین ساڵەح:دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ ،توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان،نامەی ماستەر،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی٢٠١٥،ل١٤٧.

[٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(نەورۆز حەسەن بورهان)لێپرسراوی نوسینگەی لەدایکبوون و مردنی قەزای دەربەندیخان،لە ڕێکەوتی(٢٠٢١/٥/١٧)

[٤] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی دەربەندیخان، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دەربەندیخان، هۆبەی لەدایکبون و مردن، زانیاری دەربارەی لەدایکبون و مردن لەشاری دەربەندیخان لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠) .

نائاسایی دۆخی ئابوری دانیشتوان و کەموکورتی داتاکانی لەدایکبوون. بەڵام بەرزترین ڕێژەی لەدایکبـوون لە پارێزگای سلێمانی(١٥,٩)لە هەزاردا لە ساڵی(٢٠١٤) وە نزمترین ڕێژەش دەکەوێتە ساڵی(٢٠٢٠)کە(١١)لە هەزاردا. هۆکاری نزمی ئەم ڕێژەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی گەنجان بۆدەرەوە و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی بەگشتی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی.

**خشتەی (٤)**

**ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی(٢٠٠٩ -٢٠٢٠) لە هەزاردا**

| ساڵ | قەزا | | | پارێزگا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا[١] | ژمارەی لە دایکبوون [٢] | ڕێژەی لە دایکبوون لە هەزاردا | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا[٣] | ژمارەی لە دایکبوون [٤] | ڕێژەی لەدایکبوون لە هەزاردا |
| ٢٠٠٩ | ٤٠٨٢٨ | ١١٤٨ | ٢٨,١ | ١٧٤٧٧٦٨ | ٢١٣٩٢ | ١٢,٢ |
| ٢٠١٠ | ٤٢٤٢٢ | ١٢٠٨ | ٢٨,٤ | ١٨١٩٩٧٦ | ٢١٩٣٧ | ١٢ |
| ٢٠١١ | ٤٣٦٩٤ | ١٠٩٦ | ٢٥ | ١٨٦٣٧٥٣ | ٢٣٣٥٠ | ١٢,٥ |
| ٢٠١٢ | ٤٥٠٠٥ | ٩١١ | ٢٠,٢ | ١٩٠٨٦٢٣ | ٢٦٦٨٠ | ١٣,٩ |
| ٢٠١٣ | ٤٦٣٥٦ | ٩٩٩ | ٢١,٥ | ١٩٥٦٣٣٨ | ٢٩١٩٥ | ١٤,٩ |
| ٢٠١٤ | ٤٧٧٤٦ | ١١٤٦ | ٢٤ | ٢٠٠٥٢٤٦ | ٣١٩٣١ | ١٥,٩ |
| ٢٠١٥ | ٤٩١٧٨ | ٥٩٣ | ١٢ | ٢٠٥٥٣٧٧ | ٣٢٦٠٧ | ١٥,٨ |
| ٢٠١٦ | ٥٠٦٥٤ | ٥٩٦ | ١١,٧ | ٢١٠٦٧٦١ | ٢٩٣٠٢ | ١٣,٩ |
| ٢٠١٧ | ٥٢١٧٤ | ٥٧٩ | ١١ | ٢١٥٩٤٢٩ | ٢٧٧٧٤ | ١٢,٨ |
| ٢٠١٨ | ٥٣٧٣٩ | ٣١٤ | ٥,٨ | ٢٢١٣٤١٥ | ٢٦٠٣٨ | ١١,٧ |
| ٢٠١٩ | ٥٥٣٥١ | ٢٣٨ | ٤,٢ | ٢٢٦٨٧٥٠ | ٢٧٢٤٨ | ١٢ |
| ٢٠٢٠ | ٥٦٣٥٩ | ٢٦٩ | ٤,٧ | ٢٣١٦٥٥٢ | ٢٥٥٤٧ | ١١ |
| تێکڕا | - | - | ١٦,٤ | — | — | ١٣,١ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست به :

(١) پاشکۆی(٢).


(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی دەربەندیخان، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دەربەندیخان، هۆبەی لەدایکبون و مردن، زانیاری دەربارەی لەدایکبـون و مردن لەشاری دەربەندیخان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩ـ ٢٠٢٠)،بڵاونەکراوە.

(٣) پاشکۆی(٣).

(٤)حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان،وەزارەتی تەندروستی،بەرێوەبەرایەتی تەندروسـتی سلێمانی،نوسـینگەی لەدایکبـوون و مردنی سلێمانی،تۆماری لەدایکبوون و مردنی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٠٩ـ٢٠٢٠)،بڵاونەکراوە.

**شێوەی(٢)**

**ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای دەربەندیخان وپارێزگای سلێمانی لە ماوەی(٢٠٠٩ -٢٠٢٠) لەهەزاردا**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست به خشتەی (٤)

دەربارەی تێکڕای ڕێـژەی لەدایکبـوون لەقەزای دەربەنـدیخان لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی ( ٢٠٠٩- ٢٠٢٠)دا تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون بریتـی بـووە( ١٦,٣ )لە هەزاردا،لە کاتێکـدا لە هەمـان مـاوەدا تێکـڕای ڕێـژەی لەدایکبوون لە پارێزگای سلێمانی(١٣,٣) یە[1] واتا ڕێژەی لەدایکبوونی قەزاکە بەرزترە لە پارێزگا و هەردوو ڕێـژەی لەدایکبـوون لە قەزای دەربەنـدیخان و پاریزگـای سـلێمانی نـزمە ،بەڵام بەپێـی ئەو پێـوەرانەی کە توێژەران دایناوە دەربارەی بەرزونزمی ڕێژەی لەدایکبوون ئەودەردەکەوێت تێکـرای ڕێـژەی لە دایکبـوون لە قەزاکە نزمەو نـزیکە لە ڕێـژەی ناوەنـدی، [2]جـێگەی تێبینیکـردنە کۆمەڵێـک فـاکتەرهەن کـاردەکەنە سـەر لەدایکبوون و ڕێژەکەی کە بریتین لە:

---

([1])بروانە : پاشکۆی (٣).

([2])تێکڕای لە دایکبوون دابەشدەکرێت بۆ سێ دەستە بەم شێوەیە:

ا/تێکڕاێ لەدایکبوون بەرزدەبێـت ئەگەر ڕێـژەکە لەهەزاردا(٣٠)زیاتربێـت،ب/تێکڕای لەدایکبـوون مـام ناوەنـد دەبێـت ئەگەر ڕێژەکە لە نێوان(٢٠ـ٣٠)بێت ج/تێکڕای لە دایکبوون نزم دەبێت ئەگەر ڕێژەکە لە هەزاردا(٢٠)کەمتربێت.

بروانە: ابراهیم احمد سعید،اسس جغرافیة والبشریة والأقتصادیة،الطبعة الأولی ، من منشورات جامعة حلب،١٩٩٧، ص٣٢ .

### ١ـ پیتداری سروشتی:

مەبەست لەپیتی سروشتیی توانـایە بـۆ وەچەخسـتنەوە لای ئەو ئافرەتـانەی لەتەمەنـی منداڵبونـدان و بە ژمـارەی لەدایکبـوونی ڕاسـتەقینە ئامـاژەی پـێ دەدرێـت[١]. واتـا بەپیتـی ئامـاژەیەی بـۆ دووبـارە لە دایکبوونەوەکانی ماوەیەکی دیاریکراو کە لە ئافرەتاندایە ئەو تەمەنە لە نێوان (١٥ـ٤٩) ساڵی دایە کە توانای منداڵبوونیان هەیە.[٢]، وە بەگشتی نێوەنجی ژنهێنان و شـووکردن، تەمەنـی ژنهێنـان و شـووکردن ، مـاوەی هاوسەرێتی ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لەئەندازەی پیتیدا[٣]، واتا پیتداری مرۆڤ پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەرپرسە لە بەردەوامێتـی زینـدوومانەوەی کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی، بەمەش دەبێـتە بنەمـایەکی گرنگـی تـوێژینەوە دانیشتوانیەکان، پیتێتیش بەوە پێناسە دەکرێت کە بـریتیە لەتوانـایی ئـافرەت بۆمنـداڵ خسـتنەوە گەر دۆخە سروشتیەکەی بۆ گونجا و زۆرجاریش زاراوەی وەچەخستنەوە لەبری پیتیی بەکاردەهێندرێت کە ئاماژەیە بـۆ کردەی منداڵ دروستکردن لەلایەن ئافرەتەوە، بۆنمونە گەر گوتمان (١٠٠٠) ئافرەت قۆناغی وەچەخسـتنەوەیان تێپەڕاند بە دروستکردنی (٣٥٠٠) منداڵی ساغ ئەوا ناوەندی پیتداری بریتی دەبێـت لە (٣.٥) منـداڵ بـۆهەر ئافرەتێک، وە هەر ئافرەتێکیش بتوانێت وەچەبخاتەوە پێی دەگوترێت وەچەهێن[٤].

**بەپێی ئەم یاسایە دەتوانرێت ئاماژەبکرێت بە پیتی سروشتی=**

$$\frac{\text{تێکڕای لەدایکبوون لەنیوەی ساڵ}}{\text{ژمارەی مێینە لە تەمەنی(١٥-٤٩) لەنیوەی ساڵدا}} \times ١٠٠٠ \quad (٥)$$

ئەمەش بە سـادەترین پێوانەکـاریی بـۆ پیتـداری سروشـتیی دادەنرێـت بەڵام زۆر وردنیـیە ، چـونکە تایبەتمەندیەکانی وەکو پێکهاتەی تەمەن و جۆرایەتی لەپێشچاو ناگیرێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەزۆری بەکاردێـت و ئامـاژەیەکی گشـتی دەدات بەدەسـتەوە. بە سـەیرکردنی خشـتەی (٥) دەردەکەوێـت لە ساڵی(٢٠١٩)دا سەرجەم ئەو مێینانەی کە شوویانکردووە لە تەمەنی منداڵبوندان بێگومان ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون، هەر لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ئەو مێینـانەی لە تەمەنـی(٢١-٢٥) شـویان کـردووە، بەرزتـرین ڕێـژە پێکـدەهێنن لەکـۆی مێیـنەی شـوکردووان کە(٤٨,٥%)، ئەمەش هـۆ و ئامـاژەیەکی گـرنگە بـۆ بەرزی ڕێـژەی لەدایکبـوون. وە لە پـلەی دووەمـدا بەڕێـژەی(٢٣,٤%) ئەو مێینـانە دەگرێتەوە کە لە مـاوەی (٢٦ــ٣٠) هاوسـەرگیریانکردووە،هەروەها لە پـلەی سـێیەمدا بە ڕێـژەی (١٨%) ئەو ئافرەتـانە دەگـرێتەوە کە لە (١٦ــ٢٠) سـاڵی شـوییانکردووە،دوتر ئەوانەی لە تەمەنـی (٣١-٣٥) سـاڵی شـویانکردووە(٧,٢%) وە دوای ئەوان ئەوانەن کە لە تەمەنـی (٣٦-٤٠) سـاڵی شـویانکردووە(٢,١%) سەرجەمی ئەو مێینەنای کە شوییانکردووە، وە ئەوانەی کە لە تەمەنی(٤٠) زیاتر شویانکردووە (٠,٨%) کۆی

---

[١] ابراهيم احمد سعيد،مقدمة في الجغرافيه البشرية ،مصدر السابق، ص٢٧.

[٢] محمد شوانی،ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاویر،هەولێر،٢٠١٣،ل١٠٨.

[٣] خەلیل اسماعیل محمد، ڕەوشەکانی پیتی و زاوزێ لەپارێزگای سلێمانی دا، گۆڤاری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی، ژمارە٣، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٩٩، ل١١٣

[٤] فوزی سهاونة، مبادي الديموغرافيا، الطبعة الاولى، مطبعة الأردنية، عمان ١٩٨٢، ص٧٥.

[٥] ابراهيم احمد سعيد، مقدمة في الجغرافية البشرية، المصدر السابق، ص٢٨.

مێینەی شوکردوان پێکدەهێنن،هەر لە ئەو خشتەیەدا تێبینی ئەوە دەکرێت،زۆربەی ئافرەتان لە خوار تەمەنی(٢٦)ساڵیەوەن،ئەوەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون.لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین زۆربەی مێنەی قەزاکە لەتەمەنی زودا شویانکردووە ئەمەش دەرفەتی منداڵبوون زیاد دەبێت و دەبێتەهۆی بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون.

## ٢-هاوسەرگیری پێشوەختە:

هاوسەرگیری پێشوەختە فاکتەرێکی گرنگی زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون و خێرای گەشەی دانیشتوانە کەئەمەش پەیوەندە بە مۆرکە کۆمەڵایەتیەکانەوە، سەرباری هاندانی زوو هاوسەرگیریی بۆ دروستکردنی وەچەی کوڕ و بوونی دەقی ئاینییش بۆ تەواوکامڵبوونی ئاینی کەسەکان لەڕێی زوو هاوسەرگیرییەوە کە ئەمەش لای خۆیەوە هۆکارێکی گرنگی خێرا گەشەکردنی دانیشتوانە[1] پێویستە ئەوەیش بزانین کەمبونەوەی هاوسەرگیریی واتا کەمبونی لەدایکبوان و بەمەیش زیادبونێکی نائاسایی لە چینی گەورەساڵندا ڕوودەدات و کۆمەڵگەیەکی پیر بەرهەم دەهێنێت[2] ئەگەر سەیری خشتەی (٥) بکەین ئەوا دەردەکەوێت،دیاردەی شوکردنی کچان لە تەمەنی زودا دەست پێدەکات کە تەمەنی(١٦ــ٢٠) ساڵییە،بەجۆرێک(٦٦,٥%)کچان لە تەمەنی (١٦ـ٢٥) ساڵیدا هاوسەرگیرییان کردووە،وەک ئاشکرایە تاتەمەنی ئافرەت کەمتربێت توانای وەچە خستنەوەی زیاتر دەبێت،وە هەروەها ئەوەی جێگای سەرنجە لەقەزای دەربەندیخان ڕەگەزی نێر لە تەمەنی (١٦ـ٢٥) ساڵیدا تەنها (٢٤,٧%) هاوسەرگیریان ئەنجامدا

**خشتەی (٥)**

**ژمارە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠١٩)***

| تەمەنی هاوسەرگیری/ساڵ | ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری | | ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | % | مێ | % |
| ١٦ـ٢٠ | ٨ | ٢,٣٩ | ٦٠ | ١٨ |
| ٢١ـ٢٥ | ٧٥ | ٢٢,٤٥ | ١٦٢ | ٤٨,٥ |
| ٢٦ـ٣٠ | ١٤٧ | ٤٤ | ٧٨ | ٢٣,٤ |
| ٣١ـ٣٥ | ٦٧ | ٢٠ | ٢٤ | ٧,٢ |
| ٣٦ـ٤٠ | ٢٥ | ٧.٥ | ٧ | ٢,١ |
| ٤٠ و زیاتر | ١٢ | ٣,٥٩ | ٣ | ٠,٨ |
| کۆ | ٣٣٤ | ١٠٠ | ٣٣٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە/وەزارەتی داد،دادگای بەرای دەربەندیخان،بەشی هاوسەرگیری و جیابوونەوە،زانیاری دەربارەی ژمارە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای دەربەندیخان،لە ساڵی(٢٠١٩)،بڵاونەکراوە.

*لەبەر نەبوونی داتا ساڵی(٢٠٢٠)وەرنەگیراوە.

[1] احمد نجم الدين، احوال السكان في العراق،الطبعة الأولى، من منشورات معهد البحوث والدراسات العربية، بغداد ١٩٧٠، ص ١٠٥.

[2] على لبيب،جغرافية السكان الثابت والمتحول، الطبعة الثانية، الدار العربية للعلوم،بيروت،٢٠٠٤،ص١٢٢.

### ٣ـ هۆکاری ئایینی:

هۆکـاره ئاینیەکـان کـاریگەریەکی زۆر و گرنگـی هەیە لەسـەر زیـادبوونی دانیشـتوان و هاندەریشـە بـۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانەیش:

١-خێزانی ئاینیی ئارەزووی زیادبوونی منداڵی هەیە، بۆئەمەش کۆمەڵێک دەقی ئاینیی پاڵپشتێتی.

٢-ئاین و بەتایبەت ئایینی ئیسلام هاندەری زوو هاوسەرگیری کردن و دژی جیابونەوەیە، ئەمەش وادەکات خێزانی موسڵمان منداڵ خستنەوەیان زیادبێت[١] .

هۆکاری ئایینی وەک چۆن پاڵپشتی هاوسەرگیریی و وەچەخستنەوەیە بەهەمان شێوەیش دژی جیابونەوەیە و لای پەسەند نیە، پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (( ابغض الحلال عند الله الطلاق)) [٢]، واتـا ناخۆشـترین حەڵاڵە لای خودایگەورە بریتییە لە جیابوونەوەی ژن و پیاو لەیەکتر، وە تاوەکو ڕێژەی جیابونەوە کەمتربێت لەدایکبوون زۆر دەبێت،

بەشـێوەیەکی گشـتی دانیشـتوانی قەزای دەربەنـدیخان وەک تەواوی بەشـەکانی پارێزگـای سـلێمانی پەیوەستن بە ئاینی ئیسلامەوە، دانیشتوانەکەی بەزۆری لەتەمەنیکی کەمدا دەچنە ژیـانی هاوسـەرگیرییەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دیاردەی فرەژنی لە نـاوچەی تـوێژینەوە بەدی دەکرێـت، جیـابوونەوەش بە نەریتێکـی کـۆمەڵایەتی خـراپ دەزانرێـت وە هەروەهـا بەچـاوێکی نائاسـاییەوە تەماشـەی ئەو ئافرەتـانە دەکەن کە جیابونەتەوە، وە لەبەر ئەم هۆکارانەی کە باسکران ڕێژەی هاوسەرگیری زیاترە لە ڕێژەی جیابوونەوە،

بەتێبینیکردنی خشتەی ژمارە(٦)بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی (٢٠٠٩ــ٢٠٢٠)دا ڕێـژەی هاوسەرگیری لەنێوان( ٧٥,٦ %)لە کۆی حاڵەتەکانی هاوسەرگیری و جیابونەوە بووە. لەکاتێکـدا لەهەمـان ماوەدا کۆی حاڵەتەکانی جیابونەوە بریتیەبووە لە(٢٤,٤% ) لە کۆی پرۆسەی هاوسەرگیری، بەگشتی لەساڵی (٢٠٠٩)دا زۆرترین ڕێژەی هاوسەرگیری لەناوچەی توێژینەوەکەدا ئەنجـام دراوە بەڕێـژەی ( ٨٦.٥%) بـووە لەکاتێکـدا لەسـاڵی (٢٠١٥)دا کەمتـرین ڕێـژەی هاوسـەرگیری لەنـاوچەکەدا ئەنجامـدراوە کە بـریتییە لە(٦٧.٦%)ی کـۆی ئەوانەی لەتەمەنـی هاوسـەرگیریدان، بەڵام لەسـاڵی (٢٠٢٠)دا ڕێـژەی هاوسـەرگیری لەقەزای دەربەندیخاندا بریتی بووە لە(٧٠.١%)ی کۆی ئەوکەسانەی لەتەمەنی هاوسەرگیریدان و گونجاون بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە.

هەموو ئەو فاکتەرانەی پێشتر باسمان لێوەکرد وایانکردووە لەناوچەی توێژینەوەکەدا ڕێژەی هاوسـەرگیری تا ڕادەیەکی باش گەشەبکات و لەبەرانبەریشدا هانی کەمبونەوەی جیابوونەوە بدرێت لەکاتێکدا جیابونەوە بەفـاکتەری دیـکە هەمیشـە لەبەرزبونەوەدابـووە، بەڵام ئەمە نەبوەتەهـۆی وەسـتاندنی گەشـەی دانیشـتوانی ناوچەی توێژینەوەکەیە لەماوەی توێژینەوەکەماندا،

---

[١] خەلیل ئیسماعیل محمد: ڕەهەندی سیاسی گەشەکردنی موسوڵمانان لەجیهاندا، گۆڤاری سـەنتەری برایەتـی ، ژمـارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٠، ل١٤٩

[٢] ابي داود سليمان الأزدي، سنن ابي داود، الجزء الثاني، دار المعرفة، بيروت،٢٠٠١،ص٣٤٩.

**خشتەی(٦)**

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە دادگای دەربەندیخان لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩ـ-٢٠٢٠)**

| ساڵ | کۆی هاوسەرگیری و جیابونەوە | | جیابوونەوە | | هاوسەرگیری | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ٢٠٠٩ | ٤٦٦ | ١٠٠ | ٦٣ | ١٣,٥ | ٤٠٣ | ٨٦,٥ |
| ٢٠١٠ | ٥٧٤ | ١٠٠ | ٩٦ | ١٦,٧ | ٤٧٨ | ٨٣,٣ |
| ٢٠١١ | ٧١٤ | ١٠٠ | ١٨٣ | ٢٥,٧ | ٥٣١ | ٧٤,٣ |
| ٢٠١٢ | ٧٥٠ | ١٠٠ | ١٧٨ | ٢٣,٧ | ٥٧٢ | ٧٦,٣ |
| ٢٠١٣ | ٦٢٩ | ١٠٠ | ١٥٣ | ٢٤,٤ | ٤٧٦ | ٧٥,٦ |
| ٢٠١٤ | ٥٥٩ | ١٠٠ | ١٠٧ | ١٩,١ | ٤٥٢ | ٨٠,٦ |
| ٢٠١٥ | ٥١٣ | ١٠٠ | ١٦٦ | ٣٢,٤ | ٣٤٧ | ٦٧,٦ |
| ٢٠١٦ | ٣٧٥ | ١٠٠ | ١٠٩ | ٢٩,١ | ٢٦٦ | ٧٠,٩ |
| ٢٠١٧ | ٤٣١ | ١٠٠ | ١٠١ | ٢٣,٥ | ٣٣٠ | ٧٦,٥ |
| ٢٠١٨ | ٣٨٢ | ١٠٠ | ١١٠ | ٢٨,٨ | ٢٧٢ | ٧١,٢ |
| ٢٠١٩ | ٤٤٧ | ١٠٠ | ١١٣ | ٢٥,٣ | ٣٣٤ | ٧٤,٧ |
| ٢٠٢٠ | ٤٣٥ | ١٠٠ | ١٣٠ | ٢٩,٩ | ٣٠٥ | ٧٠,١ |
| کۆ | ٦٢٧٥ | ١٠٠ | ١٥٠٩ | تێکڕا ٢٤,٤ | ٤٧٦٦ | تێکڕا ٧٥,٦ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بەهەمان سەرچاوەی خشتەی(٥)

**٤-هۆکاری ئابووری وکۆمەڵایەتی:** بنەما ئابورییەکان لە کانزاکاری و کشتوکاڵ وپیشەسازی فاکتەرێکی دیکەی یەکلاکارەوەن بۆ گەشەی دانیشتوان ، بەوپێیەی ناوچە پیشەسازیی و کشتوکاڵییەکان گەشەی دانیشتوانیان بەردەوامە و ناوچەیەکی سەرەنج راکیشە بەومەرجەی دۆخە ئاووهەواییەکەی زۆر سەخت نەبیت بەڵام ڕێژەی لەدایکبونیشیان نائاساییە، [١].لەگەڵ لاوازبوونی باری ئابوری خێزانەکاندا ڕێژەی پیتی و و منداڵ خستنەوەیش کەم دەبێتەوە بە تەواوی[٢] گەر هۆکارە سروشتیەکان گەوهەری گەشەی دانیشتوانبن ئەوا فاکتەرە ئابورییەکان تەواوکاری ئەم گەشەیە بەتایبەت جۆرایەتی چالاکییە ئابورییەکان[٣]وە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەو خێزانانەی کە ژمارەی ئەندامیان زۆربێت بە تایبەت لە گوندەکان ئەوا پێگەیەکی گرنگیان هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە کۆمەڵگای گوندنشیندا زۆری ژمارەی منداڵ گرنگی خۆی هەیە لەبواری کشتوکاڵدا، کاریگەری ئەم فاکتەرە تەنها گوندەکان ناگرێتەوە بەڵکو شارەکانیش دەگرێتەوە، لەلایەکی ترەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا گەر کوڕ و کچ گەشتنە قۆناغی هاوسەرگیری و کەموکوڕی بەرچاویان نەبوو بەڵام هاوسەرگیریان ئەنجامنەدا ئەوا لێکدانەوە قسەی جۆراوجۆریان لەسەر

[١]احمد علي اسماعيل، سكان شبه جزيرة سيناء، بدون اسم و مكان الطبع، ١٩٨٥، ص ٢٤.

[٢]الفوزي سهاونة،مبادي الديموغرافيا،المصدر السابق، ص٧٥.

[٣]فتحى محمد ابوعيانه، جغرافيا السكان، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، اسكندرية،١٩٨٠،ص١١٥.

دەکرێت ،ئەوەش ناچاریان دەکات کە زوو بیر لە هاوسەرگیری بکەنەوە.[1] بۆیە دەتوانین بڵێین کە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری کاریگەری هەیە لەسەر زوو پێکهێنانی خێزان و بەرزی ڕێژەی منداڵ،ئەم دیاردەیەش لە ناوچەی توێژینەوە بەدی دەکرێت.

## ٥-ئاستی ڕۆشنبیری

کەمی ژمارەی منداڵخستنەوە و نزمی ڕێژەی مردن خەسڵەتی سەرەکی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانە، هەرچی تایبەتە بە کۆمەڵگەی سەرەتایی و تازەپێگەیشتووی وەکو باشووری کوردستان کە خەیاڵ و بیریان لای بەدەستهێنانی سامان و دەستەڵاتە لەڕێی زۆری وەچەخستنەوەوە، سەرباری پشت ئەستوربونیان بۆ جەنگی خێڵ و ململانێی بەدەستهێنانی ناوبانگ و دەستەڵات، بەڵام ئەم تایبەتمەندی منداڵ خستنەوەیە لای کۆمەڵگەی پێشکەوتوو تەنها وەکو حەزێکی ئاسایی ڕاییکردنی ژیانە، بەوهۆیەی کە دایکانی ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، توانایی ئەوتۆیان نییە بۆ وەچە خستنەوە، بەوپێیەی کاتێکی کەمیان هەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و بەپێی بەڵگەی ئەقڵیشیان بۆ دەستکەوتنی سامان و دەستەڵات پێویست بەزۆری منداڵ خستنەوە ناکات، بەڵکو ڕێگەی دیکەهەیە بۆئەم مەبەستە. بەڵام ناوچەی توێژینەوەکەمان دیسانەوەیش کە بەشێکە لەکۆمەڵگەی کوردیی هەرێمی کوردستان و لەژێرکاریگەری ئەم ڕەگەزەدا ئاست و ژمارەی منداڵخستنەوەیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەگشتی ئەم گۆڕانکاریانە بەسێ قۆناغ بووە، کە ئەوانیش:

### قۆناغی یەکەم: ماوەی نێوان(١٩٧٧-١٩٩١)

لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەوەی زۆرینەی ئافرەتەکان ژنیماڵەوەبوون، کۆمەڵگەیش داخوازی لەسەر منداڵی زۆر هەبووە، ئاستی ڕۆشنبیریش بەزۆری ئاستێکی نزم بووە، هەربۆیە ڕێژەی منداڵ خستنەوەیان بەرزبووە، بەڵام بەهۆی هەڵەی تۆمارکردن لەلایەن کارمەندەکانەوە بەقەستی و گرنگی نەدان بە تۆمارکردنی منداڵیش لەلایەن خێزانەکانەوە، وایکردووە، کەژمارەیەکی زۆری ئەو منداڵانەی ئەو ماوەیە تۆمار نەکرێن، هەرچەندە منداڵ خستنەوەیش زۆربووە.

### قۆناغی دووەم: ماوەی نێوان(١٩٩٢-٢٠٠٣)

بەهۆی بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوە یەکگرتووەکان کەتایبەتە بە وەرگرتنی نەوت و پێدانی خۆراک بە حکومەتی عێراق و لەوەیش بەڕێژەی (١٣%)بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، هەربۆیە خێزانەکان دیسانەوە گرنگییان دایەوە بە منداڵ خستنەوە، سەرباری ئەوەی چەندساڵی سەرەتای ئەم ماوەیە تاڕادەیەک خێزانەکان پشتیان کردبووە خستنەوەی منداڵ کە ئەمەش بەهۆی بوونی گرانی و کەمی داهاتەوەبووە، وە ئەم قۆناغە لەژێر کاریگەری زۆری و کەمی خۆراکدا بڕیار لە منداڵ خستنەوە یان نەخستنەوەی دراوە، نەک لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری[2].

---

[1]شاسوار محمد محمود،شیکردنەوەیکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سەلاحەدین،ماستەر،بڵاونەکراوە،ساڵی٢٠١٣،ل٢٦.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز( نەورۆز حسن بورهان) ، لێپرسراوی نوسینگەی لەدایکبوون و مردنی قەزای دەربەندیخان، لەبەرواری ٢٠٢١/٥/٢٠

**قۆناغی سێیەم: ماوەی نێوان(٢٠٠٤-٢٠٢٠)**

لەم قۆناغەدا تاڕادەیەکی زۆرباش ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکان بەرزبونەوە و دایکەکان بوون بە بەشێکی گرنگی فەرمانگەکان و بازاڕی کار، هەربۆیە کاتی ئەوتۆیان نەما بۆ بەخێوکردنی منداڵی زۆر و دیسانەوەیش بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری بۆخۆی گەورەترین ڕێگرە لەپێش زۆری منداڵ خستنەوە، بەڵام گەر بەراوردی ژمارەی منداڵانی لەدایکبووی ئەم ماوەیە بکەین و بەراوردی ماوەکانی دیکەی بکەیت، ڕووندەبێتەوە کە ئەم ماوەیە منداڵی زیادتری تێدا لەدایک بووە وەک لەماوەکانی دیکە، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە بەبەراورد بەماوەکانی دیکە. بڕوانە خشتەی (٤) .

## ب ـ مـــردن:

گەر لە دایکبوون فاکتەری بایەلۆجی پێکهێنەری کۆمەڵگە بێت ئەوا مردن تەواوکەری لەدایکبوونە هەموو بوونێک کە بە لەدایکبوون دەست پێدەکات بە مردن کۆتای دێت ئەمەش ئاماژەی هاوبەشێتی هەردوو فاکتەری لەدایکبوون و مردنە بۆ یەکتر،و توێژینەوەی مردن پێگەیەکی باڵای هەیە لە توێژینەوە دانیشتوانیەکاندا چونکە بەبێ زانینی تێکڕای مردن ناتوانرێت لە تێکڕای گەشەی دانیشتوان تێبگەین ،بەو مانایەی بە جیاوازی نێوان تێکڕای لەدایکبوون و مردن دەگەینە زانینی تێکڕای گەشەی دانیشتوان.[1]مردن فاکتەری سەرەکی گۆڕانی ڕێژەی دانیشتوانە، بەوپێیەی مردن گرنگییەکی زۆری هەیە لە توێژینەوەکانی دانیشتواندا ، بەبێ زانینی مردن ناتوانرێت تێکڕای گەشە و گۆڕانەکانی دانیشتوان بزانرێت[2]. مردن کە هۆکاری سەرەکی کەمبونەوەی دانیشتوانە لەبەرانبەردا لەدایکبونیش فاکتەری زیادبونی دانیشتوانە ، ئەمەش دەبێتەهۆی ڕاگرتنی هاوسەنگیی بەردەوامێتی ژیان و گەشە، وە لەناوچەی توێژینەوەکەدا داتاکانی مردنیش وەک لە دایکبوون کەم و کوڕی زۆریان تێدایە ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک:

١- دواکەوتنی تۆمارکردنی ناوی مردوان لە لایەن کەس و کارییەوە،بەجۆرک لەزۆربەی کاتدا دوای چەند ساڵێک ناوی مردووەکە تۆماردەکەن.

٢- بەشێکی زۆری مردن کە لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ڕوودەدەن بەشێکیان تۆمارناکرێن.

٣ـ نەبوونی یاسایەکی توند بۆ سزادانی ئەو کەسانەی مردن لە کاتی خۆیدا تۆمار ناکەن.

٤- مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو بەر لەوەی بە لەدایکبوو تۆمار بکرێت، ئەمەش وادەکات کە پێویست نەکات بە مردوو تۆمار بکرێت.

٥- کەمی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵک و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ تۆمارکردنی مردن،بەتایبەت لە گوندە دوورەکان.

بەمەبەستی زانینی تێکڕای ڕیژەی مردن هاوکێشەی تێکڕای ڕێژەی مردن بەکاردەهێنین،کەڕێژەی مردنی دانیشتوان لە هەر ساڵێکدا بە ڕێژەی لەهەزاردا دەردەخات بەمشێوەی خوارەوە.

$$\text{ڕێژەی گشتی مردن} = \frac{\text{ژمارەی مردووانی تۆمارکراو لەساڵێکی دیاریکراودا}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی هەمان ساڵ}} \times 1000$$ [3]

---

[1] ابراهيم احمد سعيد، مقدمة فى الجغرافية البشرية،المصدر السابق،ص٣٤.

[2] شاسوار محمد محمود،شیکردنەوەیکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

[3] سالم على الشواورة و محمود عبدالله الحبيس،علم السكان ، المصدر السابق، ص١٤٨.

به بەکارهێنانی هاوکێشەی گشتی ڕێژەی مردن وبە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە(٧) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی مردن لەقەزای دەربەندیخان بەرز و نزمی بەخۆیەوە بینیوە وە لە ساڵێ (٢٠٠٩) کە ساڵی بنچینەیی و دەسپێکی داتاکارییەکانی توێژینەوەکەمانە ڕێژەی مردن(١,٨) لەهەزاردا.

بەڵام ئەم ڕێژەیە بەپێی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا دێت بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی مردن وەک لە شێوە ژمارە(٣)دا ڕوونە و بەدیاردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی مردن بریتی بووە لە(٢,٤) لەهەزاردا لە ساڵی (٢٠١٧). نزمترین ڕێژەی مردن (١,٦)بووە لەهەزارە، لەساڵی (٢٠١٢)، بەڵام بەرزترین ڕێژەی مردن لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠٠٩)و(٢٠١٠)و(٢٠١١)و(٢٠١٦)و(٢٠٢٠)بووە کە(١,٤) بووە لە هەزاردا، وە هەروەها نزمترین ڕێژەی مردن لە پارێزگای سلێمانی لەساڵی(٢٠١٥)بووە کە ڕێژەکەی (١,١)بووە لەهەزاردا .

دەربارەی تێکڕای ڕێژەی مردن لەقەزای دەربەندیخان لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ــ٢٠٢٠)دا تێکڕای ڕێژەکەی بریتی بووە(١,٩) لەهەزاردا و لە هەمان ماوەدا لە پارێزگای سلێمانی تێکڕای ڕێژەی مردن (١,٣) بووە لە هەزاردا، هەروەها ئەم ڕێژەیەش کە لە ساڵی(١٩٧٧-١٩٨٧)کە پرۆفیسۆر دکتۆر(جەزا تۆفیق تالیب)ئاماژەی بۆکردووە بە (٢,٩)لەهەزاردا لە پارێزگای سلێمانی و یە(٣,٣) لەهەزاردا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لە عێراق بە(١٠,٦) لەهەزاردا دیاریکردووە[1]. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازیەکی زۆر کەم بەدیدەکرێت لەنێوان ناوچەی توێژینەوە و پارێزگای سلێمانی هەروەها لە نێوان ناوچەی توێژینەوە هەرێمی کوردستان کە بە جیاوازی(١,٤) لەهەزاردا دەخەملێنرێت ئەمەش جیاوازیەکی زۆر کەمە و دوورە لەڕاستیەوە و دەتوانین بڵێین کە نارێکی و نادروستیەکی زۆر لە داتاکانی مردندا هەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی خزمەتگوزاری تۆمارکردن و بوونی جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق -ئێران)لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)، لەم ماوەیە و بوونی پاڵنەری کۆمەڵایەتی بۆ تۆمارنەکردنی مردووان و پاڵنەری ئابوریش، بەجۆرێک هەرکاتێک تۆمارنەکردنی ناوی مردوو قازانجی کەسوکاری مردووی تێدابێت ئەوا ناوی مردووەکە تۆمار ناکەن و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، واتا تێکڕای ڕیژەی مردنی قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی دورە لە ڕاستییەوە ئەگەر بەراورد بکەین بە ڕێژەی مردنی وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپاش کە ڕێژەکەی لە هەزاردا(٩).[2]

بەڵام ئەگەر بێت و تێکڕای مردن لەناوچەی توێژینەوە بەراورد بکەین بە تێکڕای مردن لە عێراق جیاوازی نێوان ناوچەی توێژینەوە و عێراق بە ڕێژەی (٨,٧) لەهەزاردا دەخەملێنرێت،ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و ڕێژەیەکی نزیکە لە ڕاستی و هەرچەندە ڕێژەی مردن بەرزتربێت کاردەکاتە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون ،بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێژەی لەدایکبوون لە ڕێژەی مردن بەرزترە،ئەمەش وایکردووە ڕێژەی گەشە لە ناوچەی توێژینەوە لە ئاستێکی پەسەندا بێت.

---

[1] جەزا تۆفیق تالیب،بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤.

[2] احمد سالم،الظاهرة السكانية و التطور الجغرافي، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة-بغداد، ١٩٨٦،ص٨٤.

**خشتەی ژمارە(٧)**

**ڕێژەی مردن لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بۆسالآنی(٢٠٠٩-٢٠٢٠) لەهەزاردا**

| ساڵ | قەزا | | | پارێزگا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا | ژمارەی مردوان | ڕێژەی مردن لە هەزاردا | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا | ژمارەی مردوان | ڕێژەی مردن لە هەزاردا |
| ٢٠٠٩ | ٤٠٨٢٨ | ٧٧ | ١,٨ | ١٧٤٧٧٦٨ | ٢٤٥٠ | ١,٤ |
| ٢٠١٠ | ٤٢٤٢٢ | ٧٥ | ١,٧ | ١٨١٩٩٧٦ | ٢٥٧٢ | ١,٤ |
| ٢٠١١ | ٤٣٦٩٤ | ٨٦ | ١,٩ | ١٨٦٣٧٥٣ | ٢٦١٧ | ١,٤ |
| ٢٠١٢ | ٤٥٠٠٥ | ٧٦ | ١,٦ | ١٩٠٨٦٢٣ | ٢٦٣٣ | ١,٣ |
| ٢٠١٣ | ٤٦٣٥٦ | ٨٤ | ١,٨ | ١٩٥٦٣٣٨ | ٢٦٣٨ | ١,٣ |
| ٢٠١٤ | ٤٧٧٤٦ | ٨٧ | ١,٨ | ٢٠٠٥٢٤٦ | ٢٥٩٤ | ١,٢ |
| ٢٠١٥ | ٤٩١٧٨ | ٩٣ | ١,٩ | ٢٠٥٥٣٧٧ | ٢٤١٧ | ١,١ |
| ٢٠١٦ | ٥٠٦٥٤ | ١١٨ | ٢,٣ | ٢١٠٦٧٦١ | ٣٠٨٣ | ١,٤ |
| ٢٠١٧ | ٥٢١٧٤ | ١٣٠ | ٢,٤ | ٢١٥٩٤٢٩ | ٢٩٢٠ | ١,٣ |
| ٢٠١٨ | ٥٣٧٣٩ | ٩٤ | ١,٧ | ٢٢١٣٤١٥ | ٢٩٢٦ | ١,٣ |
| ٢٠١٩ | ٥٥٣٥١ | ١٠٦ | ١,٩ | ٢٢٦٨٧٥٠ | ٣٠٣٧ | ١,٣ |
| ٢٠٢٠ | ٥٦٣٥٩ | ١٢٣ | ٢,١ | ٢٣١٦٥٥٢ | ٣٢٥٥ | ١,٤ |
| تێکڕا | - | - | ١,٩ | — | — | ١,٣ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە:

[١] پاشکۆی (٢).


[٢] پاشکۆی(٣).

٣-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی دەربەندیخان، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دەربەندیخان، هۆبەی لەدایکبون و مردن، زانیاری دەربارەی لەدایکبون و مردن لەشاری دەربەندیخان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩ـ ٢٠٢٠)،بڵاونەکراوە.

(٤)حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی تەندروستی،بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی،نوسینگەی لەدایکبوون و مردنی سلێمانی،تۆماری لەدایکبوون و مردنی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٠٩ـ٢٠٢٠)،بڵاونەکراوە.

شێوەی(٣)

ڕێژەی مردن لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بۆساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠) لەهەزاردا




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست  بە خشتەی(٧)

**بەشێوەیەکی گشتی مردن دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەرەوە کە بریتین لە:**

**١ـ ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی:**

باری تەندروستی هەر کۆمەڵگەیەک کاریگەری لەسەر مردن هەیە وە تاوەکو کۆمەڵگەکە لەڕوی تەندروستیەوە پێشکەوتوبێت تێکڕای مردن کەم دەبێت و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. هەروەها بەو پێیەی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە ناوچەی توێژینەوە لە ئاستێکی باڵادا نیە هەربۆیە ڕێژەی مردنیش تاڕادەیەک بەرزە، لەبەرئەوەی لە زۆرینەی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوەدا بنکەی تەندروستی پێشکەوتووی تێدا نیە، ئەمەش وایکردووە کە دانیشتوانەکەی بەمەبەستی چارەسەری تەندروستی ڕوو لە سەنتەری قەزا بکەن و لە سەنتەری قەزایشدا خزمەتگوزاری تەندروستی ئەوتۆ بەردەست نیە، ئەمەش وایکردووە نەخۆشەکان ناچاربن لەوێوە ڕووبکەنە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی و لەکاتی گواستنەوەی نەخۆشدا زۆرجار پێش ئەوەی نەخۆشەکە فریای نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی بکەوێت لەڕێگەدا گیان دەسپێرێت، واتا لاوازی خزمەتگوزاری تەندروستی زۆربەی کات خەڵکی ناوچەکە دووچاری کێشەی گەورەتر دەکاتەوە، تاوەکو حاڵەتی مردنیش.

**٢- جەنگ :**جەنگەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی مردنە. ناوچەی توێژینەوەکەمان بەدرێژای ماوەی پێشوو بەهۆی ئەوەی کە نزیک سنوری وڵاتی ئێرانە و لە ماوەی جەنگی (ئێران و عێراق)دا چەندین جار دووچاری بۆردومان کردن بووەتەوە ،ئەمەش هۆکاربووە بۆ مردنی ژمارەیەک لە دانیشتوانەکە ،وەهەروەها شەڕی ناوخۆی هێزە کوردیەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢-١٩٩٧)هۆکاریکی دیکەی مردن بووە لە ناوچەکەدا بەوپێیەی دانیشتوانەکی وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان لایەنگیری هێزە جیاوازەکانیان کردووە بەشدار بوون لە شەڕەکاندا،ئەمەش هۆکاربووە بۆمردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ،هەروەها لەماوەی ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)بەهۆی شەڕی داعشەوە ژمارەیەک لە دانیشتوانی ناوچەکە دوچاری مردن بوونەتەوە ئەمەش بەو پێیەی کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدان. ئەم جۆرە مردنەش بەزۆری ڕەگەزی نێری گرتۆتەوە.

## ٣ـ نەخۆشی و بۆماوەیی:

یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر زیادبوونی ڕێژەی مردن ، کەم خۆراکی لەدایک و لەمنداڵدا هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی مردنە،بەتایبەت لە وڵاتە تازە پێگەشتووەکاندا.[1] وە لە ناوچەی توێژینەوەکەدا لە ساڵانی(١٩٩٢-١٩٩٨)خەڵکی ناوچەکە وەک هەموو بەشەکانی تری پارێزگای سلێمانی دوچاری چەندین نەخۆشی وەرزی و درێژخایەن بوونەوە ئەمەش بەهۆی کەمی دەرمان و کەمی خۆراک،ئەش بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆری منداڵ و نەخۆش و بەساڵاچووەکان لە ناوچەی توێژینەوە، سەرباری مردنی (٢٣)کەس لەساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠)دا لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەهۆی نەخۆشی کۆرۆناوە ، سەرباری مردنی ژمارەیەکی دیکەی خەڵکی ناوچەکە بەنەخۆشی کۆرۆنا بەڵام تۆمارنەکردنی لەنەخۆشخانەکان ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای بلاوبونەوەیدا هەرکەسێک دووچاری ئەم نەخۆشینە ببوایەتەوە بە عەیبە لێی دەڕوانرا، کە هەموو ئەمانەیش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر مردنی بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی ڕێژەی مردنەکەیش[2].

## ٤-هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری:

هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت لەگوندەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا فاکتەرێکی گرنگی مردن بووە بەتایبەت کێشەی زەوی و ماڵات و دەستەڵاتی هۆزایەتی ، سەرباری خراپی دۆخی ئابوری ناوچەی توێژینەوەکە لەماوەکانی پێشوتر (١٩٩٢-٢٠٠٠) کە خەڵکی ناوچەکە گرفتاری گرانیەکی سەخت بونەوە، بەهۆیەوە چەندین کەس کە ڕوویان لەکاری قاچاخچێتی و پوچەڵکردنەوەی مین بۆ فرۆشتن کردووە دووچاری مردن ببونەوە، بەڵام لەپاش ئازادی عیراقەوە لەساڵی(٢٠٠٣)تاڕادەیەک باری ئابوری گەشەیکرد و کێشە کۆمەلایەتیەکانیش کەمبوون تا ئەوکاتەی لەساڵی (٢٠١٣)ەوە حکومەتی عیراق بودجەی حکومەتی هەرێمی بڕی و دیسانەوە خەڵکی ناوچەکەیش وەکو بەشێک لەخەڵکی هەرێم دووچاری کێشەی ئابوری

---

[1] احمد نجم الدين، جغرافيه سكان العراق،طبعة الأولي،المطبعة جامعة بغداد،١٩٨٢،ص٨٢ـ٨٥.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(نەورۆز حەسەن بورهان)لێپرسراوی نوسینگەی لەدایکبوون و مردنی قەزای دەربەندیخان،لە ڕێکەوتی(٢٠٢١/٥/٢٨)

سەخت بوونەوە و بەم هۆیەیش کێشە کۆمەلایەتیەکان نوێ بـوونەوە و ململانـێ لەسـەر زەوی و خەرمـان سەریهەڵدایەوە و چەندین کەس بوونە قوربانی.

## ج - زیادبوونی سروشتی و کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوان:

وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە، مەبەست زیادبوونی سروشتی جیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردوانە ئەمەش یان بە ژمارە یاخود بە ڕێژە دەخەملێنرێت،هەرچی ڕێژەیە ئاماژەیە بەکۆی دانیشتوان لە سەدا یان لە هەزاردا لە سـاڵێکی دیـاریکراودا،وە پێویسـتە تێبینـی ئەوە بکرێـت کە گەر لەدایکبـوون لە مـردن زیاتربێـت ئەوا زیادبوونی سروشتی زیادبونێکی ئاسـاییە،بەڵام ئەگەر مـردن لە لەدایکبـوون زیاتربێـت ئەوا زیـادبوونێکی پێچەوانەیە. وەگرنگترین پێوەرەکانی زیادبوونی سروشتیی دانیشتوان بریتیە لە:

**ا-زیادبوونی سروشتیی پوخت:** ئاماژەیە بۆجیـاوازی نێـوان ژمـارەی لەدایکبـوان و مردوانـی تۆمـارکراو لەناوچەیەکی جوگرافیدا بۆماوەی ساڵێک پاش لێدەرکردنی کۆچ. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێژە ڕەهایەی کە خۆی دەنوێنێت لەزیادبوونی ژمارەیی کەسەکان لەژێر کاریگەری فاکتەری لەدایکبون و مردندا:

زیادبوونی سروشتیی پوخت بۆساڵی( ٢٠٢٠ ) = ژمارەی لەدایکبوان-ژمارەی مردووان ، ئەمەش دەتوانین بۆ چەندین ساڵی یەک لەدوای یەک ئاماژەی پێبدەین.

**ب-تێکڕای زیادبوونی سروشـتیی:** ئامـاژەیە بـۆ بەرئەنجـامی کەرتێکـی دابەشـیی کە تێیـدا زیـادبوونی سروشتیی پوخت (لەدایکبوان-مردووان) دابەشی ژمارەی دانیشتوانی دەکەین لەنیوەی سـاڵدا و دواتـریش لێکدانی هەزار دەکرێت، واتا بۆهەر هەزار کەسێکە ئەنجامەکەی ، بەم جۆرە:

$$\frac{\text{ژمارەی لەدایکبون __ ژمارەی مردووان}}{\text{دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا}} \times ١٠٠٠$$

مەبەستیش لە ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا بریتیە لە تێکڕای ژمارەی دانیشتوان لەماوەی ئەو ساڵەدا بەگریمانەکردنی ئەوەی ئەو زیادەسروشتیەی لەکۆمەڵگەدا ڕوودەدات شـێوازێکی پلەیـی هەیە، پشتبەسـت بەمەیش ئەوا دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا دەتوانرێت دەربهێنـدرێت لەڕێـی لێـدەرکردنی ژمـارەی دانیشـتوان لەسەرەتای ساڵ و کۆتایی ساڵەکە و دۆزینەوەی تێکڕایشی بە دابەشـکردنی تێکـڕای لەسـەر ئەم دووە، بەم جۆرە:

١-دەرهێنانی زیادبوونی سروشتی پوخت بۆهەر ساڵێک .

٢-خەملاندنی ژمارەی دانیشتوان لەسەرەتای ساڵ و کۆتاییەکەی، دواتریش دەرهێنانی تێکـڕای دانیشـتوان لەماوەی ساڵێکدا کە یەکسانە بەژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ماوەکەدا.

٣-هەژماردنی ڕێژەی زیادبونی سروشتیی بەپشتبەست بەیاسای تایبەت[١].

بەگشـتی بەهـۆی ئەو جیـاوازیەی کە لە نێـوان مـردن و لەدایکبوونـدا هەیە دەتوانرێـت زیـادبوونی سروشتیمان دەست بکەوێت،وە بەتێبینیکردنی خشتەی ژمارە(٨) بۆمان دەردەکەوێـت کە ڕێـژەی زیـادبوونی سروشتی لەقەزای دەربەندیخان لەماوەی (٢٠٠٩ و ٢٠٢٠) بەرزونزمی بەخۆوە بینیوە و لەم ماوەیەدا بەرزترین ڕێژەی زیادبوونی سروشتی بریتی بـووە(٢٦,٧)لەهەزاردا لە سـاڵی (٢٠١٠)و هۆکـاری پشـت ئەم زیـادبونە

---

[١] عبدالحسين زيني،والعبدالحكيم القيسي،الاحصاء السكاني، الطبعة الاولى، دار الكتب، بغداد ١٩٨٠، ص١٥٦.

سروشتیەیش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری لەدایکبوون بەفاکتەری خۆشگوزاری دانیشتوان لەو ماوەیەدا، هەروەها نزمترین ڕێژەی زیادبوونی سروشتی لەساڵی ( ٢٠١٩ )دا تۆمارکراوە بە ڕێژەی (٢,٣ )لەهەزاردا،ئەمەش بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی سەخت لەهەرێم و ناوچەکە و نەخۆشی کۆرۆنا کە هاندەری بیرکردنەوە لەخۆسەلامەتی بووە لەم ماوەیەدا، بڕوانە شێوەی (٤). بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا ڕێژەی زیادبوونی سروشتی بەڕێژەیەکی کەم بەرزبونەوەی بەخۆوە بینیوە و گەیشتۆتە(٢.٦)لەهەزاردا. ئەگەر سەرنجی خشتەی(٨) بدەین دەبینین لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩ـ٢٠٢٠) زیادبوونی سروشتی بەرزوو نزمی بەخۆوە بینیوە، وە ئەگەر بە وردی تێبینی بکەین ئەوا دەبینین تێکڕای زیادبوونی سروشتی لە قەزای دەربەندیخان لەم ماوەیەدا(١٤,٤) بووە لە هەزاردا ،واتا ڕێژەی لە دایکبوون زیاترە لە مردن ،کە تێکڕای لە دایکبوون(١٦,٣) بووە لە هەزاردا وە هەروەها لە هەمان ماوەدا تێکڕای مردن(١,٩) بووە لە هەزاردا،بەمەش زیادبوونی سروشتی لە قەزای دەربەندیخان لە ڕیزی ئەو ناوچانەدایە کە زیادبوونی سروشتی نزمە کە بەتێکڕا زیادبوونی سروشتی دەکاتە ١٤.٤لەهەزاردا ،کەواتا زیادبوونی سروشتی کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان، وە پشتبەست بەو داتایەی پرۆفیسۆر (د.جەزاتۆفیق تالیب)ئاماژەی پێکردووە بۆ تێکڕای مردن لەعێراقدا کە ڕێژەکەی بە(١٠.٦)([1])لەهەزاردا دیاریکردووە، و بەمەیش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تێکڕای لەدایکبوون لە قەزای دەربەندیخان لەم ماوەیەدا(١٦.٣) بووە لە هەزاردا و گەر لێدەرکردنی ڕێژەکەی عێراقی بکەین ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە جیاوازیەکەیان بریتییە لە (٥.٧)لەهەزاردایە، هەربۆیە قەزای دەربەندیخان لەو ناوچانەیە کە زیادبوونی سروشتی تێیدا نزمە، ئەمەش لەخشتەی ژمارە(٨)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی(٨)**

**زیادبوونی سروشتی لە قەزای دەربەندیخان لە (٢٠٠٩-٢٠٢٠)**


| ساڵ | ڕێژەی لە دایکبوون لە هەزاردا | ڕێژەی مردن لەهەزاردا | زیادبوونی سروشتی لە هەزاردا |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٢٨,١ | ١,٨ | ٢٦,٢ |
| ٢٠١٠ | ٢٨,٤ | ١,٧ | ٢٦,٧ |
| ٢٠١١ | ٢٥ | ١,٩ | ٢٣,١ |
| ٢٠١٢ | ٢٠,٢ | ١,٦ | ١٨,٦ |
| ٢٠١٣ | ٢١,٥ | ١,٨ | ١٩,٧ |
| ٢٠١٤ | ٢٤ | ١,٨ | ٢٢,٢ |
| ٢٠١٥ | ١٢ | ١,٩ | ١٠,١ |
| ٢٠١٦ | ١١,٧ | ٢,٣ | ٩,٤ |
| ٢٠١٧ | ١١ | ٢,٤ | ٨,٦ |
| ٢٠١٨ | ٥,٨ | ١,٧ | ٤,١ |
| ٢٠١٩ | ٤,٢ | ١,٩ | ٢,٣ |
| ٢٠٢٠ | ٤,٧ | ٢,١ | ٢,٦ |
| **تێکڕا** | ١٦,٣ | ١,٩ | ١٤,٤ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست  بە هەردوو خشتەی(٤ ، ٧)

[1] جەزا تۆفیق تالیب،بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

شێوەی(٤)

زیادبوونی سروشتی لە قەزای دەربەندیخان لە ماوەی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە خشتەی ژمارە(٨)

**باسی سێیەم/ کۆچ**

بەگشتی گەشەی دانیشتوان پەیوەستە بەزیادبوونی سروشتی و کۆچەوە [١] کۆچیش واتا جوڵەی نائاسایی خەڵکان لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی تر بەپێی دۆخی ژیان و بەرژەوەندی و گوزەران، جا ئەم جوڵەیە تاکانەبێت یاخود بەکۆمەڵ. یاخود دەتوانین بڵێین: کۆچ بریتیە لە جوڵان لەدەستی نادادی و رووکردنە ناوچەیەکی نوێ بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی باشتر و مانەوە تێیدایە بەهەمیشەیی [٢] واتا هەرکەسێک شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی گۆڕی و ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە نوێیە نیشتەجێ بوو کە سنوری ئیداری و سیاسی تێپەڕاندووە ئەوا بەکۆچبەر دادەنرێت. پێویستە کەسی کۆچبەر لەگەڵ گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونیدا یەکە ئیدارییە کۆنەکەی تێپەڕێنێت لەژینگە نوێیەکەیدا [٣]. ئەو ناوچەیەی کە کۆچکەران بەجێی دەهێڵن بە ناوچەی رسەن دەناسرێت بەڵام ناوچەی وەرگر پێی دەگوترێت بۆهاتوو، بە دەرئەنجامی لێدەرکردنی هاتوان لە کۆچکردوان بۆ هەمان خاڵ دەگوترێت پوختەی کۆچ، خۆئەگەر ئەنجامەکە پۆزەتیف بوو ئەوا زیادەکە دەخرێتەسەر زیادبونی سروشتی و خۆئەگەر نەگەتیف بوو ئەوا لێی دەردەکرێت [٤]. وە کۆچ لەو فاکتەرە گرنگانەیە کە

---

[١] سالم علی الشواره و محمود عبدالله الجیس، جغرافیا السکان، المصدر السابق، ص٧٨.

[٢] رزکار سعید بشدری: العماله الوافده و التغیر الدیمغرافي في العراق، من منشورات مرکز کوردستان للدراسات الأستراتیجیه، السلیمانیة ٢٠٠٨، ص١٩.

[٣] فوزي عبد سهاونة و موسا عبودة سمحة: جوگرافیای دانیشتوان، و.هیوا امین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥٨.

[٤] ذنون یونس عبدالله، نمو سکان مدینه الموصل للفتره ١٩٥٧-١٩٩٥، رساله ماجستیر،جامعه الموصل، کلیة التربیة ١٩٩٨،ص١٧٣.

کاردەکاتەسەر جۆرایەتی و تەمەنی دانیشتوان، لەبەرئەوەی کۆچکردووان بەزۆری گەنجانن هەربۆیە وڵاتی وەرگر بەرەو نوێبونەوە دەچێ بەپێچەوانەی وڵاتی لێدەرچوو[1].

دانیشتوانی ناوچەکە بەهۆی کەمی هەلیکار و سەختی گوزەران لەبچوکترین هەلی گونجاودا شوێنی جوگرافیای ژیانیان دەگۆڕن، زۆرجار کۆچەکانیان بۆ دەرەوەی نیشتیمانە و گەڕانەوەی هەمیشەییان مەحاڵە بەڵام هەندیك جاریش کۆچەکانیان کاتیی دەبن و بەرەو شارەکانی دەوروپشتی ناوچەکانی خۆیانە و بەگەیشتنە مەرام کەسەکان دەگەڕێنەوە هەمان لانکەی پێشوتریان و بەگشتی ئەم جوڵانە دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ:

## ١- کۆچی ناوخۆیی:

مەبەست لەکۆچی ناوخۆیی بریتیە لەجوڵەی دانیشتوان لەنێو خودی سنورێکی دیاریکراو ئەمەش بەهۆکاری جیاواز و هەندێکی پەیوەندە بە باری ئابورییەوە کە کۆچەکان لەناوچەی کەم دەرامەت و داهاتەوە بەرەو ناوچە دەوڵەمەندەکانە، یاخود لەناوچەی نائارامەوە بۆناوچەی ئارام، یاخود کۆچی زۆرە ملێ دەبێت کە ئەمەیان لەلایەن حکومەتەکانەوة بەناچاری و پشتبەست بەمەرامێکی سیاسی خەڵکی ناوچەیەک ناچار بەکۆچ دەکەن، سەرباری هەڵهاتن لە ستەم و دۆخی کۆمەڵایەتی نەخوازراو[2]،

واتا گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون لەناوچەیەکی ئیدارییەوە بەرەو ناوچەیەکی تر لەناو یەک دەوڵەتدا ڕوودەدات ئەوا پێی دەگوترێت کۆچی ناوخۆیی[3]. واتا ڕێژەیەکە لەدانیشتوان کە سنوری دەوڵەتی خۆیان نابڕن و ڕووناکەنە وڵاتێکی دیکە بەڵکو تەنها لەناو وڵاتی خۆیاندا کۆچ دەکەن و ئەمەش وایکردووە پێوانەکردنی ئەم کۆچە ئەستەمبێت بەتایبەت لەسنوری توێژینەوەکەی ئێمەدا.

بەگشتی کۆچی ناوخۆیی دووجۆرە:

### ا-کۆچکردن لەگوندەوە بۆ سەنتەری قەزای دەربەندیخان

کۆچی گوندنشینان بەرەو سەنتەری شارەکان پێکهێنەری ڕێژەیەکی زۆری زیادبوونی ناسروشتیانەی دانیشتوانی شارەکانە[4]. دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی نێو سنورێکی جوگرافی دیاریکراو بەردەوام دووچاری کۆچکردن و جێگۆڕین دەبنەوە بەپێی زۆر هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی، تاوەکو ڕێژەی کۆچی نێوان یەکە کارگێڕییەکانی سنورێکی دیاریکراو زیادبێت ئەوا ناهاوسەنگیی دابەشبوون و زیادبوونی نائاسایی دانیشتوانیش ڕوودەدات. بۆنمونە کۆچکردن لەگوندەوە بۆشار کە دیاردەیەکی جیهانییە بەتایبەت بۆ ناوچە پیشەسازییەکان بەمەبەستی باشتربوونی دۆخی ژیانیان و دەستخستنی هەلیکار [5]، وە سەبارەت بەکۆچکردن لەگوندەکانەوە بەرەو شارەکان، ئەم کۆچە لەکۆنەوە هەتا ئێستاش هەربەردەوامە بەڵام

---

[1] خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين،دراسة في الجغرافية السكان،مركز كردستان،للدراسة الأسراتيجية،السليمانية ٢٠٠٢،ص١٢٦.

[2] رزكار سعيد بشدري، العماله الوافدة و التغير الديمغرافي في العراق، المصدر السابق، ص٢٣.

[3] فوزي عبد سهاونة و موسا عبودة سمحة، جوگرافیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

[4] خليل اسماعيل محمد، التحليل الجغرافي لسكان المراكز الحضرية في محافظة السليمانية، مجلة متين، عدد٦٠، كانون الثاني ١٩٩٧، ص١٠٤

[5] رزكار سعيد، العماله الوافده و التغير الديمغرافي في العراق، نفس المصدر سابق، ص٢٩.

لەم دوایەدا یەکجار زیادی کردوە. ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی گوندەکان بەرەو شارەکان کۆچ دەکەن کە هۆکاری ئەم کۆچەش دەوەستێتە سەر جیاوازییی لەڕووی خزمەتگوزاریی وەکو ئاو، کارەبا وفێرکردن و تەندروستی وبوونی هەلی کار کردن زیاترە لەشارەکان لە چاو لادێکان [1].
هەرچی ناوچەی توێژینەوەکەیشە ئەوا دووچاری کۆچێکی بەردەوامی نێو یەکە کارگێڕییەکانی دەبێتەوە ، بەپێی ماوەکان( بڕوانە خشتەی ٩) کە دەتوانین بەم جۆرە پۆلێنیان بکەین:

**یەکەم: قۆناغی ١٩٧٧-١٩٨٧**

لەم قۆناغەدا کۆچی دێنشین بۆ قەزای سەنتەر زیادیکردووە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی زیادبوونی دانیشتوانی سەنتەرەکان بووە لەبەرانبەر پووکانەوەی دانیشتوانی گوندەکانیدا ئەمەش پشتبەست بووە بەفاکتەری سیاسی و جەنگیی کە زۆرینەی گوندەکانی ناوچەکە لەم قۆناغەدا بونەتە ناوەندێکی گەورەی پێکدادانی سەربازیی، سەرباری ئەوەی ئەم قۆناغە دەناسرێتەوە بەخراپی دۆخی ئابوری دێنشینەکان و بەرزی ڕێژەی پێداویستییان کە هاندەری کۆچن بۆسەنتەرەکان، بەو مانایەی قەزاکە لەم قۆناغەدا مۆرکێکی کشتوکاڵیی بەسەریدا زاڵبووە هەربۆیە لەبچوکترین دۆخدا گەنجانی کۆچیان کردووە بۆ ناوەندی قەزاکە و دواتریش بەشێکیان بەرەو دەرەوە قەزاکە و هەندەرانیش کۆچی دەرەکی ئەنجام دەدەن،

**دووەم: قۆناغی ١٩٨٧-٢٠٠٢**

ئەم قۆناغە بەقۆناغی بوژانەوەی گوندەکان دادەنرێت، ئەوەیش بەهۆی ئازادکردنی بە دەرپەڕاندنی ڕژێمی عێراق لەناوچەکەدا، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەناوەندەکانەوە ڕوویان لەگوندەکان کردووە و ئاوەدانیان کردنەوە، بەڵام گوندنشینی هەژاربوون، هەربۆیە لەبچوکترین دەرفەت و دەستکەوتنی سامانێکی ناونجیدا بۆ ژیانێکی باشتر ڕوویان لە قەزای سەنتەر کردۆتەوە و بەمەیش ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی گەشەی گوندنشینەکان زۆر کەمبوەتەوە، کە لەخشتەی ژمارە (٩)دا ڕوونکراوەتەوە.

**سێیەم: قۆناغی ٢٠٠٢-٢٠٢٠**

ئەم قۆناغە بەقۆناغی چۆڵکردنی خۆویستانەی گوندەکان دادەنرێت، بەهۆی زۆری داهاتی شارنشینەکانی ناوچەکە و ئاسانی دەستکەوتنی هەلیکار و مووچەی زۆر لەناوەندەکاندا، ئەمەش هانی گوندنشینەکانیدا پاش دامەزراندنیان وەک پۆلیس و پێشمەرگە و کارمەندی حکومی ڕووبکەنەشارەکان و گوندەکانیان بەزۆری چۆڵبکەن، بەڵام لەپاش ساڵی (٢٠١٣)ی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەربۆیە دیسانەوە بەشێکی زۆر لەوانەی لەشارەکاندا بوون و خاوەنی زەوی و زاربوون، دیسانەوە بۆ دەستکەوتنی داهاتێک و کەمکردنەوەی خەرجی ڕوویان لەگوندەکان کردووە و بوون بە بنەماڵی دووبنە.
بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە(٩) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بەهۆی نەبووونی داتای تەواو دروست و ڕوون تایبەت بە دیارخستنی پوختەی کۆچی گوندنشینەکانی دەربەندیخان بۆ نێو خودی قەزاکە ئەوا پشتمان

---

[1] کامەران تاهر سعید،قەزای کۆیە توێژینەوەیەکی جوگرافیای هەرێمی،ماستەر،بڵاوکراوە،کۆلێژی پەروەردە، بەشی جوگرافیا، زانکۆی کۆیە،ساڵی٢٠٠٦، ل١٢٤.

بەستووە بە گەشەی دانیشتوانی سەنتەر و گوندەکانی لەماوە جیاوازەکاندا، بەتایبەت ئەو قۆناغانەی بە قۆناغی کۆچی گوندنشین بۆ سەنتەری قەزا دەناسرێتەوە .

واتا لەخشتەی ژمارە(٩)ەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشین لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٧٧ـ١٩٨٧) بریتی بووە لە (١٠%) لەکاتێکدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین بریتی بووە لە( ٩.٦%) بەپوختەی کۆچی( ٠.٤ % )لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆسالآنی (١٩٨٧ــ٢٠٠٢) بەگەشەی شارنشین دابەزیوە بۆ(- ٠,٩ )و گوندنشینیش بەهەمان شێوە ڕێژەکەی دابەزیوە بۆ (-٨,٩) بە پوختەی کۆچی (-٨)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم ماوەیەدا ناحیەی زەڕایەن و گوندەکانی لە قەزای دەربەندیخان جیاکراونەتەوە و ناحیەی بەمۆیش لە(١٣)گوندی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە پێکهێندراوە و خراوەتەسەر قەزای خانەقین کە ئەوکات ناوەندی بەڕیوەبردنی قەزای خانەقین لە گوندی مەیدان بووە[1] ، وە لەماوەی نێوان سالآنی (٢٠٠٢ـ٢٠٠٩)گەشەی دانیشتوانی شارنشین زۆر بەرزبوتەوە و دیاردەی کۆچکردن بەڕوونی دیارە، لەکاتێکدا ڕێژەی گەشەی گوندنشین بەسالب (١٢,٧) بووە، ئەمەش بەهۆی کۆبونەوەی سەرمایە و خزمەتگوزاری لە سەنتەری قەزای دەربەندیخان و کەمی لەگوندەکاندا کە هاندەری کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بووە بەرەو سەنتەر (٤).بەڵام لەسالآنی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)دا ڕێژەی گەشەی شارنشین نزمبوەتەوە بۆ(٣%) و گەشەی گوندنشینیش دیسانەوە نزم بوەتەوە بۆ (١.٢- %)، بەپوختەی کۆچی( ١.٨%) بۆ دانیشتوانی قەزاکە، ئەمەش بەهۆی تێکچوونی دۆخی ئابوری قەزاکەوە ، وەک بەشێک لەئابوری تێکچووی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی(٩)**

**پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای دەربەندیخان لەماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠) (%)**

| ماوە | ڕێژەی گەشە دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان | | پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی(%) |
|---|---|---|---|
| | شارنشین% | گوندنشین% | |
| ١٩٨٧-١٩٧٧ | ١٠ | ٩,٦ | ٠,٤ |
| ٢٠٠٢-١٩٨٧ | ٠,٩- | ٨,٩- | ٨- |
| ٢٠٠٩-٢٠٠٢ | ٨,٧ | ١٢,٧- | ٤- |
| ٢٠٢٠-٢٠٠٩ | ٣ | ١,٢- | ١.٨ |
| ٢٠٢٠-١٩٧٧ | ٤,٣ | ٣,٥- | ٠,٨ |


سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە :پاشکۆی(١)

*بۆ دەرهێنانی ڕێژەی پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی پشت بەم هاوکێشەی خوارەوە بەستراوە:
ڕێژەی پوختەی کۆچ=ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە قەزا- ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەپاریزگا.
بڕوانە: چراخان نصرالدین صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەمالسەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[1] بڕوانە پاشکۆی(٥).

**شێوەی(٥)**

**پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی لەقەزای دەربەندیخان لە ماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە خشتەی (٩)

## ب-کۆچکردن بۆدەرەوەی قەزا بەڵام لەچوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدا

ئەم جۆرە بەزۆری ڕێکخراوانەیە ئەمەش بەهۆی ئاسانی هۆکاری گەیشتنە ناوچەی مەبەست و هۆکارەکانیشی زۆرە لەوانەیش: هاوسەرگیری، هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیان، بوونی جەنگ لەبەشێکی ناوچەکەدا[1]. وە ئەم جۆرە کۆچە بە فاکتەری گرنگ و سەرەکی زیادبوونی دانیشتوانی ناوچەیەکی نێو پارێزگایەک دادەنرێت لەچاو ناوچەکانی دیکەی هەمان پارێزگادا[2]. وە سەبارەت بە ئاماری کۆچکردن هیچ ئامارێك لەبەر دەستدانیە سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە کۆچیان کردوە. بۆ دەرەوەی قەزاکە یا خود هاتوون بۆ قەزاکە. بۆ زانینی ڕێژەی کۆچبەران بۆ قەزاکە، دەتوانین بەراورد لە نێوان تێکرای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و قەزای دەربەندیخان بکەینە پێوەر.

ئەگەر سەرنجی خشتەی(١٠)بدەین ئەوا دەبینین کە لەماوەی (١٩٧٧ـ١٩٨٧)دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان گەشەی ساڵانەی بە ڕێژەی(٩,٨%)زیادیکردووە، بەڵام لە هەمان ماوەدا پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی(٣,٢%) گۆڕانی ساڵانە زیادی کردووە واتە پوختەی کۆچ لەو ماوەیەدا(٦,٦%) بووە،ئەمەش دەری دەخات لەوماوەیەدا پوختەی کۆچ لە بەرژەوەندی قەزای دەربەندیخان بووە . هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو کاتەدا دانیشتوانی ناوچەکانی دەربەندیخان کۆچیان کردووە بۆ قەزاکە وە هەروەها ،ناحیەی زەراینی تازەپێکهێندراویش خراوەتە سەر قەزای دەربەندیخان[3]

هەروەها لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧ــ٢٠٠٢) قەزای دەرەبەندیخان ،بەڕێژەی (-٤,٥%)گەشەی ساڵانە کەمی کردووە ، بەڵام لە هەمان کاتدا پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی(١.٨%)گەشەی ساڵانە زیادیکردووە، پوختەی

[1] عبدالفتاح محمد وهيبة: جغرافيا السكان، المصدر السابق، ص٢٠٠.
[2] احمد نجم الدين،: احوال السكان العراق، من منشورات معهد والدراسات العربية، بدون مكان المطبعة ١٩٧٠،ص١١٤.
[3] عبدالله غفور،التشكيلات الأدارية في جنوبي كردستان(١٩٢١ـ٢٠٠٧)، المصدر السابق ، ص١١٤.

کۆچی(-٦,٣%) بووە کە ئەمەش لە بەرژەوەندی پارێزگای سلێمانیدابووە هۆکاری ئەمەش لابردنی زەرایەن و بەمۆیە لەسەر دەربەندیخان [1]وە لە ماوەی (٢٠٠٢ـ٢٠٠٩) پوختەی کۆچ بە هەمان شێوە لە بەرژەوەندی پارێزگاکەدا بووە، بەڵام لە ماوەی (٢٠٠٩ـ٢٠٢٠)دا پوختەی کۆچ (٠,٣) بووە لەبەرژەوەندی قەزای دەربەندیخان، ئەمەش بەهۆی بوژاندنەوەی زیاتری قەزاکەوە بوو لە دوای ساڵی(٢٠٠٩)ەوە و جیابوونەوەی پارێزگای هەڵەبجەشی لە رێکەوتی(٢٠١٤/٣/١٣) لەپارێزگای سلێمانی [2]. بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی توێژینەوەکەماندا پەختەی کۆچ بریتییە لە (-٠,٩) ئەمەش لە بەرژەوەندی پارێزگای سلێمانییە.

**خشەی ژمارە(١٠)**


**پوختەی کۆچ لە قەزای دەربەندیخان بۆ پارێزگای سلێمانی و بە پێچەوانەوە لە ماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠)**

| ماوە | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان | | ڕێژەی پوختەی کۆچ لە دەربەندیخان |
|---|---|---|---|
| | قەزا% | پارێزگا% | |
| ١٩٧٧ـ١٩٨٧ | ٩,٨ | ٣,٢ | ٦,٦ |
| ١٩٨٧ـ٢٠٠٢ | -٤,٥ | ١,٨ | -٦,٣ |
| ٢٠٠٢ـ٢٠٠٩ | ٤,٧ | ٥,٣ | -٠,٦ |
| ٢٠٠٩ـ٢٠٢٠ | ٢,٨ | ٢,٥ | ٠,٣ |
| ١٩٧٧ـ٢٠٢٠ | ٢ | ٢,٩ | -٠,٩ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە خشتەی (٢)

**شێوەی(٦)**

**پوختەی کۆچ لە قەزای دەربەندیخان بۆ پارێزگای سلێمانی و بە پێچەوانەوە لە ماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست به خشتەی(١٠).

[1] عبدالله غفور،التشكيلات الأدارية في جنوبي كردستان(١٩٢١ـ٢٠٠٧)، المصدر السابق ، ص١٢٨.
ب/بروانە:پاشکۆی(٥)

[2] بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١٩)ی ساڵی (٢٠١٤)لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران(لە٢٠١٤/٣/١٣) نوسراوی ژمارە(١٦٩٤) بڕیاردرا بە دامەزراندنی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستانی-عێراق.

## ٢-کۆچی دەرەکی

دەتوانرێت کۆچی دەرەکی پێناسەبکرێت بەوەی جوڵەی دانیشتوانە لە نێوان پارێزگا و هەرێمەکاندا یاخود لەنێوان ولاتەکاندا بەئامانجی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون بەئامانجی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. بەشێوەیەکی گشتیش کۆچی دەرەکی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، ئەوانیش:

### ا-کۆچکردن بۆ دەرەوەی پاریزگا بەڵام لەنێو هەمان دەوڵەتدا

لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا عێراق بەگشتی دووچاری چەندین کۆچی گەورەی نێوان پارێزگاکان بوەتەوە ئەمەش پاڵپشت بەسیاسەتی بنبڕکردنی نەتەوەیی و ئایینی و تایيفی، سەرباری جەنگی نێوان عێراق-ئێران کە فاکتەرێکی دیکەی کۆچی ناچاریی چەندین ناوچەبووە و ئەمەش کاریگەری گەورەی کردۆتەسەر پێکهاتەی دانیشتوان[1].

ئەوەی لێرەدا مەبەستە کۆچکردنی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانییە کە قەزای دەربەندیخانیش بەشێکە لەم پارێزگایە بۆ دەرەوەی پارێزگاکە بەڵام لەنێو خودی هەرێمدا.. شیکردنەوەی ئەم بابەتە دوورمان دەخاتەوە لە ئاراستەی توێژینەوەکەمان هەربۆیە تەنها بەو چەند دێڕە ئاماژەمان بۆکردووە.

### ب-کۆچکردنی نێودەوڵەتی:

کۆچە دەرەکیەکان بەکۆنی مێژووی مرۆڤ کۆنن، بەڵگە مێژووییەکان ئاماژەن بۆئەوەی باوانمان ماڵ بەکۆڵ بوونە و سنوری وڵاتانیان تێپەڕاندووە بۆ گەیشتنە ژیانێکی باشتر[2].ئەم جۆرەی کۆچ چەند ساڵێك دەخایەنێت بەڵام هەردەبێت لەکۆتاییدا کۆچکەر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. لەتایبەت مەندییەکانی ئەم کۆچەش :زۆربەی کۆچکەران لەڕەگەزی نێرینەن و زۆر بەدەگمەنیش خێزان لەخۆدەگرێت، وە ئەوکۆچانەن کە سنوری وڵاتان و دەریا و زەریاکانیش تێدەپەڕێنن. ئامارەکانی ئەم جۆرە کۆچە لە کونسوڵگەکانی وڵاتان و نوسینگەکانی پاسپۆرت لەسەر سنوری وشکانی و دەریایی دەستەبەر دەبێت. هەربۆیە ئەو ژمارانەی دەستمان دەکەوێت زۆر جیاوازدەبن. ئەمەش سەرباری ئەوەی وەڵامی هەموو پرسیارەکانمان ناداتەوە و هەندێکیان بە لێڵی دەمێنێتەوە [3].

ئەم جۆرە کۆچەیش هاوشێوەی کۆچەکەی پێشوتر کۆچێکی هێندە کاریگەرنیە کە بەفاکتەرێکی گرنگی دابنێین بۆ زیادبوون و گەشەی دانیشتوانی قەزاکە یاخود کەمبونەوەی ، بەڵام بەگشتی لەماوەی ساڵی (١٩٩١)دا کۆچی نێودەوڵەتی لەم قەزایەدا بەڕوونی دیارکەوت بەئاراستەی وڵاتی ئێران و ولاتانی یەکێتی ئوروپا، دواتریش لەماوەی ساڵانی (١٩٩٢- ١٩٩٩)ڕەوتێکی دیکەی کۆچ بەرەو هاندەران دەستی پێکرد،[4] بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە نەبوونی هیچ جۆرە داتایەکە بۆ دیارخستنی ڕاستی ئەم کۆچە، هەربۆیە ئێمەیش نەمانتوانیوە بەوردی باس لەم کۆچە بکەین. بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ کاریگەر هەن لەپشت جوڵەی کۆچەوە، کە بریتین لە:

---

[1]هاشم نعمه فیاض، العراق دراسات فی الهجره السکانیه الخارجیه،الطبعة الاولی، دار الرواد، بغداد ٢٠٠٦، ص٥.

[2]فوزی عبد سهاونة و موسی عبودة سمحة: جوگرافیای دانیشتوان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

[3]عبدالفتاح محمد وهیبه، جیۆگرافیای دانیشتوان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

[4]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(محمد حاجی مەحمود) کەسایەتی دیاری ناوچەی دەربەندیخان،ڕێکەوتی(٢٠٢١/٥/٢٠).

### ١-فاكتەری ئابوری:

یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ڕەوتی کۆچکردن و دیاریکردنی نـاوچەی کۆچ لێکراو و ناوچەی کۆچ بۆکراو، بەجۆرێك کاریگەری ئابوری خۆی لە هەلیکار و بژێویـدا دەبینێـتەوە سەرباری هەوڵدان بۆ زیادکردنی دەستمایە، ئەمەش بەوپێیەی ئەو ناوچانەی کۆچیان بۆدەکرێت هەلیکاریان زیاترە و زۆرێك لەو ناوچانە لەبنەڕەتدا پێویستیان بە دەستیکارە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئـابوریی نـاوچە و وڵاتەکە، بەڵام زۆرجار ناوچەی کۆچ بۆکراویش بەهۆی زۆری کۆچبـۆکردنەوە دووچـاری بـارێکی ئـابوری نەخوازراو دەبێتەوە کە ناچارە پشت لە کۆچبۆکردووەکان بکات و هانیان بـدات بـۆ گەڕانەوە. لەنـاوچەی توێژینەکەماندا هەمیشە ئاراستەی کۆچکردن پاڵپشت بەفـاکتەری ئـابوری لەگونـدەوە بـۆ ناوەنـدی شـار و لەناوەندی شارەوە بۆ قەزاکانی دیکەی پارێزگای سلێمانی و دەرەوەی هەرێمیش بووە.

### ٢ـ فاکتەری سیاسی و سەربازی:

فاکتەری سیاسـی و سـەربازی دەبـنە هـۆی نـاڕێکی لەدابەشـبوونی دانیشـتوان، دواتـریش هۆکـارن بـۆ کـۆچکردن یـاخود ڕاگواسـتنیش ، کە ئەمەش دەبێـتە هـۆی سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی دانیشـتوان لەسنورەکەدا[1].

ئەم فـاکتەرە بە بەهێزتـرین هۆکـار دادەنرێـت لەپەرەسـەندنی کـۆچی دانیشـتوانی گونـدەکان بەتـایبەت لەئەنجامی ئەم بارودۆخە سیاسیەی کە لەئاکامی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد و حکـومەتی عێـراق لەلایەك، شەڕی نێوان ئێران و حکومەتی عێراق لەلایەکی دیکەوە هاتە ئـاراوە[2]. سـەرباری ئەوەی ڕێککەوتننـامەی ساڵی (١٩٧٥)ی جەزائیر نەخشێکی گەورەی لەپاکتـاوکردنی خەڵکـانێکی زۆری دێهاتەکـانی سـەر سـنوری عێراق-ئێران و بەقوڵایی زیاتر لە (٢٠کم) هەبوو، سەرئەنجام خەڵکانی ئەم دێهاتانە ناچاربوون کـۆچبکەن بەرەو شارە ئارامەکان[3].

و یەکێکی دیکە لەفاکتەرەکانی پشت کۆچ بریتیە لەفاکتەری سیاسی، کە لەناوچەی توێژینەماندا بەڕوونی کاریگەرییەکەی دیارە بەتایبەت لەکاتی کۆچپێکردنی بەزۆرە ملێی دانیشـتوانی گونـدە سـنورییەکانی نێـوان قەزاکە و وڵاتی ئێرانەوە بۆ ئۆردۆگای صدامیة حلبجة و دواتر هەوڵدان بۆ گەورەکردنەوەی هەردووو ناحیە و ئۆردوگای زەڕایەن و صدامیە حلبجە بە دانیشتوانە کۆچ پێکراوەکانی گوندەکان و دواتـریش پێکهێنـانی قەزای دەربەندیخان بۆ هەما مەبەست لەم جـێگەیەی ئێسـتای، هەمـوو ئەمـانەیش لەپێنـاو کـۆنترۆڵکردنی سیاسی و سەربازیانەی گوندنشینەکان و ناوچەکانیان بووە لەسنوری قەزای دەربەندیخاندا.

---

[1] عباس فاضل السعدي، دراسة في جغرافية السكان، من منشورات منشأة معارف، طبعة الاولى، قاهرة ١٩٨٠، ص٦١

[2] هیوا ئەمین شوانی، شیکردنەوەی جووگرافی بۆ گەشـەی شارنشـینی لەپارێزگـای هەولێـر، نـامەی ماسـتەی، بڵاونەکـراوە، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٧، ل٤٣ .

[3] خەلیل اسماعیل محمد، لایەنی دیمۆگرافی بزاوتی کۆچ لەپارێزگای هەولێر، گۆڤاری سـەنتەری تـوێژینەوەی سـتراتیجی ، ژمارە ١، ساڵی پێنجەم، نیسانی ١٩٩٦، ل١٤

### ٣ـ فاكتەری كۆمەڵایەتی:

زاڵێتی بیری خێڵگەرێتی كە سەرچاوەی كێشەیە لەچەندین ناوچەدا و زیادبوونی ژمارەی نائاسایی دانیشتوانی گوندیش هاندەری كۆچن لە ناوچەی خێڵەكییەوە بۆ ناوچەی كراوە، بەمەبەستی گەیشتنە ناوچەی ئارام و پڕداهاتتر[1].

هاوسەرگیریش وەكو فاكتەرێكی كۆمەڵایەتی یەكێكی دیكەیە لەفاكتەرەكانی كۆچ و تاڕادەیەك ڕۆڵێكی مەزنی هەیە لەگەشەپێدانی سنوردارانەی دانیشتوانی ناوچەیەك یاخود كەمكردنەوەی بەشێكی كەم لەدانیشتوانی ناوچەیەك. هەروەها جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی فاكتەرێكی دیكەی كۆچە لەزۆر ناوچەی جیهاندا، وەكو كۆچی كریستیان و جوەكانی عێراق بۆ دەرەوە بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانیان، كۆچی سوونەكانی ناوەڕاستی عێراق بۆ هەرێم، بەڵام لەناوچەی توێژینەكەماندا ئەم جۆرە كۆچە هەرچەندە هەیە بەڵام لاوازە.

### ٤ـ فاكتەری تەندروستی:

بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بەهۆی كەمخۆراكی و نەبوونی هۆكارەكانی خۆپارێزی دیسانەوە هاندەری كۆچن بەمەبەستی خۆ ڕزگاركردن لەنەخۆشی و فەتارەتە باوەكان[2].كۆبونەوەی فەرمانگە تەندروستیەكان لەناوەندی قەزاكەدا هاندەرێگی دیكەی كۆچی ئەو خەڵكەی دەرویشتی سەنتەر بووە كە نەخۆشی درێژخایەن و مەترسیداریان هەیە بۆ ڕووكردنە سەنتەری قەزاكە، زۆرجاریش هاندەرێكی پێچەوانەبووە و كۆچ بەرەو دەرەوەی قەزاكەی لێ كەوتۆتەوە..

### ٥ـ فاكتەری خزمەتگوزاری

كۆبونەوەی ناوەندە خزمەتگوزارییەكان لەسەنتەری شارەكان هاندەرێكی مەزنە بۆ بوونیان بە ناوەندێكی گرنگی كۆچ بۆكراو، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی بەشێك لەدانیشتوانی گوندەكان كۆچبكەن بەرەو سەنتەر و دواتریش لەسەنتەرەوە بۆ ناوەندی پارێزگای سلێمانی یاخود بۆ دەرەوەیش، بەمەبەستی چنگخستنی خزمەتگوزارییەك كە پێشیاوی ژیانكردن بێت.

### دەرئەنجامەكانی كۆچ:

كۆچی دانیشتوان چەندین دەرئەنجام و كاریگەری كۆمەڵایەتی و ئابوری و دیمۆگرافی و ڕۆشنبیری و سیاسیشی هەیە، لەنمونەی زۆر زیادبونی ژمارەی جوتیارەكان لەچاو دۆنمە زەویە بەردەستەكاندا، بڵاوبونەوەی نەخۆشی كشتوكالیی و زیانگەیاندن بە گوندنیشینان ،نائارام بوونی شوێنی ژیانیان، وە زۆرینەی كۆچكەرانیش چینی گەنجن بەتایبەت نێرینەكان، هەربۆیە دەبێتە هۆكاری كەمبونەوەی لەدایكبوون و هاوسەرگیری و دابەزینی تێكڕای پیتداری و گۆڕانی زمان و باری دیمۆگرافیای ناوچەكەیش، سەرباری تێكدانی شیرازەی خێزان بەتایبەت كۆچی نێودەوڵەتی و لەدەستدانی كەسانی بیرمەند و خاوەن توانایی

---

[1] احمد نجم الدين، احوال السكان العراق، المصدر السابق، ص١٢٤.

[2] المصدر نفسه ، ص١٢٣.

زانستی[1]. واتا کۆچ بەگشتی کۆمەڵێک کاریگەری لەسەر ناوچەی ڕسەن و بۆهاتویشدا بەجێ دەهێڵێت ئەوانیش:

١-کۆچ فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ گەورەبوونی گوند و شارەکانی کۆچ بۆهاتوو، ئەمەش کاردەکاتەسەر دابەشبوونی دانیشتوان و چڕی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە.

٢-ناوچەی ڕسەن دووچاری پوکانەوەی گەشە دەبێت، سەرباری گۆڕانی دۆخی ئابوری دانیشتوانەکەی و زۆرجار بەرەو باشتربوون ئاراستەی دەکات.

٣-لەسەر ئاستی خێزانیش کۆچکردن کاریگەری گەورەی لەسەر شیرازەی خێزانەکە دەبێت بەتایبەت کاتێک سەرۆکی خێزانەکە کۆچدەکات و بەمەیش ڕۆڵی منداڵ و ژنانی ناوچەی ڕسەن گۆڕانی بەسەردا دێت بەتایبەت گەر لەلایەن ئەوکەسەوە پارەیان بۆ نەیاتەوە کە بۆ باشترکردنی دۆخی ئابوری خێزانەکە کۆچیکردووە.

٤-دروستبوونی ناوچەی نوێی تایبەت بە گروپە ئیتنی و نەژادییە نوێیەکان لەشارە کۆچ بۆهاتووەکاندا، لێرەوەیش گەر یاسا باڵا نەبێت ململانێی نێوان کۆچبەران و گروپی خانەخوێدا دروست دەبێت.

٥-ناسەقامگیریی سیاسی و گۆڕانی ئاستی گوزەران[2].

بەگشتی لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە گەشەی سروشتی دانیشتوانی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بەردەوام بەرزو نزمی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش بەهۆی ناجێگیری لەدایك بوون و مردن بەپێی قۆناغەکان و کەمێتی لەداتای تۆمارکراوی ناچەی توێژینەوە ، سەرباری گەشەی ناسروشتیانەی ناوەندی قەزاکە لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧ـ٢٠٢٠)دا لەژێر کاریگەری فاکتەرە ئابوری و سیاسی و خزمەتگوزارییەکاندا ،بەپێی دۆخی قۆناغەکان، بەڵام بەگشتی زانیارییەکانی ساڵانی پێش ساڵی (٢٠٠٠)داتاکانی بەرێژەیی ڕاستن، واتا پڕن لەکەموکورتی و ئەمەش بەهۆی کەم تەرخەمی لەتۆمارکردنی داتا و دواتریش ئارەزووی حکومەتی عێراق لە شێواندنی داتاگیری لەناوچەی لێکۆڵینەوە ، لەژێر کاریگەری ڕەوتی سیاسی بەعسیزم، دواتریش کەم ئەزمونی حکومەتی هەرێمی ساڵانی نەوەدەکان لەم داتاگیرییانە، بەڵام لەپاش ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تاڕادەیەك داتاکان بەرەو زانستی ئاراستەیان وەرگرتووە و دەتواندرێت بۆ لێکۆڵینە زانستیەکان تاڕادەیەکی زۆرباش پشتیان پێ ببەسترێت و داتاکاریەکانی ئەم بەشەی ئێمەیش لەم چوارچێوەیەدا بووە.

---

[1] هاشم نعمه فیاض،: العراق دراسات فی الهجره السكانیه الخارجیه، المصدر السابق، ص١٥ـ١٩.

[2] فوزی عبد سهاونة و موسی عبودة سمحة، جوگرافیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

# بەشی دووەم
# دابەشبوونی دانیشتوان

## باسی یەکەم
## پێوەرەکانی دابەشبوون

## باسی دووەم
## شیوازەکانی دابەشبوون

## بەشی دووەم
## دابەشبوونی دانیشتوان

ئەنجامدانی تـویژینەوەی دابەشـبوونی دانیشـتوان تـایبەتە بە یەکەیەکـی جێگەیـی کـە تایبەتمەنـدییەکی جوگرافیانە دەنوێنێت، ئەمەش لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی زۆر بەهێـزی شـوێنیی هەیە لەنێـوان دانیشـتوان و شوێندا. هەرچی جوگرافی ناسیشە سەرەنجێکی تایبەتیانداوە بە تویژینەوەی دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان، ئەم پەیوەندییە شـوێنییەمان لەڕێـگەی نەخشـەوە دەربڕیـوە کە ڕوونکـاری وێـنە و تەرزەکـانی دابەشـبوونی دانیشتوانە، ئەمەش بەئامانجی پیشاندانی باشترین ڕوونکردنەوەی کاتی و شوێنیی پشتبەست بە هەندێک پێوانەی ئاماریی، کە چڕی و پەرتبوونی دانیشتوان دەنوێنێـت، ئەمەش بەوهـۆیەی کە کـردەی دابەشـبوونی دانیشتوان بەرئەنجامی کارلێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی نێوان فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانە، بەتایبەت گەر بشزانین ئەم کردەیە بریتییە لەکردارێکی دینامیکی بەردەوام لەهەموو کات و شوێنەکاندا کە هۆکـار و ئەنجامەکانی بەپێی کات و شوێن جیاوازە[1].

### باسی یەکەم/پێوەرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

دابەشـبوونی جوگرافیـایی دانیشـتوان کـۆڵەکەیەکی سـەرەکی جوگرافیـای دانیشـتوانە، کە پەیوەنـدە بە دابەشـبوونی شـوێنییەوە، ئەمەش بەوهـۆیەی کە ئەوەی گرنـگ و سـەرەکییە لە جوگرافیـادا بـریتییە لە لەتـویژینەوەی پەیوەنـدی دابەشـبوونی دانیشـتوان لەگەڵ فـاکتەرە سروشـتی و مرۆییەکانـدا[2].بەمەبەسـتی ڕوونکـردنەوەی چـۆنیەتی دابەشـبوونی دانیشـتوان پسـپۆڕانی ئەم بـوارە چەنـدین پێـوانە و ئامارکاریـان بەکارهێنـاوە، بە مەبەسـتی ڕاڤە و دیارخسـتنی شـێوەو تەرزەکـانی دابەشـبوونی شـوێنی دانیشـتوان.[3]، وە بەشێوەیەکی گشتیش گرنگترین پێوەرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بریتین لە: [4]

١ـ پێوەری دابەشبوونی ژینگەیی.

٢ـ پێوەری چڕی دانیشتوان.

٣ـ پێوەری گردبوونەوەی دانیشتوان.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بریتییە لە تیشک خستنەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکە، پشتبەست بە پێوەرەکانی(دابەشبوونی ژینگەیی و چڕی دانیشتوان). لە ناوچەی تویژینەوەکەدا ئەم دوو جۆرە پێوەرە بە ئاسانی دەتـوانین جێبەجێـی بکەیـن، کە سـودێکی باشـیان دەبێـت بـۆ دەرخسـتنی شـێوازی دابەشـبوونی دانیشتوانی ناوچەکە.

---

[1] ممدوح عبدالله مصطفى ابو رمان، اتجاهات سكان الحضر في الأردن(١٩٦١-١٩٩٤)، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعـة بغداد،٢٠٠٢، ص٢٥.

[2] فاتیمە قادر مستەفا، دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٨، ل٨٩.

[3] سمير صباح رجب ئاكرەیی، ألتحليل ألجغرافي لتوزيع ألسكان فـي قضـاء ئـاكرى، رسـالة ماجسـتير،غير منشـورة، جامعـة السليمانية، كلية العلوم الأنسانية، ٢٠١٠، ص٢٠٠.، ص٩٨.

[4]رشود بنت محمد الخريف،التوزيع الجغرافي لسكان المملكة العربية السعودية، بدون اسم مطبعة، كويت ١٩٩٨،ص١١، ١٢

## تەوەری یەکەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

دابەشبوونی ژینگەیی واتا دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە شار و گوندەکاندا، ئەم جۆرە دابەشبوونە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی دەردەخات، ئەمەش وایکردووە جێگەی گرنگیپێدان بێت لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا، کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیانەن کە پەیوەستن بە سروشتی شێوازەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوان و شێوەی نشینگەکان و چۆنیەتی دابەشبوونیان و دانیشتوانی شاریش لە گوندنشین جیاوازن لەڕووی دابەشبوون و چڕی و شێوازی ژیانیانەوە، سەرەڕای پێکهاتە ئابوریەکان و قۆناغەکانی گەشەیان، بە شێوەیەکی گشتیش چەندین پێوەر هەن بۆ دەرخستنی تایبەندمەندیە ژینگەییە جیاوازەکانی گوندنشین و شارنشین.[1] لە عێراقدا پێوەری کارگێڕی حکومی وەکو پێوەرێکی بنچینەی بۆ دابەشبوونی ژینگەی شار و لادێ بەکارهێنراوە و هەر ناوچەیەک شارەوانی تێدابێت پێی دەوترێت شار (گەورە و بچووک )، بەڵام هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی سنوری شارەوانییەوە پێی دەگوترێت گوند[2]، شاریش بەپێی پێوەری کارگێڕی عێراق ئەوشوێنەیە کە ئەنجومەنی شارەوانی تێدایە و ژمارەی دانیشتوانی زۆرەو سەرقاڵی کاری ناکشتوکاڵین ،بەڵام گوند ئەو شوێنەیە کە ئەنجومەنی شارەوانی تێدا نییە و لەڕووی پیشەوە دانیشتوانەکەی سەرقاڵی کاری کشتوکاڵین.[3]

## یەکەم دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا بەگشتی

ئەم دابەشبوونە دەکرێت لەچەندین ڕوانگەوە لێی بڕواندرێت و بەرزبونەوەی ڕێژەی شارنشینی لەهەموو کۆمەڵگەکاندا نیشانەی پێشکەوتن و بەمەدەنی بوون و بەجێگەی شانازی کۆمەڵگەکان هەژمارکراوە[4]، لەسەر بنەمای ژینگەی ژیانکردن دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بۆ :

### ا- دانیشتوانی شارنشین

مەبەستیش لە دانیشتوانی شار هەموو ئەو کەسانەن کە لە سنوری شارەوانیدا نیشتەجێن جا لە ناحیەدابێت یان قەزا.[5] بەڕوانین لەخشتەی (١١)دا دەردەکەوێت لەماوەی توێژینەوەکەماندا(١٩٧٧-٢٠٢٠)، دانیشتوانی شارنشین لەسەنتەری قەزادا گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەچەشنێک لەساڵی (١٩٧٧)دا ئەم ڕێژەیە تەنها (٣٩,٧%)ی دانیشتوانی شارنشینی پێکهێناوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا ئەم ڕێژەیە بەرزبوەتەوە بۆ(٩٤.٧%)ی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکە، بەمەش جیاوازی نێوان ئەم دوو ماوەیە (٥٥%)بووە، کە ئەمەش لای خۆیەوە ڕێژە گۆڕانکارییەکی زۆر بەرزە کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، ئەم ڕێژەیە بەپێی ساڵەکان هاوشێوە نییە و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەچەشنێک لەساڵی (١٩٨٧)دا ڕێژەی شارنشینی بەرزبوەتوە بۆ (٤٠.٦%)ی کۆی دانیشتوان و ڕێژەی گەشەی سالانەیش لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧)دا (١٠%)بووە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٢)دا ڕێژەی شارنشینی (٧٠.٦%)ی کۆی دانیشتوانی ناوچەی

---

[1] سروە جەلال حەمە، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧_٢٠١٢)دا،تێزی دکتۆرا،کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیکان،بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی ،٢٠١٩،ل٩٢.

[2] د.عباس فاضل السعدي، دراسة في الجغرافيا السكان، المصدر السابق، ص٧٥-٧٦.

[3] شاسوار محمد محمود، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دووکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩

[4] د.محمد شوانی، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

[5] منيب مشعان احمد الدوري، قضاء بلد دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، كلية التربية،جامعة تكريت، ٢٠٠٤، ص٧٥ .

توێژینەوەکەی پێکهێناوە، بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەماوەی نێوان(١٩٨٧-٢٠٠٢)بریتی بووە لە(-٠,٩%) خۆ ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەین بە جیاوازی ساڵانەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەماوەی نێوان (١٩٧٧-١٩٨٧)دا ئەوا ڕوونە کە ڕێژەی گەشەی ساڵانە نزم بوەتەوە ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک بڕیاری سیاسی و کارگێڕی ،لەشێوەی جیاکردنەوەی سەنتەری ناحیەی زەڕایەن[1] لە قەزاکە، ئەمەش وایکردووە شارنشینی کەمبێت . بەڵام لەساڵی(٢٠٠٩)دا ڕێژەی شارنشینی(٩١.٩%)ی کۆی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکەی پێکهێناوە، لەکاتێکدا ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩)دا بریتی بووە لە(٨.٧%)، خۆ ئەگەر بێتو ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەین بەساڵی (٢٠٠٢)ئەوا دەبینین کە ڕێژەکە زۆر بەرزبوەتەوە، وە زیادبوونی دانیشتوانی شارنشین لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ دیارکەوتنی یەکەیەکی کارگێڕی نوێ لەساڵی(٢٠٠٥)دا بەناوی ناحیەی باوەخۆشێن کە گوندی باوەخۆشێن کراوە بەسەنتەری ناحیەکە([2])' بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا ڕێژەی شارنشینی (٩٤.٧%) ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە و ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەماوەی نێوان (٢٠٠٩-٢٠٢٠) بریتی بووە لە (٣%) ، وە ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەین بەساڵی(٢٠٠٩)ئەوا دەبینین ڕێژەکە بەرزبوەتەوە. ئەمەش بەهۆی باشتربوونی دۆخی ئابوری شارەکان و کەمبونی هەلی کار لەگوندەکاندا. بەگشتی گەشەی شارنشین لەماوەی نێوان( ١٩٧٧-٢٠٢٠)بریتی بووە لە(٤,١%)، ئەمەش دەرهاویشتەی چەندین هۆکارە کە بەقازانجی شارنشینی لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا شکاوەتەوە. وەکو:

١ـ لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ـ ١٩٨٧)دا لەسنوری قەزاکە هەردوو ناحیەی دەربەندیخان و زەڕایەن هەبووە[3] وەک دوو ناوەندی شارنشینی، ئەمەش وایکردووە کە ژمارەی شارنشین ئاسایی زیاتربێت وەک لەگوندنشین. بەو مانایەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ـ١٩٨٧)دا لە ئەنجامی سوتان و وێرانکردنی گوندێکی زۆری سنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا دانیشتوانی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەکە ڕوویان لە زیادبوون کردووە.[4]

٢-لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)دا دانیشتوان شارنشینی یەکە کارگێڕییەکان گەشەیان بەسالب بووە، ئەمەش وەک پێشتر ئاماژەمانپێدا بەهۆی جیاکردنەوەی ناحیەی زەڕایەن لە قەزاکە و ڕوودانی ڕووداوی کۆڕەو و شەڕی ناوخۆوە و جیاکردنەوەی ناحیەی بەمۆوە بووە.

٣-ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩): لەم ماوەیەدا دانیشتوانی شارەکان گەشەکردنی مەزنیان بەخۆیانەوە بینی، بەهۆی باشتربوونی دۆخی ئابوری شارەکان و کەمبوونی هەلی دەستکەوت لەگوندەکان و پشت گوێ خستنی گوندەکان لەلایەن حکومەتەوە و زۆربەی دانیشتوانی گوندەکان بوون بە موچە خۆری حکومەت و

---

[1] أ-بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە( ٣١١) لەبەرواری ١٩٨٩\٦\٢٨ بڕیاردرا گۆڕینی ناوی ناحیەی زەڕایەن بۆ ناوی ناحیەی شارەزوور و دابڕینی لەقەزای دەربەندیخان و خرانەسەر قەزای صدامیة حلبجة(قەزای شارەزووری ئێستا). عبداللە غفور، التشکیلات الأداریة في جنوب کردستان(١٩٢١ـ٢٠٠٧)، المصدر السابق ، ص١٢٨. **ب-ناحیەی بەمۆ:** بەپیی بڕیاری ژمارە (٢٨٠) لەبەرواری (١٩٩٩\١١\٤) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران(ئیدارەی سلێمانی) بڕیاردراوە بە پێکهێنانی ناحیەی بەمۆ کە سەنتەری ناحیەکە دەکەویتە گوندی گلێجاڵەوە لەسەر میلاکی قەزای خانەقین. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە( ٥ ) .

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز( زانا بەهادین) بەڕێوەبەری ناحیەی باوەخۆشێن، ٢٠٢١/٧/١٤ .

[3] أـ وزارة التخطیط، الجهاز المرکزي للاحصاء،نتائج التعداد العام للسکان لسنة١٩٧٧،المحافظة السلیمانیة،١٩٧٨،ص٣٦.
ب ـ وزارة التخطیط، الجهاز المرکزي للاحصاء،نتائج التعداد العام للسکان لسنة١٩٨٧،المحافظة السلیمانیة،١٩٨٨،ص ٨٢ـ٨٣.

[4] خلیل اسماعیل محمد، التحلیل الجغرافي لسکان مراکز الحضریة في محافظة السلیمانیة، مجلة متین، عدد ٦٠، کانون الثاني ١٩٩٧، ص١٠٨.

کۆچیان کردووه بەرەو شارەکان، سەرباری پێکهێنانی ناحیەی باوەخۆشێن لەساڵی (٢٠٠٥)دا و دابینکردنی جۆرێک لەخزمەتگوزاری حکومی بۆ ناحیەکە، هەموو ئەمانە وایکردووە گۆڕانێک لەژینگەی نیشتەجێ بوونی شارنشینی لەسنوری ناوچەی توێژینەوەدا ڕووبدات.

**٤- ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠) :** ئەم ماوەیە دەناسرێتەوە بەلوتکەی گەشەی شارنیشینی بەجۆرێک ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی لە(٣٨٣٨١)کەسەوە زیادیکردووە بۆ( ٥٣٥٦٤)کەس لەسەر ئاستی گشتی قەزا و ڕێژەی شارنشینی لەسالی (٢٠٠٩)دا کە بریتی بووە لە(٩١.٩%) لەساڵی (٢٠٢٠)دا زیادیکردووە بۆ(٩٤.٧%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە، یەکێک لەفاکتەرە گرنگەکانی ئەمەش بەهۆی زیادبەردەستبوونی خزمەتگوزاری هەمەجۆر لە سەنتەرە شارنشینیەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا.

**٥-ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠) :** بەگشتی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠) ڕێژە و ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی زیادیکردووە بەجۆرێک لەساڵی (١٩٧٧)دا ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی بریتی بوونە لە(٩٤٦٠)کەس کە ڕێژەی (٣٩.٧%)ی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا ئەم ژمارەیە زیادبووە بۆ( ٥٣٥٦٤)کەس بەڕیژەی (٩٤.٧%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە، لێرەوەیش ڕوونـدەبێتەوە کە لەم ماوەیەدا (٤٤١٠٤)کەس لەدانیشتوانی شارنیشنی زیادیکردووە بەتێکڕای ڕێژەی( ٥٥%)، ئەمەیش بەهۆکاری کۆچی ناچاری لەگوندەوە بۆشار و زیادبوونی ناسروشتیی گەشەی سەنتەری قەزا بەفاکتەری دەستەبەری خزمەتگوزاری لەسەنتەر و کۆچی ژمارەیەکی زۆر عارەب لەپارێزگای دیالە و بەغدادەوە بۆ سەنتەری قەزاکە.

**خشتەی (١١)**

**دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان(١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ | شارنشین | | گوندنشین | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ڕێژە% | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ڕێژە% |
| ١٩٧٧ | ٩٤٦٠ | ٣٩,٧ | ١٤٣٥٩ | ٦٠,٣ |
| ١٩٨٧ | ٢٤٧٠٧ | ٤٠,٦ | ٣٦٠٠٠ | ٥٩,٤ |
| ٢٠٠٢ | ٢١٣٧٣ | ٧٠,٦ | ٨٨٨٨ | ٢٩,٤ |
| ٢٠٠٩ | ٣٨٣٨١ | ٩١,٩ | ٣٤١٤ | ٨,١ |
| ٢٠٢٠ | ٥٣٥٦٤ | ٩٤,٧ | ٢٩٨٦ | ٥,٣ |

سەرچاوە ئامادەکراوە پشتبەست  بە پاشکۆی (١)

**خشتەی (١٢)**

**ڕێژەی گەشە و گۆڕانی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| ماوە | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان | |
|---|---|---|
| | شارنشین% | گوندنشین% |
| ١٩٧٧ - ١٩٨٧ | ١٠ | ٩,٦ |
| ١٩٨٧ - ٢٠٠٢ | -٠,٩ | -٨,٩ |
| ٢٠٠٢ — ٢٠٠٩ | ٨,٧ | -١٢,٧ |
| ٢٠٠٩- ٢٠٢٠ | ٣ | -١,٢ |
| ١٩٧٧- ٢٠٢٠ | ٤.١ | -٣.٥ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە هەمان سەرچاوەی خشتەی (١١).

## ب ـ دانیشتوانی گوندنشین:

ڕێژەی گوندنشینی لە ماوەی توێژینەوەکەدا(١٩٧٧-٢٠٢٠)لە قەزای دەربەندیخان گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە. بەشیکردنەوەی خشتەی (١١) و خشتەی(١٢) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان گەشەی شارنشینی و گوندنشینی لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەپێی ساڵ و قۆناغەکانی توێژینەوەکە، بەو پێیەی دانیشتوانی قەزاکە لەساڵی( ١٩٧٧)دا ڕێژەی گوندنیشینی تێیدا (٦٠.٣%) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی(٢٠٢٠)دا ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ(٥,٣%)، واتا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٠)گەشەی گوندنشینی لە سنوری قەزاکەدا(٥٥%)کەمی کردووە، ئەمەش گۆڕانی ژینگەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە پیشان دەدات.

هەروەها لە ساڵی(١٩٨٧)دا ژمارەی گوندنشینی زیادیکردووە بۆ(٣٦٠٠٠)کەس، بەڵام بەهۆی ڕێژەی گوندنشینی بەراورد بە ساڵی (١٩٧٧)ڕێژەکەی دابەزیوە بۆ(٥٩,٤%)ی کۆی دانیشتوان، لەکاتێکدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەماوەی نێوان (١٩٧٧-١٩٨٧)بریتی بووە لە (٩.٦%)، واتا گەشەکردنی گوندنشینی بەڕوونی لەڕێژەیەکی بەرزدا ماوەتەوە، هەرچەندە ڕیژەکەی لەئاست کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەدا کەمیکردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لەساڵی (١٩٨٧)دا ناحیەی زەڕایەن خراوەتە سەر قەزای دەربەندیخان کە دانیشتوانە شارنشینەکەی زۆربووە هەربۆیە ئەمە هۆکاربووە بۆ شاردنەوەی گەشەی گوندنشینی لەم ماوەیەدا، بەڵام لەساڵی( ٢٠٠٢)دا دانیشتوانی ژینگەی گوندنشینی قەزاکە بەنائاسایی کەمبونەوەیان بەخۆیانەوە بینیوە و نزمبوەتەوە بۆ (٢٩.٤%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە، بەمەش ڕێژەی گەشەی سالانەی گوندنشین لەماوەی نێوان سالانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)دابەزیوە بۆ (-٨.٩%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی ناحیەی زەڕایەن و گوندەکانی لەسەر قەزای دەربەندیخان و پێکهێنانی ناحیەی بەمۆش لەسەر حسابی قەزای دەربەندیخان و لکاندنی بەقەزای خانەقین و دواتریش بە هەڵەبجەوە . لە ساڵی (٢٠٠٩)دا جارێکی تر ڕێژەی گوندنشینی دابەزیوە بۆ (٨.١%)ی کۆی دانیشتوان، بەمەش ڕێژەی گەشەی سالانەی گوندنشین لەماوەی نێوان سالانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩) بریتی بووە لە(-١٢.٧%)، هەروەها لەساڵی (٢٠٢٠)دا جارێکی تر ڕێژەی گوندنشینی دابەزیوە بۆ (٥.٣%)ی کۆی دانیشتوان، هەروەها ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)دا بریتی بووە لە(-١.٢%) و بەگشتی

لەماوەی توێژینەوەکەماندا (١٩٧٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین بریتی بووە لە(-٣.٥%) ، هۆکاری ئەمانەیش دەگەڕێتەوە بۆ :

- لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) گوندەکانی ناوچەکە لەم قۆناغەدا بەر شالاوی ڕاگواستن کەوتوون، ڕاگواستنی گوندنشینەکان بەهۆی دروستکردنی پشتینەی ئەمنییەوە بووە ، بەمەبەستی نەهێشتنی پشتێنەی بەگژاچونەوەی حکومەتی بەعس[١].

- لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٨ــ ٢٠٠٢) لابردنی ناحیەی زەرایەن لەسەر قەزای دەربەندیخان و دروستکردنی ناحیەی بەمۆ هۆکارێکی تربووە لەهۆکارەکانی کەمبونەوەی ڕێژەی گوندنشینی لەقەزای دەربەندیخان، هەروەها دانیشتوانی گوندە سنوریەکانی ڕاگوێزان بەرەو سەنتەرەکانی ناوچەی توێژینەوەکە و چەندین گوندیش بەر شاڵاوی ڕووخاندن کەوتن و بەوهۆیەوە گوندنشینی ڕووی لەکەمبوون کرد.

-لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩) دانیشتوانی گوندەکانی سنوری قەزاکە ڕووی لەکەمی کردووە بەهۆی دیارکەوتنی سیستمی دامەزراندنی حکومی و کەمبونەوەی قازانجی کشتوکاڵ و دەستەبەربوونی هەلیکار لەشارەکان و نەمانی خۆشگوزەرانی و کەمی خزمەتگوزاری لەگوندەکان.

-لەماوەی نێوان سالانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)دا دیسانەوەیش بەهۆی قەیرانی دارایی و سەختبوونی دۆخی ژیانی خەڵکەوە ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکان دیسانەوە ڕوویان لەشارەکان کردۆتەوە و بەم هۆیەوەیش ڕێژەی گوندنشینی زۆر کەمبویەوە.

## دووەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان بەپێی یەکە کارگێڕییەکان

مەبەست لەدابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ هەردوو جۆری شارنشین و گوندنشین. ئەم جۆرە توێژینەوانە گرنگی دەدات بە شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گەشەی ساڵانە و ڕێژەی گەشەی شارنشین و گوندنشینی یەکەکارگێڕییەکان وەکو یەک نییە و بەپێی ماوەکانیش جودایە[٢] ، ئەمەش بەوپێیەی لەماوەی نێوان ساڵانی توێژینەوەکەماندا( ١٩٧٧- ٢٠٢٠) گۆڕانکارییەکی مەزن لە گەشە و ڕێژەی شارنشین و گوندنشیندا لەنێوان یەکە کارگێڕییەکاندا ڕووی داوە.

### یەکەم: دانیشتوانی شارنشین

لەعێراقدا فەرمانگەی حکومی بنچینەی پێوەری دیاریکردنی شارو گوندە، بەم جۆرەیش ناوەندە شارنشینیەکان ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنانەی کە یەکەی کارگێڕین و ئەنجومەنی شارەوانییان تێدایە و زۆرینەیان لەپیشەسازیی وبازرگانی و خزمەتگوزارییەکاندا کاردەکەن و بەشێکیشیان ئەزمونێکی پێشتری گوندنشینی و کشتوکاڵیی هەیە و کە دێتە شارەوە ناچاری گۆڕینی تەرزی ژیانی دەبێت و دانیشتوانی شار لەڕووی چڕی و دابەشبوون و تەرزی ژیانیانەوە لە دانیشتوانی گوند ناچن و جیاوازن، وەبۆ دیاریکردنی ئاستی شارنشینی دەتوانین سوود لەم هاوکێشەیە وەربگرین:

$$\text{ئاستی شارنشینی} = \frac{\text{دانیشتوانی شار}}{\text{کۆی دانیشتوان}} \times 100$$ [٣].

### ١ـ سەنتەری قەزای دەربەندیخان

---

[١] ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان(تەرحیل،تەعریب و تەبعیس)، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی ٢، سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٩٨.

[٢]چراخان نصرالدین صالح ، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

[٣]فاضل عباس السعدي، دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص٧٦.

پشتبەست  بەخشتەی ژمارە (١٣)ڕوون دەبێتەوە، ڕێژەی شارنشینی لە سەنتەری قەزادا بەپێی ساڵەکان زۆر جار ڕووی لەهەڵکشان بووە، هەرچەندە چەند ساڵێکی کەمیش ڕووی لەداکشان بووە، بەجۆرێک لەساڵی (١٩٧٧)دا ڕێژەی شارنیشینی سەنتەری قەزا(٣٩.٧%)ی کۆی دانیشتوانی سەنتەری قەزا بووە، بەڵام لەساڵی( ١٩٨٧)دا بەچەند فاکتەرێکی کارگێڕی ڕێژەی شارنیشینی لەسەنتەری قەزابەرزبوەتەوە بۆ(١٠٠%)ی کۆی یەکە کارگێڕییەکە، وە ئەم زیادبوونە نائاساییەیش زیادبوونێکی سروشتی نییە بەڵکو لەئەنجامی ڕاگواستنی گوندنشینان و دەستنەکەوتنی داتاوەبووە لەسەر دانیشتوانی گوندنشین لەم ساڵەدا ، لەکاتێکدا لەساڵی( ٢٠٠٢)دا ئەم ڕێژەیە لەچاو ماوەی پێشوتردا دابەزینی بەخۆوە بینیوە و ڕێژەکەی گەیشتۆتە (٧٠.٦%)،و لەساڵی( ٢٠٠٩)دا ڕێژەی شارنشینی لەسەنتەری قەزادا گەیشتۆتە (٩٢.٧%) ی کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکەی پێکهێناوە، و لەساڵی( ٢٠٢٠)یشدا ئەم ڕێژەیە گەیشتۆتە ترۆپک و شارنیشینی لەسەنتەری قەزادا بەرزبوەتەوە بۆ( ٩٥.٦% )، هۆکاری پشت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەردەوامی گوندنشینان بەرەو سەنتەر بەهۆی کۆبونەوەی  یەکە خزمەتگوزارییەکان و دامودەزگا حکومییەکان  لەناحییەی سەنتەردا.

## ٢ ـ ناحیەی باوەخۆشین

بۆ شیکردنەوەی ڕێژەی شارنشینی لەناحیەی باوەخوشێندا ئەوا دەتوانین پشت ببەستین بە ئامارەکانی ساڵانی (٢٠٠٩ و ٢٠٢٠)، ئەمەش بەهۆی تازەیی دامەزراندنی ناحیەکەوە. لەساڵی( ٢٠٠٩)دا ڕێژەی شارنشینی لەناحیەی باوەخۆشێندا (٥٢.٥%)ی یەکە کارگێڕییەکە بووە، بەڵام لەساڵی( ٢٠٢٠)دا ڕێژەکەی زیادیکردووە بۆ(٥٣.٥%)، ئەمەش مانای وایە کە ڕێژەی شارنشینی لەناحیەی باوەخۆشێندا بەڕێژەیەکی کەم ڕووی لەزیادبوون بووە، بەجۆرێک لەماوەی یازدە ساڵدا ( ١%) دانیشتوانی شارنشینی ناحیەی باوەخۆشێن زیادیکردووە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی شوێنیی ناحیەی بوەخۆشێن کە تاڕادەیەک داخراوە، سەرباری ئەوەی بازرگانی و خزمەتگوزارییەکانیش لە سەنتەری قەزادا کۆبوەتەوە.

## ٣-ناحیەی زەڕایەن

بەوپێیەی ناحیەی زەڕایەن تا ساڵی (١٩٨٩)دا سەربە قەزای دەربەندیخان بووە، هەربۆیە دەتوانین تەنها داتای ساڵی (١٩٨٧)وەربگرین کە بەردەستە و پشت بەست بەمەیش ڕێژەی شارنیشینی لەم یەکە کارگێڕییەدا لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە (٢٠.٦%)ی کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم ماوەیەدا زەڕایەن ئوردوگایەکی زۆرەملێ بووە و دانیشتوانی (٢٩)گوندی بۆ ڕاگوزاراوەتەوە[1] و بەم هۆیەوە سەنتەری ناحیەکە دروستکراوە و دانیشتوانی شارنشینی بەخێرایی گەشەیکردووە.

---

[1] سەرچاوە: بڕوانە پاشکۆی (٤) .

**خشتەی ژمارە(١٣)**

**ڕێژەی شارنشینی لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| یەکەی کارگێری | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە% | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە% | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە% | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە% |
| سەنتەر | ٩٤٦٠ | ٣٩,٧ | ١٥٣٥٠ | ١٠٠ | ٢١٣٧٣ | ٧٠,٦ | ٣٧٨٧٢ | ٩٢.٧ | ٥٢٩٠٦ | ٩٥.٦ |
| باوەخۆشێن | - | - | - | - | - | - | ٥٠٩ | ٥٢.٥ | ٦٥٨ | ٥٣.٥ |
| زەڕایەن | - | - | ٩٣٥٧ | ٢٠.٦ | - | - | - | - | - | - |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست به پاشکۆی(١).

## دووەم: دانیشتوانی گوندنشین

گوندنشینی ئاماژەیە بە ژینگەی تیاژیاوی جوتیار کە دیارخەری گونجاوییەتی لەگەڵ ژینگەکەیدا و پەیوەندیشە بە کێڵگە و باری دەروونی و کارگێڕی و ژیانی ڕۆژانەی جوتیارەوە[١] . وە ڕێژەی گوندنشینی بەپێیی یەکە کارگێڕییەکانی ماوەی توێژینەوەکە(١٩٧٧-٢٠٢٠) گۆڕانکاریی گەورە تێیدا ڕوویداوە، کە پشت بەست بە خشتەی ( ١٤) شیکردنەوەمان بۆ کردووە.

**یەکەم: سەنتەری قەزای دەربەندیخان**

سەنتەری قەزالەساڵی( ١٩٧٧)دا ڕێژەی گوندنشینیەکەی بریتی بووە لە(٦٠.٣%)ی کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکە(بڕوانە نەخشەی ٥)، بەڵام لەساڵی( ١٩٨٧)دا بەهۆیەی چۆڵکردنی لادێکان نیشتەجێبونیان لە ئۆردوگاکان داتای پێویست بەردەست نییە سەبارەت بەم ڕێژەیە هەربۆیە ناتوانین شیکردنەوە بۆ ئەم ماوەیەی گوندنشینی لەسەنتەری قەزادا ئەنجام بدەین، وە لەساڵی( ٢٠٠٢)دا ڕێژەی گوندنشینی لەسەنتەری قەزادا نزمبوەتەوە بۆ (٢٩,٤%) و لەساڵی( ٢٠٠٩)دا گوندنشینی لەسەنتەری قەزابریتی بووە (٧.٣%)و لەساڵی( ٢٠٢٠)یشدا دیسانەوە ئەم ڕێژەیە ڕووی لەکەمی بووە و دابەزیوە بۆ(٤,٤%) ( بڕوانە نەخشەی ٦)، ئەمەش بەهۆی بێپلانی حکومەت لە هاوسەنگ ڕاگرتنی ژیانی گوند و شار و پشت گوێ خستنی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کەمی سەرچاوەکانی ژیانکردن لەگوند و زۆربوونی خواستەکانی خۆشژیانی لای دانیشتوانی گوندەکان کە هاندەری کۆچکردنیان بووە بەرەو سەنتەری یەکە کارگێڕییەکە.

**دووەم: ناحیەی زەڕایەن؛**

ناحیەی زەڕایەن کە ناحیەیەکی کۆنە لەمێژووی کارگێری ناوچەی توێژینەوەکەدا و بۆ زانینی ڕێژەی گوندنشینی لەم ناحیەیەدا ئەوا تەنها ئاماری ساڵی( ١٩٨٧)مان وەرگرتووە ،ئەمەش بەهۆی ئەوەی دواتر-لەساڵی ١٩٨٩دا- ناحیەکە خراوەتەوە سەر قەزای شارەزوور و بەم پێیەیش لەساڵی(١٩٨٧)دا گوندنشینی لەناحیەی زەرایەندا( ٧٩,٤ % )بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەبووە کە ناحیەی زەڕایەن ناوچەیەکی کشتوکاڵیی بووە و کەوتۆتەسەر جادەی سەرەکی سلێمانی ، هەربۆیە دانیشتوانەکەی کەمترینجار دووچاری ڕاگواستن بوونەتەوە.

---

[١] صلاح الجنابي ، صبري فارس الهيتي: جغرافية الاسكان، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص١٤٤.

**سێیەم: ناحیەی باوەخۆشین :**

ئەم ناحیەیەیش بەهەمان شێوەی ناحیەی زەڕایەن تەنها داتاکانی ساڵانی (٢٠٠٩ و ٢٠٢٠)مان وەرگرتووە، چونکە یەکەیەکی کارگیری تازە دامەزراوە و بەم پێیەیش ڕێژەی گوندنشینی بەپێی دانیشتوانی ناحیەکە بۆ ساڵی (٢٠٠٩) بریتی بووە لە ( ٤٧.٥%)ی کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکە و لەساڵی ( ٢٠٢٠)دا ڕێژەکەی دابەزیوە بۆ (٤٦.٥%)، ئەمەش بەهۆی کۆچی بەردەوامی گوندنشیەکانەوە بەرەو سەنتەری ناحیەکەوە لەژێرکاریگەری چەندین فاکتەری ئابوری و کۆمەلایەتیدا بووە.

دانیشتوانی گوندنشین لەماوەی تویژینەوەکەدا(١٩٧٧-٢٠٢٠)،بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتوون، بەپێچەوانەی شارنشینەوە کە تەواوی فاکتەرەکان بەگشتی لەخزمەتیدابوونە، هەم لەڕووی ناجێگیری باردۆخی ئابوری و ڕامیاری هەمیش فاکتەری بازرگانی و کارگێڕی و خزمەتگوزاری ، سەرباری ناچارکردنی دانیشتوانی گوندەکان لەسەردەمی ڕژێمی پێشوی عێراق بۆ نیشتەجێ بوون لە ئوردوگای صدامیة حلبجة و سەنتەری قەزای دەربەندیخانی تازە دروستکراو، بەڵام دۆخەکە لەپاش ڕاپەڕینەوە تاڕادەیەک پێچەوانەبوویەوە، بەهۆی نەمانی داهات و ئاسایش لەشارەکاندا-بەهۆی ڕوودانی شەڕی ناوخۆو بلاوبونەوەی هەژاری و کەمدەرامەتی- و بەم جۆرەیش دیسانەوە گوندەکان گەشەیان کردەوە، بەڵام لەپاش ساڵی( ٢٠٠٣ )و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عیراقەوە دیسانەوە کۆچی پێچەوانەو بەرەو سەنتەری شارەکان دەستی پێکردەوە و گوندەکان بەرەو چۆڵبوون ڕۆیشتن ئەمەش بەهۆی نەبوونی پلان و سیاسەتی حکومەت و نەگەیاندنی خزمەتگوزاری بەگوندەکان، سەرباری دروستبونی سەنتەرێکی نوێی شارنشینی بەناوی باوەخۆشین لەساڵی (٢٠٠٥)دا، کە بەهۆی بوونی خزمەتگوزاریی و هەلیکارەوە هانی شارنشینیداوە لەسنوری توێژینەوەکەماندا، زێدەباری فاکتەری کۆچکردنی زۆرێک لە لاوانی گوندەکان بەرەو دەرەوە کە ئاستی ئابوری گوندنشینەکانی بەرزکردەوە و زۆرێکی هاندان بێنە سەنتەری قەزا و لەناوەندی قەزای دەربەندیخاندا نیشتەجێ ببن.

**خشتەی ژمارە(١٤)**


**ڕێژەی گوندنشینی لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| یەکەی کارگێڕی | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % |
| سەنتەر | ١٤٣٥٩ | ٦٠,٣ | - | - | ٨٨٨٨ | ٢٩,٤ | ٢٩٥٤ | ٧,٣ | ٢٤١٤ | ٤,٤ |
| باوەخۆشێن | - | - | - | - | - | - | ٤٠٦ | ٤٧,٥ | ٥٧٢ | ٤٦,٥ |
| زڕایەن | - | - | ٣٦٠٠٠ | ٧٩,٤ | - | - | - | - | - | - |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە: هەمان سەرچاوەی خشتەی (١٣).

**نەخشەی(٥)**


**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕیەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە :خشتەی(١٣)،خشتەی(١٤)

**نەخشەی(٦)**

**دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕیەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:خشتەی(١٣)،خشتەی(١٤).

## تەوەری دووەم : چڕی دانیشتوان

چڕی دانیشتوان پێوەری کاردانەوەی مرۆڤە بۆ ژینگەکەی سەرباری دیارخستنی کارلێکی نێوانیان، واتا چڕی پێوەری تێربوونی خاکێکە بەدانیشتوان[١] . چڕی دانیشتوان خزمەتی چەندین ئامانجی گرنگی توێژینەوەی دابەشبوونی دانیشتوان دەکات، بەوپێیەی دیارخەری پێوانەی کۆبونەوەی دانیشتوانە بەپێی دابەشبونی جوگرافی[٢]

بەگشتی چەندین ڕێگە هەن بۆ پێواندنی چڕی دانیشتوان و باوترین جۆری پێواندنی بەکارهێندراو ئەو جۆرەیە کە پشت دەبەستێت بە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوان بەسەر کۆی ڕووبەری ناوچەکەدا و بەمەیش دەگوترێت چڕی گشتی، سەرباری ئەوەی دەرهێنانی چڕی گشتی کارێکی ئاسانە بەڵام زۆرجار ڕێونکارە ، چونکە بەگشتی لەدۆخی دابەشبونی دانیشتوان لەتەواوی یەکەی ڕووبەردا دەدوێت نەک ئەوەی بەپێی کەرتەکان بێت[٣] .

واتا چڕی دانیشتوان بریتییە لەپەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری بەکارهێندراو[٤] بەگشتی چەندین جۆر لە چڕی هەیە کە پشتبەستە بەمەرامی توێژینەوەکانەوە لەشێوەی چڕی فزیۆلۆجی کە ئاماژەیە بۆ ژمارەی دانیشتوان بەرانبەر بە زەوی وەبەرهێندراوی ئابوریانە بەبێ زەویە بیابانی و بەکارنەهێندراوەکان[٥] بەڵام چڕی کشتوکاڵی ئاماژەیە بۆ ژمارەی کارکەرانی کەرتی کشتوکاڵی لەچاو ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی[٦]، سەرباری چڕی گشتی کە ئاماژەیە بۆ شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەناوچەیەکدا بەپێی سروشتی پەیوەندی نێوان دانیشتوان و ڕووبەری زەوی بەچاوپۆشین لە تایبەتمەندی زەوی ناوچەکە و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی، سەرباری چڕی پوخت کە دیارخەری پەیوەندی نێوان قەبارەی دانیشتوان و ڕووبەری ئاوەدانییە[٧]، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە پێویست و گرنگە بریتییە لە چڕی گشتی، بەوپێیەی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەلایەن توێژەرەوانەوە و بەسادەترین جۆری چڕیش دادەنرێت و بەکارهێنانیشی ئاسانە، سەرباری ئەوەی پشتبەست بەم جۆرە چڕییە دەتوانرێت جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لەنێوان دوو ناوچەدا بزاندرێت و بەراوردبکرێت[٨] .

---

[١]محمد صبحي عبدالحكيم و محمد سيد غلاب، السكان، ديموغرافيا و جغرافيا، الطبعة الأولى، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة ١٩٦٣، ص٢٢١.

[٢]جواد عبد الجواد، المنطقة الشمالية في العراق، الطبعة الأولى، المكتبة المركزية، القاهرة،١٩٨٠، ص١٠٤.

[٣]موسى عبوده سمحة، و فوزي عيد سهاونة، جغرافية السكان، الطبعة الأولى، من منشورات دار الوائل للنشر، الأردن، ٢٠٠٣، ص٥٢ .

[٤] محمد فوزي جلوة، الجغرافية السكانية والموارد البشرية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتبة المجتمع العربي، عمان ٢٠٠٦، ص١١.

[٥]عباس فاضل السعدي، دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص٥١.

[٦]محمد صبحى عبدالحكيم و محمد سيد غلاب، السكان، ديموغرافيا و جغرافيا،المصدر السابق، ص٣٢٢.

[٧]ناصر عبدالله مرعي الكثيري ، حي المدارة في مدينة عدن، رسالة ماجستير، ( غير منشورة)، كلية تربيية ، جامعة موصل، ٢٠٠٤، ص١٣٤.

[٨] خالد فهد محسن السرحان، محافظة المثنى، دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة البصرة، ١٩٨٨، ص٥٢.

چڕی گشتی دانیشتوان لەهەموو جۆرەکانی دیکە پێویسترە و کارپێکراوترینە، سەرباری ئەوەی دەرهێنانی ئەنجامەکەی بەڕێگە ژمێرەیەکی ئاسان دەبێت، بەم هۆیەیش هەڵدەستین بە باسکردنی چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان لەسەر سێ ئاستی جیاواز بەم جۆرە:

**یەکەم:** چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا
**دووەم:** چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان
**سێیەم:** چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی کەرتەکان

بەم جۆرە لەخوارەوە پشتبەست به یەکەکان چڕی گشتی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە بەپێی ماوەکانی نێو توێژینەوەکە دەردەهێنین.

## یەکەم: چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا

پێشتر ئاماژەماندا بەوەی کە چڕی گشتی پەیوەندی دانیشتوانە بە ڕووبەری زەوی ناوچەکەوە و زۆرجاریش ئەم چڕییە وێنەیەکی ڕوون نادات بەدەستەوە بەوپێیەی جیاوازی ناکات لەنێوان ناوچەی ئاوەدان و نائاوەدان، ناوچەی بەکەڵک و بێکەڵک بۆ ژیان و چالاکییە مرۆییەکان، بەڵام بەگشتی ئاماژەیە بۆ قەبارەی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە ژینگەکەی .

ئەم پێوانەیە پشتبەستە بە ڕێگەیەکی ژمێرەیی یاخود هاوکێشەیەک، بەم جۆرە دەردەهێندرێت:

$$Dj=\frac{pj}{Aj}$$

چڕی دانیشتوان=Dj
کۆی ژمارەی دانیشتوان(کەس)=Pj
کۆی ڕووبەر/کم٢=Aj

سەرچاوە: K.Bruce Newbold,population geography,Published by Rowman & Littlefield Publishers,printed in united state,2010,p60

پشت بەست بە خشتەی ژمارە(١٥) ئەوەمان بۆ دیاردەکەوێت کە چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزای دەربەندیخان بەپێی ساڵەکان گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی سنوری ناوچە توێژینەوەکەوە بووە بەمەیش گۆڕان لە چڕی دانیشتواندا هاتوەتە ئاراوە. هەر پشت بەست بەهەمان خشتە ئەوەشمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزاکە لەساڵی (١٩٧٧) دا بریتی بووە لە(٤٢.٩کەس/کم٢)، واتا چڕیی گشتی تاڕادەیەک نزم بووە، بەڵام لەساڵی (١٩٨٧) دا چڕی گشتی دانیشتوانی قەزاکە بەرزبوەتەوە بۆ(٦٧ کەس/کم٢) ئەمەش بەهۆی گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی نێو سنوری قەزاکە و لەساڵی (٢٠٠٢)یشدا دیسانەوە ئەم چڕییە دابەزیوە بۆ( ٥٨کەس/کم٢) کە بەهۆکاری کۆچی بەشێک لەدانیشتوانەکەی بۆ دەرەوەی قەزاکەوە بووە سەرباری کەمبوونەوەی ڕووبەری قەزاکە بە لێدابڕینی (٣٥٠کم٢)بۆ ناحیەی زەڕایەن ، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٩) دا چڕی گشتی لەسەر ئاستی قەزای دەربەندیخان بەرزبوەتەوە و بریتی بووە لە(٧٣,٧کەس/کم٢) ئەمەش بەهۆی دروستبونی ناحیەی باوەخۆشێنەوە بووە، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) دا چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزاکە گۆڕاوە و بەرزبوەتەوە بۆ (١٠٥.٨ کەس/کم٢) ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەژمارە(١٤٧٥٥)کەس

بەبەراورد لەگەل ساڵی (٢٠٠٩)دا و کەمبونەوەی ڕووبەرەکەی بە بڕی (٣٣کم٢) بەبەراورد بەساڵی (٢٠٠٩)، هەموو ئەمانەیش بونەتە هۆی گۆڕانی چڕی گشتی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی ساڵەکانی ماوەی توێژینەوەکە.

بەڵام گەر ئەم چڕییە بەراوردبکەین لەگەڵ چڕی گشتی پارێزگای سلێمانی لەهەمان ماوەدا ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەساڵی (١٩٧٧)دا چڕی گشتی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بریتی بووە لە( ٤١.٨) بەڵام لەساڵی (١٩٨٧)دا ئەم چڕییە لەسەرئاستی پارێزگا بریتی بووە لە(٦٠.٤) لەکاتیکدا لەساڵی (٢٠٠٢)دا چڕی گشتی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەرزبوەتەوە بۆ( ١١٤.٨) ئەمەش بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمبوونی ڕووبەرەوەبووە، لەکاتێکدا لەساڵی (٢٠٠٩)دا ئەم چڕییە لەسەر ئاستی پاریزگای بەردەوامبووە لەبەرزبونەوە و گەیشتۆتە(١٥٦.٩کەس/کم٢)، ئەمەش دیسانەوە بەفاکتەری گەشەی دانیشتوان بووە بەشێوەیەکی نائاسایی، وە لەساڵی (٢٠٢٠)یشدا ئەم چڕییە لەسەر ئاستی پارێزگا-لەگەڵ ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان- بەرزبووەتەو بۆ (٢٠٠.٥)، واتا بەگشتی لەئاستی پارێزگادا چڕی گشتی بەرزترە بەبەراورد لەگەڵ قەزای دەربەندیخان.

**خشتەی ژمارە( ١٥ )**

**چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ | قەزای دەربەندیخان | | | پارێزگای سلێمانی | | | ڕێژەی دانیشتوان قەزا لە کۆی پارێزگا% | ڕێژەی ڕووبەر قەزا لەکۆی پارێزگا% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | رووبەر /کم٢ | چڕی گشتی | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر/ کم٢ | چڕی گشتی | | |
| **١٩٧٧** | ٢٣٨١٩ | ٥٥٤ | ٤٢.٩ | ٦٩٠٥٥٥ | ١٦٤٨٢ | ٤١.٨ | ٣.٤ | ٣.٣ |
| **١٩٨٧** | ٦٠٧٠٧ | ٩٠٤ | ٦٧.١ | ٩٥١٧٢٣ | ١٥٧٥٦ | ٦٠.٤ | ٦.٣ | ٥.٧ |
| **٢٠٠٢** | ٣٠٢٦١ | ٥٢١ | ٥٨ | ١٢٤٩٨٢٤ | ١٠٨٨٦.٤ | ١١٤.٨ | ٢.٤ | ٤.٧ |
| **٢٠٠٩** | ٤١٧٩٥ | ٥٦٧ | ٧٣,٧ | ١٧٩٧٥٠٨ | ١١٤٥٣.٩ | ١٥٦.٩ | ٢.٣ | ٤.٩ |
| **٢٠٢٠** | ٥٦٥٥٠ | ٥٣٤ | ١٠٥.٨ | ٢٣٦٣٣٤٥ | ١١٧٨٤,٥ | ٢٠٠.٥ | ٢.٤ | ٤,٥ |


سەرچاوە: ئامادەکراوە/پشتبەست بە:

(١) پاشکۆی(١)

(٢) خشتەی(١)

**شێوەی(٧)**

**چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٠)کەس/کم٢**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:خشتەی(١٥).

پشت بەست بەخشتەی ژمارە(١٦) لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ ـ ١٩٨٧) دا ، ئەوا ڕێژەی گەشەو گۆڕانی چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان بریتی بووە لە( ٤.٥ % ) ـ بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ئەم ڕێژەی گەشەیە بریتی بووە لە (٣.٧%) ، بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ـ ٢٠٠٢)دا ئەم ڕێژەی گەشەیە نزمبووەتەوە بۆ(- ٠.٩%) ئەمەش بەهۆی جیاکردنەوەی ناحیەی زەڕایەن لەقەزای دەربەندیخان، ئەمەش لەکاتێکدا کە لەسەرئاستی پارێزگادا ئەم ڕێژەیە بریتی بووە لە( ٤.٣%)، بەڵام ئەم ڕێژەی ئەم گۆڕانە لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٢ـ ٢٠٠٩) لەئاستی قەزا بەرزبووەتەوە بۆ (٤.٢%) و هەروەها لەسەرئاستی پارێزگا دابەزیوە بۆ ( ١.٢%) ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەربەندیخان لە پارێزگای کەرکوکەوە خراوەتەوە سەر پارێزگای سلێمانی و بەم هۆیەوە (٥٣٤کم٢) زیادیکردووە بۆ سەر ڕووبەری پارێزگاکە بە هاوئاستی گەشەی دانیشتوان، سەرباری ئەوەی دانیشتوانی قەزاکە لەم ماوەیەدا بەئاسایی گەشەیکردووە و بەم هۆیەوە ڕێژەکەی زیادیکردووە. وە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ـ ٢٠٢٠)ئەم ڕێژەی گەشەیە گۆڕاوە بۆ(٢.٧%) لەسەر ئاستی قەزا و لەسەرئاستی پارێزگایش ئەم ڕێژەی گەشەیە (٢.٢%)بووە .

**خشتەی (١٦ )**


**ڕێژەی گەشە و چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ( ١٩٧٧ـ ٢٠٢٠)**

| ماوە | قەزای دەربەندیخان % | پارێزگای سلێمانی % |
|---|---|---|
| ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ٤.٥ | ٣.٧ |
| ١٩٨٧ -٢٠٠٢ | ـ ٠.٩ | ٤.٣ |
| ٢٠٠٢- ٢٠٠٩ | ٤.٢ | ١.٢ |
| ٢٠٠٩- ٢٠٢٠ | ٢.٧ | ٢,٢ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست:بە خشتەی (١٥)

**شێوەی (٨)**

**ڕێژەی گەشەو گۆڕانی چڕی گشتی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەماوەی ( ١٩٧٧- ٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی (١٦).

## دووەم: چڕ گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان

بەگشتی چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان بەردەوام لەگۆڕانـدایە، جا لەئاستی قەزابێت یان ناحیە، بەسەرەنجدان لەخشتەی ژمارە(١٧) گۆڕانکارییەکانی چڕی گشتی دانیشتوان بەپێی یەکە کارگێڕییەکان بەپێی ساڵەکانی ماوەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو.

بەگشتی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان و چڕی گشتی دانیشتوان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بەم جۆرە شیکردنەوەی بۆ دەکەین:

### ١ـ سەنتەری قەزا

پشتبەست بەخشتەی ژمارە(١٧) چڕی دانیشتوانی سەنتەری قەزا لەساڵی(١٩٧٧)دا بریتی بووە لە( ٤٢.٩کەس/کم٢)بڕوانە نەخشەی(٧)، ئەمەش ڕێژەیەکی مامناوەندە، بەڵام چڕی دانیشتوانی سەنتەری قەزا لەساڵی (١٩٨٧)دا نزم دەبێتەوە بۆ (٢٨.٨ کەس/کم٢)، ئەمەش بەهۆی کەمبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە بووە چونکە هەندێک لە کەرتەکانی خراوەتەسەر ناحیەی زەڕایەن، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٢)دا چڕی دانیشتوانەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ (٥٨کەس/کم٢) کە ئەمەش بەهۆی کەمبونەوەی ڕووبەری سەنتەری قەزاوەیە

کە پێشتر بەشێکی خراوەتەسەر ناحیەی زەڕایەن، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٩)دا دیسانەوە چڕی دانیشتوانی سەنتەری قەزابەرزدەبێتەوە بۆ (٨٤,٢کەس/کم٢)بەهۆی بەرزبونەوەی ژمارەی دانیشتوان و کەمبونەوەی ڕووبەری قەزای سەنتەرەوە، سەرباری ئەوەی لەساڵی (٢٠٢٠)دا چڕی دانیشتوان زیادیکردووە بۆ( ١٢٣,٢ کەس/کم٢) بڕوانە نەخشەی(٨)، ئەمەش بەهۆی بچوکبوونەوەی ڕووبەری سەنتەر و زۆر زیادبوونی دانیشتوانی قەزای سەنتەرەوە بەفاکتەری کۆچی بۆ هاتوو لە ناحیەکانی دیکە و ئاوارەکانی خوارووی عێراقەوە .

## ٢ ـ ناحیەی باوەخۆشین

بەتێبینیکردنی خشتەی ژمارە( ١٧ ) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چڕی دانیشتوانی ناحیەکە بەگشتی لەساڵی (٢٠٠٩)دا، کە بریتی بووە لە( ٤.١١کەس/کم٢)،کە ئەمەش چڕییەکی کەمە و ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانیەوەبووە لەچاو ڕووبەرەکەیدا، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا چڕی دانیشتوانی ناحیەکە بەرزبوەتەوە بۆ (١٤.٥کەس/کم٢) کە ئەمەش بەهۆکاری زیادبوونی سروشتی دانیشتوان و کۆچی بۆهاتوو بووە لەبەرانبەردا ڕووبەری ناحیەکە هیچ گۆڕانکارییەک تێیدا ڕووی نەداوە .

## ٣-ناحیەی زەڕایەن

ئەم ناحیەیە بەهۆی ئەوەی لەساڵی( ١٩٨٧ )دا سەربە قەزای دەربەندیخان بووە، پێش دروستکردنی سەنتەری قەزا، ئەم ناحیەیە ناوەندی قەزای دەربەندیخان بووە، هەربۆیە زۆرترین دانیشتوان تێیدا کۆبویەوە، هەر لەو ساڵەیشدا (١٩٨٧)، چڕی دانیشتوانی ناحیەی زەڕایەن بریتی بووە لە(١٢١,٩کەس/کم٢)، ئەمەش بەهۆی زۆری دانیشتوان و بچووکی ڕووبەرەکەیەوە بووە لەوکاتەدا.

**خشتەی (١٧)**

**ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان و چڕی گشتی دانیشتوان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان بۆماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ـ ٢٠٢٠)کەس/کم٢.**

| یەکەی کارگێڕی | ١٩٧٧ | | | ١٩٨٧ | | | ٢٠٠٢ | | | ٢٠٠٩ | | | ٢٠٢٠ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر/کم٢ | چڕی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر/کم٢ | چڕی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر/کم٢ | چڕی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر/کم٢ | چڕی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان | ڕووبەر/کم٢ | چڕی دانیشتوان |
| سەنتەری قەزا | ٢٣٨١٩ | ٥٥٤ | ٤٢,٩ | ١٥٣٥٠ | ٥٣٢ | ٢٨,٨ | ٣٠٢٦١ | ٥٢١ | ٥٨ | ٤٠٦٢٨ | ٤٨٢ | ٨٤,٢ | ٥٥٣٢٠ | ٤٤٩ | ١٢٣,٢ |
| ناحیەی باوەخۆشێن | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ٩٦٩ | ٨٥ | ٤,١١ | ١٢٣٠ | ٨٥ | ١٤,٥ |
| ناحیەی زەڕایەن | - | - | - | ٤٥٣٥٧ | ٣٧٢ | ١٢١,٩ | - | - | - | - | - | - | - | - | - |


سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە:

١ـ پاشکۆی(١)

٢-خشتەی(١)

**نەخشەی(٧)**


**چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:خشتەی (١٧).

**نەخشەی(٨)**

**چڕی گشتی دانیشتوان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:خشتەی (١٧).

## سێیەم: چڕی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی کەرتەکان

دۆزینەوەو پیشاندانی چڕی دانیشتوان بەپێی کەرتەکان دۆخی ڕاستەقینەی چڕیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەمان بەڕوونی پیشان دەدات، بەگشتی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٢)هیچ جۆرە داتایەکی ورد و دروستی تایبەت بە دانیشتوانی کەرتەکانی قەزای دەربەندیخان بەردەست نییە، بەڵام لەپاش ئەو ماوەیەوە ئامارەکان وردبونەوە و تاڕادەیەکی زۆرباش ئەم داتایانە بەردەست خراون. باشترین داتا بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە لەچڕی بریتیە لەداتاکانی ساڵی( ٢٠٢٠)، ئەمەش بەهۆی جێگیریی ڕووبەری کەرتەکان لەم ماوەیە و کەمی ڕوودانی گۆڕانکاریی لەدانیشتوانی سنورەکەدا.

پشت بەست بە هەردوو خشتەی(١٨)و(١٩) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ناوچەی توێژینەوەکە گۆڕانکاری گەورە لەچڕیی گشتی دانیشتوان لەسەر ئاستی کەرتەکان تێیدا ڕوویداوە ، بەڵام باشترین داتایەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە داتاکانی ساڵی(٢٠٢٠)ە کە دروستترینە و لەخۆگرتەی نوێترین داتا و تازەترین گۆڕانکارییە لەڕووی چڕی گشتییەوە، بەتێبینیکردنی خشتەی ژمارە(١٩) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە قەزای دەربەندیخان لەساڵی (٢٠٢٠)دا (٣٧)کەرتە و زۆرترین ژمارەی کەرتەکان کەوتوونەتە سەنتەری قەزا وە کە پێکدێت لە(٣١)کەرت و (٦)کەرتیشی سەربە ناحیەی باوەخۆشێنە و ئەمەش لای خۆیەوە کاردەکاتەسەر چڕی دانیشتوانی کەرتەکان بەپێی یەکە کارگێڕییەکان بەجۆرێک تاوەکو ناحیەیەکە بچوکتربێ ئەوا ژمارەی کەرتە لەخۆگرتوەکان کەمتر دەبێت و پێچەوانەیش ڕاستە.

پشت بەست بە خشتەی ژمارە (١٨) بۆ دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە ئەوا دەتوانین دەستەکانی چڕی دانیشتوانی ناوچەکە پۆلێنبکەین بۆچەند دەستەیەک بە وەرگرتنی کەمتر لە (١٠کەس/کم٢) وەک کەمترین دەستە چڕیی و (٤٠کەس/کم٢)زیاتر وەک بەرزترین دەستەی چڕیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

### دەستەی یەکەم/ کەمتر لە ١٠کەس\کم٢

بەگشتی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان ژمارەی کەرتەکانی ناو ئەم دەستەیە لە نێوان سەنتەری قەزا و ناحیەی باوەخۆشێن بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بووە بە شێوەیەک هەر یەکەیان لە خۆ گرتەی (١) کەرتن واتە ڕێژەی (٠.٥%) بۆ هەر دوو یەکە کارگێڕییەکە. وە هەروەها ڕێژەی چڕی دانیشتوان لەم دەستەیە لە سەنتەری قەزا (١,٢کەس/کم٢) ئەویش بەهۆی ئەوەی کە(١,٧)کۆی ڕووبەری یەکە کارگێڕیەکیەی پێکهێناوە و وە بەراورد بە بە هەمان کەرتی ئەم دەستەیە لە ناحیەی باوەخۆشێن تەنها (٠,٣٧%)کۆی دانیشتوانی سەنتەری قەزای تێدایە، وە ناحیەی باوەخۆشێن ڕێژەی چڕی دانیشتوانی لەم دەستەیە(٠,٩کەس/کم٢)ی ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە(٨,٣%)کۆی ڕووبەری ناحیەی باوەخۆشێنی پێکهێناوە و لەبەرامبەردا بوونی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان (١,٢%) کۆی دانیشتوانی ناحیەکە پێکدێنێت بڕوانە خشتەی(١٨).

کەرتەکانی ئەم دەستەیە ڕێژەی(٥,٤%)کۆی گشتی سەرجەم کەرتەکانی قەزای دەربەندیخان پێکدەهێنێت،وە دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەم ڕێژە کەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی کەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت کە(٢)کەرتە،وە چڕی دانیشتوانی ئەم دەستەیە لەسەر ئاستی قەزای دەربەندیخان(١کەس/کم٢) ئەوەش کەمترین چڕییە لەسەر ئاستی سەرجەم دەستەکان ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەرتەکانی ئەم دەستەیە تەنها (٢,٧%)کۆی ڕووبەری سەرجەم کەرتەکان پێکدەهێنن و ڕێژەی (٠,٥%)کۆی دانیشتوانی سەرجەم کەرتەکان پێکدەهێنێت ئەمەش بووەتە هۆی کەمی چڕی لە ناو کەرتەکانی ئەم دەستەیە بڕوانە خشتەی(١٩). وەهۆکاری نزمی چڕی ئەم دەستەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەرتانەی دەکەونە ئەم

دەستەیەوە دەکەونە نـاوچەی شـاخاوییەوە کە زەوی کشـتوکاڵی کەمە و ڕووبەرێکـی بچـوکی نـاوچەکەیش پێکـدێنن، کە ئەمەیـش هـانی زۆربـوونی دانیشـتوان نـادات هەربـۆیە ئەم ڕێـژە کەمەی ڕووبەر و چـڕی دەستەکەمی ناوچەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە.

**خشتەی (١٨ )**

**جیاوازی چڕی گشتی دانیشتوان لەسەرئاستی کەرتەکان لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی (٢٠٢٠) دا**

| یەکەی کارگێڕی | دەستەی چڕی کەس/کم٢ | ژ.کەرت | ژمارەی دانیشتوان /کەس | %لەکۆی دانیشتوانی کەرتەکانی یەکە کارگێڕییەکە | ڕووبەر /کم٢ | %لەکۆی ڕووبەری کەرتەکانی یەکە کارگێڕیەکە | تێکڕای چڕی دانیشتوان /کەس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | کەمتر لە ١٠ کەس | ١ | ٩ | ٠,٣٧ | ٧,٥ | ١,٧ | ١.٢ |
| | ٢٠-١٠ | ٤ | ٥٣ | ٢.٢ | ٣٨ | ٨,٦ | ١.٣ |
| | ٣٠-٢٠ | ٢ | ٥٩ | ٢.٤٣ | ١٦,١ | ٣,٦ | ٣.٦ |
| | ٣٠ ـ ٤٠ | ٧ | ٢٥٥ | ١٠,٦ | ٩٧.٦ | ٢١.٧ | ٢.٦ |
| | ٤٠ کەس زیاتر | ١٤ | ٢٠٣٨ | ٨٤,٤ | ٢٥٥.٩ | ٥٦.٩ | ٧.٩ |
| | نەزانراو | ٣ | - | - | ٣٣,٩ | ٧,٥ | - |
| | تێکڕای سەنتەری قەزا | ٣١ | ٢٤١٤ | ١٠٠ | ٤٤٩ | ١٠٠ | ٥,٤ |
| ناحیەی باوەخۆشێن | کەمتر لە ١٠ کەس | ١ | ٧ | ١,٢ | ٧,١ | ٨.٣ | ٠.٩ |
| | ٢٠-١٠ | - | - | - | - | - | - |
| | ٢٠- ٣٠ | - | - | - | - | - | - |
| | ٤٠-٣٠ | ٢ | ٧٤ | ١٣ | ٢٦,٨ | ٣١.٥ | ٢,٧ |
| | ٤٠ کەس زیاتر | ٣ | ٤٩١ | ٨٥.٨ | ٥١.١ | ٦٠,٢ | ٩.٦ |
| | نەزانراو | - | - | - | - | - | - |
| | تێکڕا ناحیە | ٦ | ٥٧٢ | ١٠٠ | ٨٥ | ١٠٠ | ٦.٧ |
| | تێکڕا قەزا | ٣٧ | ٢٩٨٦ | ١٠٠ | ٥٣٤ | ١٠٠ | ٥.٥ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە پشتبەست بەپاشکۆی (٦)

**خشتەی (١٩)**

**ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان و چڕی گشتی دانیشتوانی کەرتەکان بەپێی دەستەکانی چڕیی لەساڵی (٢٠٢٠)دا**

| دەستەی چڕی کەس/کم٢ | ڕووبەر /کم٢ | %لەکۆی ڕووبەری دەستەکانی چڕیی | ژمارەی دانیشتوان | %لەکۆی دانیشتوانی دەستەکانی چڕیی | چڕی گشتی دانیشتوان کەس/کم ٢ | ژمارەی کەرت | %لەکۆی کەرتەکانی یەکە کارگێڕیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١٠ کەس | ١٤,٦ | ٢,٧ | ١٦ | ٠.٥ | ١ | ٢ | ٥,٤ |
| ١٠ ـ ٢٠ کەس | ٣٨ | ٧.١ | ٥٣ | ١,٨ | ١,٣ | ٤ | ١٠,٨ |
| ٢٠-٣٠کەس | ١٦.١ | ٣ | ٥٩ | ٢ | ٣.٦ | ٢ | ٥,٤ |
| ٣٠-٤٠کەس | ١٢٤.٤ | ٢٣,٣ | ٣٢٩ | ١١ | ٢.٦ | ٩ | ٢٤,٣ |
| لە ٤٠ کەس زیاتر | ٣٠٧ | ٥٧,٥ | ٢٥٢٩ | ٨٤,٧ | ٨.٢ | ١٧ | ٤٥,٩ |
| نەزانراو | ٣٣,٩ | ٦,٤ | - | - | - | ٣ | ٨,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٣٤ | ١٠٠ | ٢٩٨٦ | ١٠٠ | ٥.٥ | ٣٧ | ١٠٠ |

ئامادەکراوە پشتبەست بەخشتەی ( ١٨ )

## دەستەی دووەم/ ١٠-٢٠ کەس\کم٢

بە تێڕوانین لە خشتەی (١٨) دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم دەستەیە چوارگوندی سەنتەری قەزادا هەیە و ناحیەیەی باوەخۆشیەن ئەم دەستەی لەخۆ ناگرێت چونکە هیچ کەرتێکی ناحیەکە نەکەوتۆتە ناو ئەم دەستەیە، و زۆرترین ژمارەی کەرتەکانی ئەم دەستەیە لە سەنتەری قەزادا (٤)کەرتە ئەمەش وادەکات کە (١٠٠%) کەرتەکانی ئەم دەستەیە و(١٠٠%)کۆی ڕووبەری پێکبهێنێت ،وە لە هەمان کاتدا (١٠٠%)کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکەی پێکهێناوە .

وە بە گشتی ئەم دەستەیە ڕێژەی (١٠,٨%)ی کۆی گشتی سەرجەم کەرتەکانی ناوچەی تویژینەوە پێکدێنێت ،چونکە ڕێژەی (٧,١%)کۆی ڕووبەر و وە (١,٨%)کۆی دانیشتوانی سەرجەم کەرتەکانی ئەم دەستەیە لە خۆ دەگرێت، ئەمەش وادەکات چڕی گشتی دانیشتوان (١,٣کەس/کم٢)بێت، بڕوانە خشتەی (١٩)، وە ئەم دەستەیە بەگشتی دەکەوێتە بەشی باکور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەکەوەو هۆکاری کەمی ڕووبەر بۆکشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون و فاکتەری کۆمەلایەتیش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی ئەم دەستەچڕییە لەم ناوچەیەی ناوچەی توێژینەوەکەدا.

## دەستەی سێیەم/٢٠ـ٣٠کەس\کم٢

بە سەیرکردنی خشتەی (١٨)دەردەکەوێت کە بەهەمان شێوەی دەستەی پێشوو هەموو ژمارەی کەرتەکان لەم دەستەیەدا بە تەنها دەکەوێتە گوندەکانی سەربە قەزای سەنتەر کە ژمارەی ئەو کەرتانەی لەخۆی دەگرێت تەنها (٢) کەرتە، واتا (١٠٠%) کەرتەکان وە ڕێژەی (١٠٠%)کۆی ڕووبەری یەکە کارگێرییەکە پێکبهێنێت،لە هەمان کاتدا (١٠٠%)کۆی دانیشتوانی ئەم دەستەیەی پێکهێناوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە جارێکی

که هیچ کەرتێکی ناحیەی باوەخۆشێن ناکەوێتەوە ناو ئەم دەستەیەوە، بەڵام ئەم دەستەیە ڕێژەی (٥,٤%)کۆی گشتی سەرجەم کەرتەکانی ناوچەی تویژینەوە پێکدێنێت، کە بەمەش ڕێژەی (٣%)کۆی ڕووبەر و (٢%)کۆی دانیشتوانی سەرجەم کەرتەکانی ئەم دەستەیەی لەخۆگرتووە،وە چڕی گشتی دانیشتوان لەم دەستەیە وەک لە خشتەی (١٩) بەدیاردەکەوێت بریتیە لە (٣,٦کەس/کم٢) وە دەتوانین بڵێین ڕێژەی چڕی دانیشتوانی ئەم دەستەیە لەسەر ئاستی سەرجەم کەرتەکان بە هەمان شێوەی ڕێژەی چڕیە لە سەر ئاستی سەنتەری قەزا ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەم دەستەیە هیچ کەرتێکی ناحیەی باوەخۆشێن لەخۆ ناگرێت و کەرتەکانی ئەم دەستەیە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی تویژینەوەکەوە و ناوچەیەکی شاخاوییە و ئەمەیش فاکتەرێکی گرنگی پێکهێنەری ئەم چڕییە بووە لەوناوچەکەدا.

## دەستەی چوارەم/٣٠ــ٤٠ کەس\کم٢

بەگشتی بە تێڕوانین لە خشتەی(١٨)دەردەکەوێت کە زۆرترین کەرتەکانی ئەم دەستەیە دەکەوێتە سەنتەری قەزا،کە(٩)کەرتە، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ فراوانی ڕووبەری سەنتەری قەزا بەراورد بە ناحیەی باوەخۆشێن ،کەڕێژەی چڕی گشتی دانیشتوان (٢,٦کەس/کم٢)،چونکە(٢١,٧%)کۆی ڕووبەر و(١٠,٦%)کۆی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکەی پێکهێناوە،لەلایەکی ترەوە کەمترین ڕێژەی کەرتەکان لەم دەستەیە دەکەوێتە ناحیەی باوەخۆشێنەوە کە(٢)کەرتە،بەمەش (٣١,٥%)کۆی ڕووبەر و (١٣%)کۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە ،بەمەش ڕێژەی چڕی دانیشتوان بەشێوەیەکی کەم بەرزبووەتەوە بۆ (٢,٧کەس/کم٢)هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی کەرتەکان لەم دەستەیە بەراورد بە سەنتەری قەزا.

ئەم دەستەیە ڕێژەی (٢٤,٣%)کۆی سەرجەم کەرتەکانی ناوچەی تویژینەوە لەخۆ دەگرێت وە چڕی دانیشتوانی ئەم دەستەیە(٢,٦کەس/کم٢) وە هەروەها ڕێژەی (٢٣,٣%) کۆی ڕووبەر و (١١%)کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.بڕوانە خشتەی (١٩)، وە کەرتەکانی ئەم خشتەیە ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێ و فاکتەری خێڵ گەورەترین هۆکارە بۆ ئەم چڕییە، کە گوندەکانی نێو ئەم کەرتە دەکەونە نێو چوارچێوەی خێڵەکانی شەمێرانی و تاوەگۆزییەوە.

## دەستەی پێنجەم/لە ٤٠کەس زیاتر


بە سەیرکردنی هەردوو خشتەی (١٨ و١٩)دەردەکەوێت زۆرترین کەرتەکانی ئەم دەستەی دەکەوێتە سەنتەری قەزا، کە ژمارەیان(١٤)کەرتە و چڕی گشتی دانیشتوانی (٧,٩کەس/کم٢)چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی هەیە بەراورد بە یەکە کارگێڕیەکانی تر کە (٥٦,٩%)کۆی ڕووبەر و (٨٤,٤%)کۆی دانیشتوانی کەرتەکانی یەکە کارگێڕیەکەی پێکهێناوە ،وە چڕی گشتی دانیشتوان لە ناحیەی باوەخۆشێن کە لەخۆگرتەی (٣)کەرتە لەم دەستە چڕییەدا (٩,٦کەس/کم٢) ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە (٦٠,١%)کۆی ڕووبەر و (٨٥,٨%)کۆی دانیشتوان ناحیەکەی پێکهێناوە،وە ئەم دەستەیە ڕێژەی(٤٥,٩%)کۆی گشتی سەرجەم کەرتەکانی قەزای دەربەندیخانی پێکهێناوە، کە چڕی گشتی دانیشتوانی ئەم دەستەیە(٨,٢کەس/کم٢) بەمەش ڕێژەی (٥٧,٥%)لەکۆی ڕووبەر و (٨٤,٧%) لەکۆی گشتی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە ، وە زۆرینەی کەرتەکانی ئەم دەستەیە دەکەونە بەشی ڕۆژئاوای ناوچەکەوە و زەویەکانی تەختانە و جافبوون پێکەوەیان دەبەستێتەوە، سەرباری چەند ناوچەیەکی زۆری باکوری قەزاکە کە دیسانەوە خاوەنی خاکێکی بەپیت و فراوانە ئەمەش هانی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی داوە لەم کەرتانەدا.

## دەستەی شەشەم: نەزانراو

بەگشتی ئەم دەستەیە داتاکانیان ناڕوونن، نەشتوانراوە ڕاستییان بسەلمێندرێ، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری وەکو چۆڵکردنی تەواوەتی کەرتەکانەوەبووە. هەرچی دەستەی نەزانراوە دەکەونە سەنتەری قەزاکەوە کە ژمارەیان (٣)کەرتە و (٦,٤%)ی کۆی ڕووبەری دەستەکانی چڕیی ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێت بڕوانە نەخشەی(٩)، بەڵام هیچ داتایەکی دانیشتوانمان نییە تایبەت بەم کەرتانە، سەرباری ئەوەی ناحیەی باوەخۆشێن ئەم دەستەیەی تیادا بەدیناکرێت و بەگشتی بەشی ناوەندی قەزا و کەرتێک لەباشوری ڕۆژئاوای قەزاکە پێکدێنێت و زۆرترین ژمارەی دانیشتوانیشی لەخۆگرتووە . بەراڤەکردنی باری چڕی دانیشتوان لەناوچەی توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ناوچەی توێژینەوەکە بەردەوام لەڕووی چڕییەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە ئەمەش لەژێرکاریگەری بارودۆخی رامیاری و کارگێڕیی و ڕاگواستنی دانیشتوان ، لەسەر ئاستی کەرتەکان جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لەڕووی ڕووبەر و چڕیی و دانیشتوانەوە بەجۆرێک ئەو کەرتانەی لەدەشتەکانن چڕییەکانیان زیاترە وەک لەوکەرتانەی لەدامێنی چیاسەختەکانن، وە تاوەکو لەجادە سەرەکییەکان نزیک ببینەوە چڕی کەرتەکان زیاتر دەبێت و تاوەکو دووربکەوینەوە چڕیەکانیان کەم دەبێتەوە.

**نەخشەی(٩)**

**چڕی گشتی دانیشتوانی لەسەر ئاستی کەرتەکان قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە: خشتەی (١٨)،خشتەی(١٩).

## باسی دووەم: شێوازەکانی دابەشبوون

ئەم باسەمان تایبەتە بەڕاڤەو خستنەڕووی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و دواتریش پیشاندانی کاریگەری ئەم شێوازانە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە. هەرچی شێوازیشە ئاماژەیە بۆ دابەشبوون لەڕوانگەی جوگرافی ناسەکانەوە کە لەڕێیەوە ڕەگەزەکانی سەر ڕووی زەوی پێ ڕێک دەخرێت[1] ، سەرباری ئەوەی شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە لەو دەروازەیەوە دەکرێت پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەو جێگەیەی لێی دەژێ و توانا ئابورییەکان و پێداویستی خەڵکەکەی بزانرێت، سەرباری توێژینەوەی ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنەسەر شێوازی دابەشبونەکە[2].

پشتبەست بەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە هەستاوین بەدۆزینەوەی ئەنجامی شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لە سنوری ناوچەی توێژینەوەدا.

$$C=ExN/T$$

بەجۆرێک

C= هاوکۆلکەی پەرتبوون

E=ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین

N=ژمارەی نشینگە گوندییەکان

T= کۆی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکان ، بەگشتی ئەگەر ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە لە(٣٠)کەمتربوو ئەوا شێوازی کۆبووە، بەڵام گەر لەنێوان(٣٠-١٠٠) بوو ئەوا بلاوبوە و لە (١٠٠)زیاتربوو زۆر پەرتە([3]).

پشت بەست بەخشتەی ژمارە( ٢٠) دەتوانین گرنگترین شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان بەم جۆرە پۆلێن بکەین:

### ١-شێوازی کۆبووەوە

ئەم شێوازە لەساڵی (١٩٧٧)ەوە بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستنی گوندنشینەکان بۆ سەنتەری قەزاکە و ناحیەی زەڕایەن شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە بووە تا ئێستا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پشتبەست به دەرئەنجامی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەرتبوون کە لەخشتەی ژمارە (٢٠)دا ڕوونە ئەم شێوازە لەتەواوی بەشەکانی قەزاکەدا زاڵە، بەجۆرێک دەرئەنجامی بەکارهێنانی یاسای هاوکۆلکەی پەرتبوون لەسەنتەری قەزادا بریتییە لە(١.٦) و لەناحیەی باوەخۆشینیشدا بریتییە لە (٥.١) ، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی یەکە نیشتەجێبونەکان لە پێ دەشتەکان و سەر ڕێگە سەرەکیەکانی (کەلار-سلێمانی) و (دەربەندیخان-قەرەداخ) .

### ٢-شێوازی هێڵی

ئەم شێوازە بەچاوی ئاسایی لەسەنتەری شاری دەربەندیخان و سەنتەر ناحیەی باوەخۆشین باوە، بەو پێیەی لەگەڵ درێژبوونەوەی هێڵی گواستنەوەدایە دانیشتوان بەشێوازێکی هێڵیی کۆبونەتەوە و لەسەرەتای

---

[1] محمد، خليل اسماعيل، انماط استيطان الريفي في العراق، الطبعة الاولى، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٨٢، ص٧٢

[2] هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی قەزای کۆیە(١٩٥٧-٢٠٠٢)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بغداد، ٢٠٠٦، ل١٤٦-١٤٧

[3] هێرۆ عمر صالح، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی دانیشتوانی نیشنگە دێهاتییەکان لەقەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤاایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨٧.

دروستکردنی سەنتەری قەزاو پێشتریش لەکاتی بوونی ناحیەی زەڕایەن وەک سەنتەری قەزاکە دیسانەوە ئەم شێوازە لەسەنتەرەکانی یەکە کارگێڕییەکاندا زاڵبووە، بەلام دواتر گۆڕاوە بۆ تەرزی کۆبووەوە.

## ٣-شێوازی بڵاو

بەپێی دەرئەنجامی خشتەی (٢٠ ) کە ئەنجامی هاوکۆلکەی پەرتبوونی هەردوو سەنتەری قەزاو ناحیەی باوەخۆشێن لەخۆدەگرێت ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم شێوازە لەناوچەی توێژینەوەدا لەکاتی ئێستادا بونی نییە، هەرچەندە بەهۆی زۆری ژمارەی گوندەکان و گوندنشین و پشتبەستنیان بە کانیاوەکان لەساڵی (١٩٧٧)دا شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانەکەی شێوازی بڵابووە، بەلام لەواقیعی ئێستای دانیشتوانیدا بوونێکی نەماوە، واتا لەساڵی(١٩٧٧)ەوە شێوازەکە شێوازی بڵاوبووە، بەلام لە کۆتایی ماوەی توێژینەوەکەدا شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان گۆڕاوە بۆ شێوازی کۆبووەوە.

**خشتەی ژمارە(٢٠)**


**ژمارەی دانیشتوان و نیشنگە گوندییەکانی قەزای دەربەندیخان بەپێی یەکە کارگێڕییەکان و هاوکۆلکەی پەرتبوون لەساڵی ٢٠٢٠دا**

| یەکە کارگێڕییەکان | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ژمارەی گوندنشین/کەس | ژمارەی نیشنگە گوندییەکان | هاوکۆلکەی پەرتبوون |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٥٥٣٢٠ | ٢٤١٤ | ٣٧ | ١.٦ |
| باوەخۆشێن | ١٢٣٠ | ٥٧٢ | ١١ | ٥.١ |
| کۆی قەزا | ٥٦٥٥٠ | ٢٩٨٦ | ٤٨ | ٢.٥ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە[١] پاشکۆی(١) ،[٢]پاشکۆی(٦)

**نەخشەی(١٠)**

**شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی (٢٠٢٠)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS، ساڵی ٢٠٢٠ .

# بەشی سێیەم
# ئەو هۆکارانەی کاریگارییان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە

## باسی یەکەم
## هۆکارە سروشتیەکان

## باسی دووەم
## هۆکارە مرۆییەکان

# بەشی سێیەم

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە

دانیشتوانی سەرگۆی زەوی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ فاکتەری سروشتی و ژیاری،کە گرنگیەکی جیاوازیان هەیە بەپێی ناوچەکانی سەر رووی زەوی ، زۆرجار ئەم فاکتەرانە پێکداچوون و ئاسان نییە مەودای گرنگی هەریەکێک لەم فاکتەرانە دیاری بکەین لە دابەش بوونی دانیشتووانی سەر ڕووی زەوی بە پێی ژینگەکە.[1]

دەتوانرێت ئەم فاکتەرانە دابەشبکرێت بەسەر هەردوو فاکتەری سروشتی کە بەئاسانی ناتوانرێت کاریگەرییەکانی لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان تێپەڕبکرێت، فاکتەری مرۆیی کە لەخۆگرتەی هۆکاری ئابوری و مێژووی گەشتوگوزارییە.[2]

ئەم توێژینەوەمان ئەو پەیوەندییە شوێنکردانە دەستنیشان دەکات کە هۆکارن بۆ شێوەپێدانی شێوازی دابەشکردنی جوگرافیای دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەمان لە هەردوو فاکتەری سروشتی و مرۆیی.

### باسی یەکەم: فاکتەرە سروشتییەکان:

فاکتەرە سروشتییەکان بەڕوونی کار دەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتووان ،هەرچی زانایان( هنتکتۆن ، تایلۆر) باوەڕیان وایە کە فاکتەرە سروشتییەکان بەتایبەت ئاووهەوا ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتووان،کاریگەری ئەم فاکتەرانەیش بەپێی گرنگیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت[3] . ئەم فاکتەرە سروشتیانە (بەرزونزمی ، ئاوهەوا ، دەرامەتی ئاو، خاک)دەگرێتەوە.کە دواجار هەموو ئەمانە پێکەوە وێنەی دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکە درووستدەکەن.

### ١ـ بەرزونزمی :

بەرزونزمی و پلەی لێژی کاردەکەنەسەر سەرچاوەی جۆرایەتی دۆخی ئاووهەوایی و ڕووەکە پۆشاک و خاکو کۆمەڵە ئاژەڵییەکانە و کاردەکاتەسەر چالاکیە مرۆییەکان[4]، پشتبەست به نەخشەی بەرزو نزمی ناوچەی توێژینەوە ئەوا دەتوانین بەگشتی ناوچە دابەش بکەین بۆ دوو ناوچە، ئەوانیش:

**١-ناوچەی شاخاوی:** پشتبەست به نەخشەی (١١) ئەوا بەگشتی ناوچەکە لە باکوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاواوە بە چیا دەورەدراوە و بەرزترین چیای سنوری توێژینەوەکە بەشی خۆرئاوای چیای زمناکۆیە لەڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەکە کە بەرزییەکەی (١٦٠٦)م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە و ناوچەیەکی تەواو کوێستانییە و زستانان بەفر چیاکە دەگرێت و ناوچەیەکی گرنگی ئاوپێدەری ئاوی سەرزەوی و ژێرزەویە و لەباکورییەوە دەیاچەی دەربەندیخانەو لەباشوریەوە چیای خۆشکە کە بەرزیەکەی لەسنوری قەزاکەدا ( ١٣٥٢)مەترە و بەم هۆیەوەیش دانیشتوانی ئەوسنورە پشتبەست بەکانیاوەکان بەشێوەی پەرت نیشتەجێ بوون. بەپێی نەخشەی (١١) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سەنتەری قەزایش لەدۆڵێکدا و

[1] فتحی محمد ابوعيانة،جغرافية السكان، المصدرالسابق، ص١٠١.

[2] يسري الجوهري، جغرافية السكان، الطبعة الثانية، منشاه المعارف، الأسكندرية ١٩٧٦، ص٧٩.

[3] محمد صبحى عبدالحكيم و محمد سيد غلاب ،السكان(ديموغرافيا و جغرافيا)،المصدر السابق، ص٢١١.

[4] يوسف ستار محمد محمود، الصناعات الأنشائية في قضاء دربنديخان-محافظة السليمانية، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة المنصورة،غيرمنشوره، ٢٠١٥، ص٢٤.

لەبەرزی (٤٥٠م)دا پێکهێنراوە کە دەکەوێتە خوارووی چیاوی زمناکۆوە تا پردی دێوانە و چیای بەرانان لەباکوریەوە دەڕوانێتەسەر ئەم دۆڵە کە بەرزیی چیاکە( ١١٥٥)مەترە. وە سەنتەری قەزایش لەڕۆژهەڵاتیەوە چیای زمناکۆ و خۆشک و بەمۆیە و لەباشورییەوە بانی خێڵان و لەڕۆژئاوایەوە گولان و چیای زەردە(٩٤٧م) و لەباشوری ڕۆژئاوایەوە دۆڵی دێوانە هەیە . ئەم بەرزو نزمییە فاکتەرێکی گرنگبووە بۆ دابەشبوونی دانیشتوان بەچەندین شێواز، واتا تاوەکو لەباشوری ڕۆژئاوای ناوچەی تویژینەوەکەوە تا بەرەو باکوری ڕۆژهەلاتی بڕۆین بەرزیەکانی زیاتر دەبن ، وە بەگشتی ناوچە چیاییەکان بەپێی دابەشبوونی گوندەکان و کۆژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی ئەو سنورە کە ڕووبەرەکەیان (١٤٤.٩کم٢)یە، واتە (٢٧.١ %)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە پێکدێنن ئەوا لەخۆگرتەی(٨٦٢)کەسە، واتا (١.٥ %)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەیە بەچڕی( ٥.٩کەس/کم٢) و بەگشتی ژینگەیەکی گوندنشینی بەسەردا زاڵە.

## ٢- دەشتەکان

دەشتەکانی ناوچەی توێژینەوە بەگشتی دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵات بەهاوسنوریی لەگەڵ قەزای خانقین و لەباشوری ڕۆژئاوای بەهاوسنوری دەشتەکانی کەلار لەبەرزی (٣١٣-٥٥٠م)، لەبەشی باکوری رۆژئاوایشی لەبەرزی (٦٥٠- ٧٥٠م) بەهاوسنوری گوندەکانی قەزای قەرەداغ، لەبەشی باکوری رۆژهەلاتەییەوە لەناوچەیەکی کەمدا و لەبەرزی (٧٥١-٩٥٠م)دا ژمارەیەک دەشتی بچکولانە لەخۆ دەگرێت، گرنگترین دەشتەکانی قەزاکەیش بریتین لە دەشتی پونگەلە و دەرەدۆین و عازەبان. بەپشتبەست به نەخشەی (١١) و خشتەی (٢١) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دەشتەکان ڕووبەریان( ٣٨٩.١کم٢)یە. واتە ( ٧٢.٩% )ی کۆی ڕووبەری قەزاکە پێکدێنێت کە لەخۆگرتەی(٥٥٦٨٨)کەسە، واتە (٩٨.٥%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەیە بەچڕی(١٤٣,١کەس/کم٢) ئەمەش واتای ئەوەیە کە زۆرینەی دانیشتوانی قەزاکە لەدەشتەکانیدا دەژین. بەپێی گوندنشین و شارنشینیش ئەوا (٢١٢٤)کەس لەگوندە دەشتیەکاندا دەژین بەچڕی (٥.٤کەس/کم٢) و(٥٣٥٦٤)کەسیش لەناوەندی قەزای سەنتەر و باوەخۆشیندا دەژین بەچڕی (١٣٧) بۆ شارەکان .

**خشتەی (٢١)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی یەکەکانی تۆپۆگرافیا لە ساڵی(٢٠٢٠)دا**

| یەکەی تۆپۆگرافی (١) | ڕووبەر/ کم٢ * | % | دانیشتوانی گوندنشین (٢) | | | دانیشتوانی شارنشین (٣) | | | کۆی دانیشتوان (٣) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی دانیشتوان | % | چڕی گشتی کەس/کم٢ | ژمارەی دانیشتوان | % | چڕی گشتی کەس/کم٢ | ژمارەی دانیشتوان | % | چڕی گشتی کەس/کم٢ |
| شاخاوی | ١٤٤.٩ | ٢٧.١ | ٨٦٢ | ٢٨.٨ | ٥.٩ | - | — | — | ٨٦٢ | ١.٥ | ٥.٩ |
| دەشت | ٣٨٩.١ | ٧٢.٩ | ٢١٢٤ | ٧١.٢ | ٥.٤ | ٥٣٥٦٤ | ١٠٠ | ١٣٧ | ٥٥٦٨٨ | ٩٨.٥ | ١٤٣.١ |
| کۆی گشتی | ٥٣٤ | ١٠٠ | ٢٩٨٦ | ١٠٠ | ٥,٥ | ٥٣٥٦٤ | ١٠٠ | ١٠٠,٣ | ٥٦٥٥٠ | ١٠٠ | ١٠٥,٨ |


سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشتبەست بە:

(١) نەخشەی (١١). (٢) پاشکۆی (٦). (٣) پاشکۆی(١)

* ڕووبەری یەکە تۆپۆگرافیایەکان لەلایەن توێژەرەوە دەرهێنراوە لە ڕێگەی بەرنامەی(Gis) بە پشتبەست بە نەخشەی (١١).

**نەخشەی ژمارە( ١١)**

**دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی بەرزونزمی لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: وێنەی دیجیتاڵی( Digital elevation Model ,DEM 30M) بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

**٢- ئاووهەوا:**

ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتووان لەناوچە جیاوازەکاندا، بەتایبەت باران و پلەی گەرمی، بەوپێیەی ئەو ناوچانەی ئاووهەوایان سەختە ناوچەیەکی کەم چڕن لەدانیشتوان بەپێچەوانەی ئەو ناوچانەی کە ئاووهەوایان مامناوەندە[١]گرنگترین ڕەگەزە ئاوو هەواییەکانی ناوچەکەیش بریتین لە:

## أ ـ باران

باران بریتیە لە دڵۆپی ئاوی شل کە تیرەکەی لە( ٠.٥)ملم گەورەترە و پاش کرداری چڕبونەوە و قورسبونی تنۆکەکەی دادەبارێت[٢] باران لە نێو ڕەگەزە ئاوهەوایەکاندا جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە دابەشبوونی دانیشتواندا بەجۆرێک هێڵی بارانی( ٢٥٠ )ملم وەک جیاکەرەوەی ناوچەی چڕ دانیشتوان و پەرتوو بڵاو دادەنرێت، بەو پێیەی ئەم بڕە بارانە بە خاڵی جیاکەرەوەی ناوچەی کشتوکاڵی دەێم لە بەراو دادەنرێت وە ئەو ناوچانەی کە بارانیان کەمە لە دەوروبەری بیرەکاندا کۆدەبنەوە،بەڵام ئەو ناوچانەی کە پڕبارانن پشت بە ئاوی باران دەبەستن،دابەشبونیان شێوەی پەرتوبڵاو وەردەگرن بەڵام گەر بڕی بارانەکە لە( ١٠٠ )ملم کەمتربێت ئەوا کۆبونەوەی دانیشتوان کەم دەبێت و پەرت دەبێت[٣]. دەشبێت ئەوەیش بزانین کە باران سەرچاوەی پەیدابوونی کانیاوەکانیشە[٤].

بەگشتی تێبینی ئەوە دەکرێت لەناوچەی توێژینەوەکەدا باران بەپێی مانگەکانی ساڵی ماوەی توێژینەوەکە نایەکسانە و بەزۆریش باران دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە(ئازار،نیسان،مایس) ، بەکۆی ( ١٠٣٩.٤ )ملم و بەتێکڕای مانگانەی یەک لەدوای یەک ( ٢٩١، ١٢١، ٩٨) بووە لەساڵی(٢٠١٨)بووە، وشکترین ساڵیشی (٢٠١٤)بووە بە کۆی بارانی ساڵانەی ( ٥١٦.٨ملم) و وشکترین وەرزیشی هاوێنە( حوزەیران، تەموز، ئاب) لەهەموو ساڵەکانی ماوەی توێژینەوەکەدا و بەگشتی لەناوچەی توێژینەوەکە لەپاش مانگی کانونی دووەمەوە باران دەبارێت سەرباری بوونی پرژە باران لە کۆتا مانگەکانی وەرزی پاییزدا(تشرینی دووەم، کانونی یەکەم)، وە هەرسێ هێڵی بارانی (٥٠٠ملم، ٦٠٠ملم، ٧٠٠ملم)[٥]. لەباکوری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوری ڕۆژهەڵاتی تێپەڕدەبێت، واتا ناوچەی توێژینەوەکە دەکەوێتە هەرێمی بارانی مسۆگرەوە.

بە تێبینیکردنی نەخشەی (١٢) بۆمان ڕوونەدەبێتەوە کە زۆرترین بڕی دابارین لەناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەکەیە بە کۆی ساڵانەی (٥٩٧ـ ٦٣٩ملم) بۆ هەر ساڵێک و کەمترین دابارینیشی لەبەشی باشوری ڕژئاوای قەزاکەیە بەکۆی( ٥٢٠-٥٤٣ملم)، واتا تا لەباشوری ڕژئاواوە بەرەو باکوری ڕژهەلات برۆین بری باران زیاددەکات. ئەم سیستمی دابارینە کاریکردۆتە سەر ئەوەی یەکە

---

[١]مقداد علی ئەحمەد، ڕێبەری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم چاپخانەی زانا، سلێمانی ٢٠١٢، ل١١٠.

[٢]نعمە محسن ، فیزیای هەور، وەرگێڕانی د.لیث محمود زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ٢٠١٢، ل٧٤.

[٣]محمد احمد عقلة المؤمني و عبد علی الخفاف، جغرافیة السکان، الطبعة الاولی، دار الکندی للنشر و التوزیع، الأردن ٢٠٠١، ص٢١٠.

[٤]ناهیدە جەمال تاڵەبانی ، زانیاریی سەرەتایی دەربارەی جۆری کانیاوەکانی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٣، سلیمانی ٢٠٠٠، ل٤١.

[٥] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی بەست و بەنداوی دەربەندیخان، بەشی کەشناسی،سەرچاوەی پیشوو.

نیشتەجێبونیەکان بەزۆری بەدووربن لەدۆڵەکـان و زیـاتر لەنزیـک قەدپاڵەکـان دروسـتبکرێن بەبـێ ئەوەی بـکەونە نـاو دۆڵە لافاوییەکـانەوە، ئەمەش وایکـردووە لەنـاوچەی تـوێژینەوەکەدا دابەشـبوونی دانیشـتوان لەناوچە شاخاوییەکاندا کۆبوەوە وەربگرێت و لە پێدەشتی چیاکاندا شێوەی هێڵی وەربگرێت.

**خشتەی (٢٢)**

**تێکڕای پلەی گەرما و باران بارینی ساڵانە لە وێستگەی کەشناسی دەربەندیخان لەماوەی (٢٠٠٩ـ٢٠٢٠)**

| ساڵ | کۆی بارانی ساڵانە/ملم | تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە |
|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٥٤٣.١ | ٢١ |
| ٢٠١٠ | ٦١١.٧ | ٢٣.٣ |
| ٢٠١١ | ٥٨٦.٢ | ٢١.٢٥ |
| ٢٠١٢ | ٥٧٦.١ | ٢٢.١٢ |
| ٢٠١٣ | ٦٣٢.٨ | ٢١.٨٧ |
| ٢٠١٤ | ٥١٦.٨ | ٢٢.١٦ |
| ٢٠١٥ | ٧٠٦.٨ | ٢١.٨٨ |
| ٢٠١٦ | ٥٦٩.٧ | ٢١.١٦ |
| ٢٠١٧ | ٦١٠.٤ | ٢٢.٩ |
| ٢٠١٨ | ١٠٣٩.٤ | ٢٣.٣ |
| ٢٠١٩ | ٩٤٣.٦ | ٢٢ |
| ٢٠٢٠ | ٧٤٥.١ | ٢٢.١٦ |
| تێکڕا | ٦٥٩.٦ | ٢٢.٩ |

سـەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشتبەسـت بە: وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەڕێـوەبەرایەتی بەسـت و بەنـداوی دەربەندیخان، بەشی کەشناسی،داتا و زانیاری دەربارەی پلەی گەرمی و باران لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠).

## اـ پلەی گەرمی

نزمی پلەی گەرمی و زیادەڕۆی بەرزبونەوەیشی هۆکاری سەرەکییە بۆ نزمبونەوەی چڕی دانیشتوان، چونکە نزمـی هۆکـارە بـۆ کـورتی وەرزی گەشـە و کەمدەسـتەبەری بنەماکـانی ژیـان و کەمبـونەوەی ئاوەدانیشـی بەدواوەدێت، لەگەڵ بەرزبونەوەی پلەی گەرمی و شێییش بەهاوتـای ئەوا مرۆڤـی توشـی تەنگەنەفەسـی و دەیانجۆر نەخۆشی دەبێتەوە دەبێتە ژینگەیەکی ڕاونەری مرۆڤ و لەئەنجامیشدا کەمبونەوەی چڕی[١]. پـلەی گەرمـی گرنگتـرین ڕەگەزی ئـاووهەواییە کە کـاریگەرییەکی ڕوونـی هەیە لەسـەر چـالاکییە مرۆییەکـان و دابەشـبوونی دانیشـتوان و سروشـتی بەکارهێنـانی زەوی و پەیوەندیشـە بەتەواوی ڕەگەزەکـانی دیـکەی ئاووهەواوە لەم بابەتە[٢]، هەرچی تایبەتیشە بەپلەی گەرمی ناوچەی توێژینەوەکەوە ئەوا بەرزترین پلەکـانی گەرما لەمانگەکانی (حوزەیران،تەموز،ئاب) بووە لەساڵی (٢٠١٧) بە تێکڕای (٤٠، ٤٥.٤٥ )پلەی یەک لەدوای یەک، لەکاتێکدا نزمترین پلەکـانی گەرمـا لەمانگەکـانی (کـانونی یەکەم، کـانونی دووەم و شـوبات) بـووە


[١] محمد صبحي عبدالحكيم،و د.محمد سيد غلاب، السكان ديموغرافيا وجغرافيا، المصدر السابق، ص٢٢٣.

[٢] يوسف ستار محمد محمود،الصناعات الأنشائية في قضاء دربنديخان-محافظة السليمانية، المصدر السابق، ص٢٩.

لەساڵی ( ٢٠١٧) بە تێکڕای (٦،٥،٤)[1] پلەی یەک لەدوای یەک  و وەرزی هاوینی ناوچەکە وەرزێکی گەرم و وشکی مام ناوەندە، زستانی پڕباران و ساردە، بەهار و پاییزی تاڕادەیەک پلەی گەرمای مام ناوەنـد. وە بە تێبینیکردنی نەخشەی(١٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە تاوەکو لەباکوری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوری ڕۆژئـاوا بـڕۆین تێکڕای پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە، واتا لەبەشی باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە تێکڕای سـاڵانەی پـلەی گەرمـی دەگاتە(٢٢پلە) بەڵام لەبەشی باکوری ڕۆژئاوایدا نزم دەبێتەوە بۆ (١٩)پلەی ساڵانە، وە لەناوچەکانی باکوری ڕۆژهەلات و باشوری ڕۆژهەلاتیدا تارادەیەک ئاووهەوای مام ناوەندی هەیە کە تیکـرای سـاڵانەی پلەکـانی گەرمای دەگاتە( ٢٠)پلە.

**نەخشەی (١٢)**

**دابەشبوونی بارانی ناوچەی توێژینەوە بەپێی بەرزی**





سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: خشتەی (٢٢).

---

[1] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی بەست و بەنداوی دەربەندیخان، بەشـی کەشناسی،داتا و زانیـاری دەربارەی پلەی گەرمی و باران لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) بڵاونەکراوە.

**نەخشەی(١٣)**

**تێکڕای پلەی گەرمی لەقەزای دەربەندیخان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به خشتەی (٢٢)

### ٣-دەرامەتی ئاو

بوونی ئاو پێویستییەکی ژیارییە و فاکتەرێکی گرنگی کۆکردنەوەی دانیشتوانە و زۆرترین دانیشتوانیش هەمیشە لەنزیکی سەرچاوە ئاوییەکاندا نیشتەجێن[1]. دەرامەتەکانی ئاو لەهەرێمدا بایەخێکی گەورەیان هەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەوا، خاک و پێکهاتەی جیۆلۆجی، تۆبۆگرافیا، ڕووەکی سروشتی، ئاستی بنکی ڕووبار و فاکتەرە مرۆییەکانیشەوە، سەرباری ئەوەی سەرچاوە ئاوییەکان ڕۆڵی کۆکەرەوەی دانیشتوان دەبینن لەنزیک سەرچاوەکانیان، ئەمەش بەوپێیەی ئاو بنەمای سەرەکی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و دابینکردنی هۆکاری حەسانەوە و ئاوی خواردنەوەیە بۆ دانیشتوان. دەرامەتەکانی ئاو لەناوچەی توێژینەوەدا دابەش دەبێت بۆ:-

### أ-ئاوی سەرزەوی

پەیوەندیەکی پتەوهەیە لەنێوان ڕووبارەکان و دابەشبوونی دانیشتواندا، بەوپێیەی ڕووبارەکان سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و سامانی ماسی و خاکی بەپیت و لەزۆر ناوچەیش ڕێگەی گواستنەوەن، بەگشتی کەناراوی ڕووبارەکان باشترین ئاوەدانیەکانی جیهانی تێدایە و زۆرترین چڕبونەوەی دانیشتوانیش لەکەنار ڕووبارەکاندایە[2] . وە هەرچی دەرمەتەکانی ئاوی سەرزەوی ناوچەی توێژینەوەکەیە ئەوا بەشێکە لەسیستەمی ئاوی سەرزەوی هەرێمی کوردستان کە خۆی لەڕووبار و دەریاچەکاندا دەبینێتەوە و ئاراستەی ڕووبارەکانیشی باکوری ڕۆژهەڵات ـ باشوری ڕۆژئاوایە بەهاوئاراستەی لێژی تۆبۆگرافیای هەرێم ئەمەش بەیاریدەی کەندڕ و دەربەندەکانی، وە پشتبەست بەنەخشەی(١٤) ئەوا گرنگترین سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەکەیش بریتین لە:

**یەکەم: بەنداوی دەربەندیخان :** ئەم بەنداوە لەسەر ڕووباری سیروانە و لەرۆژهەلاتی قەزاکەدا دروستکراوە و توانای گلدانەوەی (٣)ملیار م٣ ئاوی هەیە و بەهۆیەوە لەوەرزی زستان و بەهاردا بڕێکی زۆرباشی ئاو گلدە دریتەوە و ناوچەکەیشی گۆریوە بۆ هاوینەهەوا و بەهۆیەوە چەندین گوند و هاوینەهەوار دروستبوون، سەرباری کاریگەری لەسەر کۆبونەوەی دانیشتوانی سەنتەری قەزا[3]. بەنداوی دەربەندیخان کە دەکەوێتە بەشی باشوری تەنگەبەرترین شوێن لەڕێڕەوی ڕووباری سیروان ئەوا دیوارەکەی بەکۆنکریت دروستکراوە و بەبەرد و گڵ پڕکراوەتەوە و پانی بناغەکەی (٥٠م)ە و پانی سەر ڕووەکەی (٩م)ەو بەرزی دیواری بەنداوەکە (١٢٨م)ە، بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە(٤٨٥م)ە [4].

### دووەم: ڕووبارەکان:

لەناوچەی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک چەم و ڕووبار و لقە ڕووبارهەن کە گرنگترینیان بریتین لە:

---

[1] يسري الجوهري ، جغرافية السكان، المصدر السابق، ص٨٩.

[2] مقداد علی ئەحمەد، ، ڕێبەری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

[3] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی بەست و بەنداوی دەربەندیخان، بەشی هایدرۆلۆجی،داتا و زانیاری دەربارەی بەنداوی دەربەندیخان، ٢٠٢١

[4] فەرەیدون کاکەیی، داهات و ئەمنەی ئاو لەهەرێمی کوردستان، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٢١، ل٣٨

**١ـ ڕووباری سیروان:** سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕووبارە چیاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و لەناوچەی هەورامانەوە دێتە خاکی هەرێمی کوردستانەوە و لەوێشدا ئاوی چەمی زەلمی تێدەڕژێت[1] و دوای پێکگەیشتنی چەمی زەڵم ورووباری تانجەڕۆ ئەوا بەدرێژایی (٦کم)بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر دروستکراوە کە درێژی ڕووبارەکە دەگاتە(٣٨٤کم)وە (٣٧کم)دەکەوێتە سنوری ناوچەی توێژینەوە و ڕووبەری گشتی ئەو حەزەی ئاوی لێوەردەگرێت بریتییە لە( ٣١٨٦٩کم٢) و تێکڕای لەبەر ڕۆیشتنی ساڵانەی دەگاتە (١.١٧٠م٣چرکە) و تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی دەگاتە (٣٦.٥ملیار م٣) [2]. ڕووباری سیروان بەگشتی زیاتر لە (٧٠%)ی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان پێکدێنێت و هۆکارێکی گرنگی دروستبوونی چەندین گوندبووە لە ڕۆژئاوای قەزاکەدا، سەرباری سەنتەری قەزاکە لەنزیکی ئەم ڕووبارە بونیات نراوە، وە ئاوی ڕووباری سیروان بەداهاتێکی باشی ئاوی دادەنرێت ئەمە جگە لەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بەرزدەکاتەوە و ئەو بارودۆخە ئاووهەواییەی کە زاڵە بەسەر ڕووباری سیرواندا وایکردووە لەبەر ڕۆیشتنی ئاوەکە لەڕێڕەوی ڕووبارەکەدا بگۆڕێت.

**٢ـ چەمی دێوانە** : ئەم چەمە لەنێوان چیاکانی قەرەداغ و بەرانانەوە بەئاراستەی ناوچەی توێژینەوەکە لێژدەبێتەوە و کۆی درێژی چەمەکە(١٨,٤کم)[3] یە و ئاراستەکەی باکوری ڕۆژئاوا ـ باشوری ڕۆژئاوایە و لەباشوری شاری دەربەندیخانەوە دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە. سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕووبارە چەمی سەگرمە و چەمی جافەرانە کە لەگەڵ چەمەکانی شێوی ئاقوڕ و چەمەکوێردا یەکدەگرن و چەمی دەلوجە پێکدێنن و لەوێوە بەرەو باشوری ڕۆژئاوا درێژدەبنەوە تا ئەوەی لەنزیک گوندی دێوانە لەگەڵ چەمەکانی کۆشکی کاوانی و هۆمەرقەلادا یەکدەگرن و چەمی دێوانە پێکدێنن[4]. وە لەسەر ئەم چەمە بەنداوێک دروستکراوە کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕووی ئاودێری و کشتوکاڵییەوە بۆ سنوری ناوچەکە، سەرباری ئەمانە لەبواری گەشتیاریدا ناوچەیەکی دڵڕفێنی هەیە.

ئاوی سەرزەوی و بەتایبەتیش ڕووبارەکانی ناوچەکە هۆکارێکی گرنگی کۆبونەوەی دانیشتوانن لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا، بەوپێیەی ڕووباری سیروان بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر دروستکراوە لەتەنیشتی ئەم بەنداوەیش سەنتەری قەزا پێکهێندرا، سەرباری کەمپی خوارەوە کە ڕاستەوخۆ لەتەنیشتی دەمی بەنداوەکەیە، جگە لە وەی لەکەناراوی بەنداوی دەربەندیخان ئاخنراوە بە دانیشتوان و تا لە ڕووبار و بەنداوەکە دووربکەوینەوە چڕی دانیشتوان کەمدەکات و چەمی دێوانەیش ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری و کۆبونەوەی دانیشتوانە، تاوەکو ژمارەی یەکگرتنی لقەکانی زیاتربێت ئەوا توانایی بۆ کێشکردنی دانیشتوان و گەشتیارانیش زیاتردەبێت، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایدا کە خەریکی دروستکردنی بەنداوێکی نوێن لەسەر ڕووباری دێوانە بە ناوی (بەنداوی دێوانە)کە تاوەکو ئێستا هەندێک لە کارەکانی ماون بۆ تەواوبوونی و گلدانەوەی ئاو لە بەنداوەکەدا و ئەمەش لە داهاتوو هۆیەکی گرنگی کێشکردنی دانیشتوانە

---

[1] کامەران تاهیر سەعید جوگرافیای عێراق سروشتی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ٢٠١٤، ل٢٣٠.

[2] ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەی دەرامەتە ئاوییەکان، جوگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، کۆتایی ١٩٩٩، ل١٣٦


[3] درێژی ڕوباری دێوانە لەلایەن توێژەرەوە دەرهێنراوە لە ڕێگەی بەرنامەی (Gis)وە.

[4] سایە سەلام صابر، ڕووماڵکردنی شێوەکانی سەر ڕووی زەوی ناوچەی قەرەداغ و کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جیۆگرافیا، سلێمانی ٢٠١٤، ل٧٣

بەتایبەت بۆ ئەو چەند گوندەی کە نزیکی بەنداوەکەن هەربۆیە تاوەکو لەباکورەوە بەرەو باشوری ڕووبارەکە بڕۆین یەکە ئاوەدانیەکانی سەر ڕێڕەوی ڕووبارەکە زیاتر دەبێت.

**نەخشەی(١٤)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی ئاوی سەرزەوی لە ساڵی(٢٠٢٠)دا**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە وێنەی دیجاڵی( Digital elevation Model ,DEM 30M) بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

## ب ـ ئاوی ژێر زەوی :

ئاوی ژێرزەوی ئەو ئاوەیە کە لەناوهەندێک لەچینە بەردەکاندا پڕلە پری بۆشایی ئەوچینانە هەیە، ئەویش یان بەشێوەی بیری دەستکرد یان بەسروشتی بەشێوەی کانیاو دێتە دەر[1] ئاوی ژێـر زەوی ڕۆڵێکـی ڕێژەیـی هەیە لەدابەشبوونی دانیشتواندا[2]، بەڵام دەشبێت ئەوە بزانین کە لەنـاوچەی تـوێژینەوەکەدا بەهـۆی زۆری باران و بوونی ئاوی سەرزەوی ئەوا ئاوی ژێرزەوی کەمتـرین ڕۆڵـی هەبـووە لەکـۆکردنەوەی دانیشـتوان و بەرزکردنەوەی چڕییەکەی .

ئاوی ژێر زەوی لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەچەندین شێوە سوودی لێ وەردەگیرێت، وەکو:

**١ـ کانیاو:** بەشێوەیەکی سروشتی لەژێر زەوییەوە بەبێ هیچ جۆرە دەسـتکارییەکی ئـادەمیزاد هەڵـدەقوڵێت، پێویستە ئەوەش بزانین کانیاو بەشێکە لەئاوی ژێر زەوی و سەرچاوەکەی ئاوی بـارانە، سـەرباری هۆکـاری بەرزی و پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکەیش. وە باران کە سەرچاوەی ئـاوی ژێـر زەویـیە ڕاسـتەوخۆ نـابێتە هۆکاری کۆکردنەوەی دانیشـتوان لەنزیـک کانیاوەکـان بەڵکـو دادەبارێـت و ڕۆدەچـێ لەوەرزێکـی دیـکەدا بەپشتبەست  بە جیۆلۆجیا و لێژی ناوچەکە ئەم کانیاوانە دروست دەبن.

بە تێڕوانین لە خشتەی ژمارە(٢٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەناوچەی توێژینەوەکەدا (٢٩٨)کانی هەیە، و لەو ژمارەیەیش  (٢٥٥)کانیاوی سەربە سەنتەری قەزایە و دابەشی (٣٧)نیشینگە بووە و ڕێژەی (٨٥.٥%)ی کۆی کانیاوەکانی سنورەکەی پێکهێنـاوە، و لەنـاحیەی باوەخۆشینیشـدا (٤٣)کانیـاوی وەرزی هەن کە دابەشـبوون بەسـەر (١١)یەکەدا و ڕێـژەی (١٤.٥%)ی کـۆی کانیـاوی نـاوچەی تـوێژینەوەکە لەخـۆ دەگرێـت، واتـا بەشێوەیەکی گشتی کانیاوەکانی ناوچەی توێژینەوەکە هەمە جۆرن، بەشـێکیان کانیـاوی کەنـار ڕووبـارن کە چینێکی ئاوگر لەخۆدەگرێت و هاوینان هەڵدەقوڵێت وەکو کانیـاوی( نەژوێنـی ، دێـوانە و بـانی خـێڵان )، سەرباری کانیاوی بارانیی کە زستان ئاوی باران کۆدەکاتەوە و هاوینان دەست دەکات بەجوڵە و بە کانیاوی وەرزی بەناوبانگن وەکو کانیـاوی(کۆکۆیی و وازۆڵ  )، سـەرباری کانیـاوی میتـاڵی کە سـەرچاوەی ئـاوی کانزاییە  وەکو کانیاوی بانی خێڵان ، سەرباری گەڕاوی بانیخێڵان کە کانیاوێکی گـۆگردییە و بۆچـارەکردن بەکاردێت ، بەگشتی کۆی نیشـینگە دێهاتیەکـانی قەزای دەربەنـدیخان کە بـریتیە لە(٤٨)نشـینگە  و کـۆی کانیاوەکانیشی ( ٢٩٨ ) کانیاوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە تاڕادەیەکی زۆر نشینگەکان پەیوەسـتن بە سەرچاوە کانیاویەکانەوە.

**٢ـ بیر :** بیر یەکێکە لەو ڕێگە کۆنانەی کە مرۆڤ هەڵدەستێ بە هەڵکەندنی بەمەبەستنی دەست گەیشتن بەئاوی ژێرزەوی و بەکارهێنانی ئـاوەکەی بـۆ پڕکـردنەوەی پێداویسـتیەکانی ڕۆژانەی[3]. و بە تێـڕوانین لە خشتەی ژمارە (٢٣)ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە لەناوچەی توێژینەوەکەدا ( ٥٨ )بیری ئیرتیوازی هەیە و لەو ژمارەیەیش (٥٤)بیریان لە یەکەکـانی سـەربە سـەنتەری قەزادان، واتـا بەڕێـژەی (٩٣.١%) و (٤)بیریشـیان سـەربە نـاحیەی باوەخۆشـینن بەڕێـژەی (٦.٩)، بەگشـتی (٤١.٤%)بیرەکـان بـۆ خـواردنەوە بەکـاردێن و (٥٨.٦%)ی بیرەکانیش کە لەگوندەکاندا هەڵکەندراون بۆ مەبەستی خواردنەوەو کشتوکاڵیش سوودیان لـێ

---

[1] ناهیدە جەمال تاڵەبانی،زانیاریی سەرەتایی دەربارەی جۆری کانیاوەکانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو ل٤٨.

[2] جواد عبد الجواد ، المنطقة الشمالية في العراق، المصدر السابق، ص١٥٣.

[3] سایە سەلام صابر، ڕوومالکردنی شێوەکانی سەر ڕووی زەوی ناوچەی قەرەداغ و کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١ .

دەبینرێت، وە قوڵی بیرە دەستیەکانی ناوچەکە لەنێوان (١٥ـ ٢٥ م) و کەمجارێکیش دەگاتە (٤٠م) ، بەڵام قوڵی بیرە ئیرتیوازیەکان (٤٠-٢٠٠)مەترە بەگشتی، تاوەکو وشکەساڵیی بەرەو سەختی بڕوات ژمارەی بیرەکان لەناوچەکەدا زیاددەکەن، بەجۆرێک لەساڵی (٢٠٠٣)دا بیرەکانی قەزاکە بریتی بووە لەپێنج بیر بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) دا ژمارەی بیرەکانی بریتی بووە لە (٥٨) بیر، ئەمەش بۆ دابینکردنی پێویستی خواردنەوە و کشتوکاڵیی دانیشتوانی ناوچەکە و ئەم بیرانەیش بەیەکسانی دابەش نەبوون، ناوەندی سەنتەری قەزاکە (٢٢) بیری ئیرتیوازی تێدایە، بەڵام ناحیەی باوەخۆشێن (٣) بیری تێدایە کە بۆ خواردنەوە بەکاردێت و لەنیشینگە دێهاتیەکانیشی بۆ قەرەبوکردنەوەی کەمی دابارین زۆرجار پەنا دەبرێتەبەر هەڵکەندی بیری قوڵ و ناعور و بەگشتی ئەم ناچونیەکە لەدابەشبوونی بیرەکاندا هۆکارێکی گرنگە بۆ ناچونیەکی لەدابەشبوونی دانیشتواندا، بەوپێیەی ناوچە سەختەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەکە کەمترین بیری تێدایە، هەربۆیە بەرگەی وشکەساڵی ناگرێت و لەکەمترین ماوەدا دانیشتوانەکەی چۆڵی دەکەن، لەنمونەی گوندی دڵف، بەڵام لەبەرامبەریشیدا لەسەنتەری قەزاکە زۆرترین بیری تێدایە و سەرچاوەی دەستەبەری ئاوی خواردنەوە فەراهەمە، هەربۆیە ناوچەیەکی ڕاکێشەری دانیشتوانە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دانیشتوانەکەیشی ڕوو لەزیادبوونە .

**٣-کارێز:** کارێز بریتییە لە کۆمەڵە بیرێک کە بەهۆی هەندێ جۆگەوە بەستراونەتەوە و ئاستی هەریەکەیان لەوەی پێش خۆی نزمترە و ماوەی کەمتر لە(٢٠)مەتریان نێوانە، لەوانەیشە درێژی کارێز بگاتە چەند کیلۆمەترێک، بڕی ئاوی کارێزیش بەندە بەبڕی باران و بەفری داباریو، ئەم بڕەیش لەمانگەکانی ئازار و کانی دووەمدا دەگاتە لوتکە و لە ئەیلول و ئابدا کەم دەبێتەوە[1]. و لەناوچەی توێژینەوەکەدا (٢٤ ) کارێز هەیە وەکو کارێزەکانی چەمەرگە و فەقێ جنە و کانی سارد و حەسەنە کاڕە[2]، کە ئەم کارێزانە هۆکارێکی گرنگی کۆبونەوەی دانیشتوان و بەردەوامی دانبووە بە گەشەی گوندەکان.

**خشتەی (٢٣)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی گوندنشین بە گوێرەی ئاوی ژێر زەوی لە قەزای دەربەندیخان لەسەر ئاستی یەکە کارگێریەکان لە ساڵی(٢٠٢٠)**

| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی نشینگە گوندییەکان[1] | کانی[2] | | بیر[3] | | بواری بەکارهێنانی ئاوی بیر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | خواردنەوە | | کشتوکاڵ | |
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| سەنتەر | ٣٧ | ٢٥٥ | ٨٥.٥ | ٥٤ | ٩٣.١ | ٢٢ | ٤٠.٧ | ٣٢ | ٥٩.٣ |
| باوەخۆشێن | ١١ | ٤٣ | ١٤.٥ | ٤ | ٦,٩ | ٣ | ٧٥ | ١ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٤٨ | ٢٩٨ | ١٠٠ | ٥٨ | ١٠٠ | ٢٥ | ٤١.٤ | ٣٣ | ٥٨.٦ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە: [1]خشتەی (٢٠).

[2]حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان، زانیاری دەربارەی کانی و کارێز،٢٠٢٠ بڵاونەکراوە

[3]وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕیوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی سلێمانی ، بەشی مۆڵەتی بیر، بیرە هەڵکەندراوەکانی سنوری قەزای دەربەندیخان، بڵاونەکراوە،٢٠٢٠.

---

[1] د. ئازاد جەلال شریف، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان، زانیاری دەربارەی کانی و کارێز،٢٠٢٠ بڵاونەکراوە

**٤- خاك**

خاك پێکهاتەیەکی سروشتییە کە بەردەوام لەپەرەسەندندایە، لەئاکامی کردارەکانی کەشکاری و کارلێکە کیمیایی و فیزیایی و زیندەگییەکانەوە دروست بووە لەنێوان چوار بەرگە سەرەکیەکەدا، وە ئاووهەوا فاکتەرێکی سروشتییە و کاریگەری گەورەی لەسەر تەواوی پێکهاتەکانی زەوی هەیە بەتایبەت خاک و پێکهاتەکەی، بەجۆرێک گۆڕانکاری لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کاریگەری زۆریان لەسەر پەرەسەندنی خاک هەیە [1] .

کاریگەری خاک لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان تەنها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو پشتبەستنی کشتوکاڵ بەخاک وادەکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاربکاتەسەر کۆبونەوەی دانیشتوان لەو ناوچانەی جۆری خاکەکەیان باشە و بەکەڵکی کشتوکاڵی دێن و جۆری خاک و جیاوازی دابەشبونیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کاریگەری هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییەکەی[2]، بەپێی نەخشەی (١٥) و خشتەی (٢٤) ئەوا بۆمان دیاردەکەوێت کە لەناوچەی توێژینەوەکەدا چەندین جۆر لەخاک هەیە وەکو:

١- **خاکی کەستانەیی:** کە لە دەشتی نێوان چیاکان و دۆڵەکانیدا لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەدا هەیە و بەگشتی (٢٨.٦کم٢) ی زەوی ناوچەکەی پۆشیوە بەڕێژەی( ٥.٣% )ی خاکەکەی، کە چڕی دانیشتوانی گوندنشین لەسەر ئەم جۆرە خاکە لەناوچەکەدا (٤.٩کەس/کم٢ یە، بەڵام لەسەر ئاستی قەزا تەنها (٠.٢%)ی خاکەی دەگرێتەوە بەچڕی (٤.٩کەس/کم٢).

٢- **خاکی کەستانەیی تێکەڵ:** ئەم خاکە بەتەنیشت و تێکەڵاوی خاکی کەستانەیی لە باکوری ناوچەی لێژڵینەوەکەدا هەیە، کە ڕووبەرەکەی (٨٤.٤کم٢)، کە (١٥.٨%)ی کۆی خاکی ناوچەکە پێکدێنێت و چڕی دانیشتوانە گوندنشینەکەی (٤.٤کەس/کم٢)یە، بەڵام دانیشتوانە شارنشینەکەی ناکەونە سەر ئەم جۆرە خاکە بەگشتی چڕی دانیشتوانەکەی لەسەر ئاستی قەزا ( ٤,٤کەس/کم٢)یە.

٣- **خاکی چیایی بەردەڵان:** ڕووبەری ئەم خاکە (٢٣٧.٧کم٢)یە، کە ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست و باکوری خۆرئاوا و چەند پەڵەیەک لەباشوری خۆرئاوای ناوچەکە دەگرێتەوە، کە(٤٤,٦%) ی کۆی ڕووبەری خاکەی پێکدێنێت کە بەچڕی (٤.٢کەس/کم٢) گوندنشینەکانی لەسەر ئەم خاکە دەژین، بەڵام چڕی شارنشینەکانی (٢٢٢کەس/کم٢)یە و بەگشتی چڕیی دانیشتوانەکەی (٢٢٦.٨کەس/کم٢)یە.

٤- **خاکی گەنم ڕەنگ :** بەگشتی خاکی ناوچەکانی ڕۆژئاوای قەزای دەربەندیخان دەگرێتەوە، بەشێوەی هێڵێکی باریک لەوپەڕی باکوری ڕۆژئاوایەوە لای گوندی مچە کوێرەوە درێژ دەبێتەوە تا کارێزە و تۆپخانە لەوپەڕی باشوری ڕۆژئاوا. بەگشتی ڕووبەرەکەی (١٧٣.٣کم٢)یە و چڕی گشتی دانیشتوانەکەی

---

[1] د.هاوڕێ یاسین محمد ئەمین،جوگرافیای دەرامەتە سروشتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تەهران٢٠١٥، ل٣٥، ٤٢

[2] کامەران تاهیر سەعید،جوگرافیای عێراق،مرۆیی و چالاکییە ئابورییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر ٢٠١٣، ل٦٢.

(١٢.٢کەس/کم٢)یە، بەگشتی چڕی دانیشتوانە گوندنشینەکەی (٨.٤کەس/کم٢)یە و شارنشینەکەیشی (٣.٧کەس/کم٢).

سەرباری ئەم خاکە سەرەکییانە لەچەند خاڵێکی بچوکدا خاکی کەنار ڕووبارەکانیش هەیە کە خاکێکی پێنەگەیشتووە و لەکەناری ڕووباری سیروان و نزیک دەریاچەی دەربەندیخاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە دانیشتوان لەنزیک دۆڵەکاندا بەشێوەی کۆبووەوە نیشتەجێبن و لەپێدەشتەکانیشدا بەهۆی کەستەنائیەوە کشتوکاڵ دەکرێت، بەڵام لەناوچە شاخاوییە بەرزەکانیدا بەهۆی زۆری لێژی و کەمی ئەستوری خاکەوە کەمی چڕی دانیشتوانی لێکەوتۆتەوە.

**خشتەی(٢٤)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی جۆرەکانی خاک لەساڵی(٢٠٢٠)دا**

| خاک | ڕووبەر/کم ٢ * | % | دانیشتوانی گوندنشین | | | دانیشتوانی شارنشین | | | کۆی دانیشتوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی دانیشتوان | % | چڕی گشتی کەس/کم ٢ | ژمارەی دانیشتوان | % | چڕی گشتی کەس/کم ٢ | ژمارەی دانیشتوان | % | چڕی گشتی کەس/کم٢ |
| کەستەنائی | ٢٨.٦ | ٥.٣ | ١٤٢ | ٤.٧ | ٤.٩ | - | - | - | ١٤٢ | ٠.٢ | ٤.٩ |
| کەستەنائی تیکەڵ | ٨٤.٤ | ١٥.٨ | ٣٧٢ | ١٢.٥ | ٤.٤ | - | - | - | ٣٧٢ | ٠.٦ | ٤.٤ |
| بەردەڵان | ٢٣٧.٧ | ٤٤,٦ | ١٠١٢ | ٣٣.٩ | ٤.٢ | ٥٢٩٠٦ | ٩٨.٧ | ٢٢٢ | ٥٣٩١٨ | ٩٥.٤ | ٢٢٦.٨ |
| گەنم ڕەنگ | ١٧٣.٣ | ٣٢,٥ | ١٤٦٠ | ٤٨.٩ | ٨.٤ | ٦٥٨ | ١.٤ | ٣.٧ | ٢١١٨ | ٣,٨ | ١٢.٢ |
| کۆی گشتی | ٥٣٤ | ١٠٠ | ٢٩٨٦ | ١٠٠ | - | ٥٣٥٦٤ | ١٠٠ | - | ٥٦٥٥٠ | ١٠٠ | - |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە:

(١) نەخشەی(١٥)


(٢) پاشکۆی(٦)

(٣) پاشکۆی(١)

*ڕووبەری خاکەکان لەلایەن توێژەرەوە دەرهێنراوە لە ڕێگەی بەرنامەی(Gis) بە پشتبەست بە نەخشەی(١٥)

**نەخشەی(١٥)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی جۆرەکانی خاک لە ساڵی (٢٠٢٠)دا**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە پۆلێنکاریەکەی بیورینگ: Buring ,soil and soil) condition in Iraq ,soil)

## باسی دووەم: فاکتەرە مرۆییەکان

فاکتەرە مرۆییەکان بەهاوتای فاکتەرە سروشتیەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر چڕی و دابەشبوون دانیشتوان هەیە، سنوری کاریگەریانەی هیچی لەو هۆکارە سروشتیانە کەمترنین کە لەباسی پێشتردا ئاماژەمان پێدا. وە گرنگترین ئەم فاکتەرە مرۆییانەیش بریتین لە:

### ١- فاکتەری مێژوویی

لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنە زۆرانەی کە کاریان کردۆتەسەر لایەنە ئابوری و سروشتیەکان بەشێوەیەکی جۆراوجۆر، بەڵام هەروەک ئاشکرایە دابەشبوونی دانیشتوان لەرابردوودا کاریگەری ماوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان بۆ ئێستا و داهاتوویش، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان دابەشبوونی دانیشتوان و مێژووی نیشتەجێ بوونیان و چڕی کۆبونەوەشیان و زۆرجاریش ڕووداوە مێژووییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لەگۆڕینی نەخشەی دیمۆگرافیای ناوچەکاندا[١] .

لەناوچەی توێژینەوەکەدا فاکتەری مێژوویی کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە چڕبونەوەی دانیشتوانی سنورەکەدا، بەوپێیەی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی قەزاکەدا مێژووی ژیان تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆییەکان و سەردەمێک ناوەندێکی گرنگی نیشتەجێبوون بووە، بەلام پاش لەرووخانی لولەبییەکان ئیدی بوەتە چۆڵگەو و پاش چەند هەزارساڵ ئینجا ئاوەدان بوەتەوە و گوندی نوێ لەسەر شوێنەواری لولوییەکان دروستکراوە، بەڵام لەناوچەی کەمپی خوارەوەو لەناوەندی قەزاکەدا شوێنەواری ژیانی کۆن هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی زەردەشتیەکان و ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ و سەرەنج ڕاکێشی ژیاریی بووە و تاڕادەیەک هۆکاری گردبونەوەی دانیشتوان بووە لەو ناوچەیەدا. وە بەنداوی دەربەندیخان لە ساڵی (١٩٥٦) دا بەردی بناغەی دانراوە وە لەساڵی (١٩٦١)دا کراوەتەوە و دەشتوانین بڵێین بەنداوەکە یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژیەکانی کوردستان و ناوچەکە و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەگردبونەوەی دانیشتوانی سەنتەری قەزادا. و لەبەر ئەوە دەربەندیخان پێش ساڵی پەنجاکان ناوێکی ئەوتۆ نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت کە شوێنێک بووە سەر بە ناحیەی (وارماوا)ی کۆن بەڵام دوای دروستکردنی بەستەکەی دەربەندیخان ناوی پەیداکردووە و ئەمەش هۆکارێکی گرنگی بەقەزاکردنی بووە لەساڵی( ١٩٧١ ) دا. ئەم قەزایە پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوە کە (٤.٥ %)ی پانتای پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە و پرۆژەی ئاوو کارەبا لە شارەکەدا هەبووە، و دانیشتوانەکەی لەڕووی ئابووریەوە خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون وە ناوچەکەش بەهۆی بەنداوی دەربەندیخان روخساری گەشتوگوزاری هەبووە و بەردەوام دانیشتوان ڕووی تێکردووە [٢] ، سەرباری ئەوەی سەنتەری قەزالەگەڵ دروستبونیدا تەنها (٣) گەڕەک بووە و دانیشتوانەکەی (١٠٣٦٠کەس)بووە، بەڵام بەهۆکاری جەنگی درێژخایەنی( عێراق-ئێرانە)وە لەساڵی(١٩٨٧) دا ژمارەی گەڕەکەکانی بوەتە(٥گەڕەک) و دانیشتوانەکەیشی بوەتە(١٥٦٧٨)، لەکاتی ئێستادا (٢٠٢٠)و بەتێپەڕینی کات

---

[١] پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای ڕانیە(١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە کۆمەلایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، بلاونەکراوە، ٢٠٠٩، ل١٤٦.

[٢] جەمال بابان،ئاسۆ بابان،ئومێد خالید،سلێمانی شارەگەشاوەکەم،چاپی سێیەم،چاپ و دەزگای سەردەم،سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٠،ل٢٢٣.

گەشـەی کـردووە بـۆ (١٧گەڕەک)و(٥٢٩٠٦)کەس[(١)] ، ئەمەش لای خـۆیەوە ئەوە دەسـەلمێنێت کە مێـژوو فاکتەرێکی گەورەی گەشەکردنی ئەم قەزایە بووە لەڕووی لەگەشەی شار و زیادبوونی چڕی دانیشتوانیشەوە.

## ٢ ـ فاکتەری کۆمەڵایەتی

لەڕووی کـۆمەڵایەتییەوە شـارەزایانی بـواری دانیشـتوان گرنگـی دەدەن بەپێکهـاتەی دانیشـتوان، چـونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێو هەر گروپێکی تەمەن و ڕەگەز پەیوەندە بە ڕێژەیانەوە وئەمەش پێویسـتی بە نەخشەڕێژییە لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە کە پشت بەستە بە داتاکانی پێکهـاتەی تەمەن، بەگشـتی ناوچەی توێژینەوەکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بنەمای خێڵ کۆی کردونەتەوە . واتا فـاکتەرە کۆمەڵایەتیەکـان بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە دەستنیشانکردنی تەرزی دابەشـبوونی دانیشـتوان و چڕی دانیشتوانی ناوچەکەیش، لەنێو فاکتەری کۆمەڵایەتیدا پەیوەنـدی خزمـایەتی و خێڵایەتـی بەهێزتـرین فاکتەری دابەشبوونی دانیشـتوانە لەسـنوری نـاوچەی توێژینەوەکەمانـدا بەو پێـیەی زۆرتـرین دانیشـتوانی گوندەکانی سنوری باوەخۆشێن بەزۆری خێڵی جافن و هەربۆیە کۆبونەوەی دانیشتوانەکەی لەگوندەکانیشیدا پشتی بەستووە بە پەیوەندی خەڵکەکە بە وردە خێڵەکـانی نێـو خێڵـی جـافەوە، بەڵام لەبەشـی ڕۆژهەڵاتـی قەزاکەدا کە ناوچەی شەمێران و گوندەکانی دیکە دەگـرێتەوە نیشـتەجێبوون تێیـدا پەیوەنـدە بە نزیکـایەتی لەخێڵ و خوێنی تاوەگۆزی و شەمێرانییەوە، بەڵام بەشی بـاکوری قەزاکە بەزۆری عەشـیرەتەکانی( کلاشـی، کەلهوری، ڕۆغزایی) ن و هەرسێ گوندی ( حەسەنە کاڕە، چنارە و عازەبان) بەزۆری شێخن، ، بەڵام بەشی باشـوری قەزاکە بەئاراسـتەی نـاوچەی گەرمیـان زۆریـنەی دانیشـتوانەکەی جـافبوون کـۆی کـردونەتەوە و بەزۆریـش دانیشـتوانەکەی پێهـاتوون لە خێڵەکـانی( تەرخـانی،ڕۆغزایی و هـاروونی) [(٢)]، لەڕووی کۆمەلایەتییەوە بەگشتی ناوچەی دەربەندیخان پەیوەندە بەمێژووی جـافی مـورادییەوە. وە ئەم مێـژووەیش لە کۆچی جافەکانی جوانڕۆوە بۆ بانی خێلان دەستپێدەکات کە بەدرێژایی ڕۆخی ڕووباری سیروان کشاون[(٣)].

سەرباری ئەوانەی باسکران دەیان خێڵ و گروپی دیکەی کۆمەڵایەتی لەسنوری توێژینەوەکەماندا هەن، وە ئەمەش پیشاندەری ڕۆڵی فاکتەری کۆمەلایەتییە لەدابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەدا، کە لەژێر کاریگەری فاکتەری مێژوودایە و لێرەدا خێڵ ڕێکخستنێکی ئابوری و کۆمەلایەتی و دابینکاری ئاسایش بووە بۆ تاکەکانی ناوچەکە، هەربۆیە هەر گروپەو لەدەوری خێڵەکەی خۆی کۆبوەتەوە و دەرئەنجامیش گوندێکیان پێکهێناوە و لێی نیشتەجێبوون و کشـاون و گەشـەیانکردووە و بـوون بە پێکهـاتەی سـەرەکی دانتیشـتوانی ناوچەی توێژینەوەکە.

## ٣ ـ فاکتەری ئابووری

بەگشتی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان فاکتەرە ئابورییەکان و چـڕی و دابەشـبوونی دانیشـتوان ، ئەمەش پشت بەستە بە جۆری چالاکیەکان و ئاستی ئابوری خەڵکەکەی و ئاراسـتەی پیشـەییان، بەوپێـیەی لەگوندە شاخاوییەکانی ناوچەی تـوێژینەوەکەدا پیشـەی سـەرەکی دانیشـتوانەکە شـوانکارەیی و کشـتوکالە

---

[(١)] کامەران محمد توفیق،شیکردنەوەی جوگرافی بـۆ گەشـەی دانیشـتوان و کـاریگەری لەسـەر فراوانبـوونی ڕووبەری شـاری دەربەندیخان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨ ، ١٣٢

[(٢)] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز( محمد حاجی محمود)، کەسایەتی دیاری ناوچەی توێژینەوە، لەبەرواری ٢٠٢١/٨/١٦

[(٣)] سروە جەلال حەمە، گۆڕانکاریی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان سالآنی(١٩٧٧ـ٢٠١٢)دا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥ .

هەربۆیە چڕی گشتی دانیشتوانەکەی نزمە، چونکە دانیشتوانی لەچاو ڕووبەردا بچووکە، شێوازی دابەشبونەکەیشیان بەربلاوە، بەڵام لەگوندەکانی کەنار ڕووبارەکاندا تەرزی دابەشبونی دانیشتوانیان هیڵییە و لەگەڵ دردێژبونەوەی ڕووبارەکەدا گوندەکانیش کشاون، هەروەها چڕیشیان بەرزترە و زەوی کشتوکاڵییان زۆرە ، بەڵام لەسەنتەرەکاندا بەهۆی باوێتی پیشەی بازرگانی و پیشەسازیی دروستکردنەوە چڕی دانیشتوانەکەی بەرزە و هەمیشە ناوچەیەکی ڕاکێشەری دانیشتوانە و تەرزی دابەشبونەکەیشی هێڵییە کە بەدرێژایی ڕێگاکان درێژبوەتەوە وە گرنگترین ئەو فاکتەرە ئابورییانەی کە ڕۆڵیان هەیە لەدابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەدا، بریتین لە:

## ا- پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری:

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان جۆری پیشە و چڕی و تەرزی کۆبونەوەی دانیشتوان، چالاکی کشتوکاڵی ڕۆڵێکی گرنگی لەژیانی دانیشتواندا هەیە، بەوپێیەی کە چالاکییەکی ئابوری بنەڕەتییە، بەچەشنێک دۆزینەوەی کشتوکاڵ پاڵی بەمرۆڤایەتیەوە ناوە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ زەویدا، ئەمەش وایکردووە ببێتە کۆمەڵگەیەکی جێگیر و گوند و شار دروستبکات، وە بەگشتی کشتوکاڵ پەیوەستە بەگوندەکانەوە، وە چڕی دانیشتوانی کشتوکاڵ زیاترە وەک لە ئاژەڵداری، ئەمەش بەپێی ناوچەی شاخاوی و دەشتەکان دەگۆڕێت ، بەجۆرێک لەناوچە شاخاویەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەدا بەهۆی کەمی زەوی تەختەوە کشتوکاڵ تێیدا لاوازە و لەبەرانبەردا بزن و ڕەشەولاخ بەزۆری بەخێو دەکرێت، لەکاتێکدا لەگوندەگانی باشوری ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵاتیدا بەهۆی کەمی بەرزی زەویەکانی بەزۆری مەڕی تیا بەخێودەکرێت و کشتوکاڵیش بەفراوانی تێیدا دادەچێندرێت.

بەوپێیەی لە گوندە شاخاوییەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا خاکی کشتوکاڵیی کەمە هەربۆیە پشت بە لەوەڕاندن دەبەستن، ئەمەش وایکردووە دانیشتوانیان کەمبێت وەکو گوندەکانی( زمناکۆ، زارێن،مۆرتکە،سەرشاتەی سەروو، پشت قەڵا ) ، بەڵام لەناوچە پێدەشتەکاندا بەهۆی دەستەبەری زەوی زۆر بۆ کشتوکاڵ و نیشتەجێ بوون هەربۆیە قەبارەی گوندەکانی گەورەیە وەکو گوندی ( بانیخێڵان و تۆپخانە، پونگەڵە، لاڵیخانی حەمەی فەرەج، سیارە، ئەحمەد برنە) و سەنتەری ناحیەی باوەخۆشێن و گوندەکانی ( چەمەرگە،مچەکوێر)[1]. بەگشتی ڕووبەری زەویە کشتوکاڵییەکانی سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە(١٠٥.٣٧٠کم٢) واتا( ٤٢١٤٨.٢٤دۆنم)، وە ڕووبەری لەوەرگە بۆ پیشەی شوانکارەیی لەقەزاکەدا بریتییە ( ٨٣١٩٨ دۆنم)، واتا (٢٠٨کم٢) ی ڕووبەری قەزاکە لەوەرگەیە بۆ پیشەی شوانکارەیی بەکەڵکە[2]،ژمارەی جوتیار لەدەربەندیخان بۆساڵی (٢٠٢٠) بریتی بووە لە( ١١٥٥)جوتیار کە (٢٤١٤٩دۆنم)زەوییان داچاندووەبڕوانە خشتەی(٢٦) و تێکڕای بەرهەمی مریشک بریتی بووە لە(٢٤٨٠٥٤)مریشک لە (٢٨)هۆڵی بەخێوکردندا، کە دەکاتە (٥٧کگم) گۆشتی مریشک بۆ هەر تاکێکی شارەکە، وە پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٢٥) ئەوا ژمارەی مەڕ لەگوندەکانی سەربە ناوەندی قەزاکە بریتی بووە لە( ٥١١٠٨)سەر مەڕ، (١٤٣٤٨)سەر بزن و (٥٩٩٠)سەر ڕەشەولاخ، بەڵام لەگوندەکانی سەربە ناحیەی باوەخۆشێن بۆساڵی (٢٠٢٠) ئەوا داتاکان

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆناوچەی توێژینەوە لەماوەی مانگەکانی ( ٢ـ ٦) ی ساڵی ٢٠٢١.

[2] وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان، هۆبەی زەوی و زار، ئاماری ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لەقەزای دەربەندیخان، ساڵی ٢٠٢٠، بلاونەکراوە. ل١.

بەم شێوەیە بووە، مەڕ( ٩٩٠٢)سەر، بزن( ٢٥٢٢)سەر، ڕەشەوڵاخ( ٥٨٩)سەر، هەروەها لەسەر دەریاچەی دەربەندیخان چەندین پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی هەن کە دیارترینیان پرۆژەی ئامۆیە کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی (٢٠٠٠٠) ماسییە ، بەگێشی جیاواز سەرباری پرۆژەی دەربەندیخان کە توانای بەرهەمدانی دەگاتە(٥٠٠٠٠)ماسی لەساڵێکدا وە ژمارەی خانوی پلاستیکی لەناوەندی شاری دەربەندیخاندا بریتییە لە(٤)خانوو لەکاتێکدا لەناحیەی باوەخۆشێندا ژمارەی خانوە پلاستیکیەکان بریتییە لە(٦)خانوو، ئەمەش واتای وایە کە کەرتی کشتوکاڵی بەپێچەوانەی کەرتە خزمەتگوزاری و بازرگانیەکان فاکتەری جێگیرکردنی دانیشتوان بووە لەدەرەوەی ناوەندی شارەکاندا و خاوەن زەوی بەستۆتەوە بە زەویەوە، ئەمە هەرچەندە تاڕادەیەک بە سیستەمی دووبنەیی خەڵکەکەی خۆی لێ دزیوەتەوە بەڵام ڕۆڵی باشی گێڕاوە لەچۆڵنەکردنی گوندەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگیی دابەشبوونی دانیشتوان.

.

**خشتەی (٢٥ )**

**دابەشبوونی سامانی ئاژەڵ لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠)**

| یەکەی کارگێڕ | مەڕ | | بزن | | ڕەشەوڵاخ | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| سەنتەر | ٥١١٠٨ | ٨٣.٧ | ١٤٣٤٨ | ٨٥ | ٥٩٩٠ | ٩١ | ٧١٤٤٦ | ٨٤.٥ |
| باوەخۆشێن | ٩٩٠٢ | ١٦.٢ | ٢٥٢٢ | ١٥ | ٥٨٩ | ٩ | ١٣٠١٣ | ١٥.٥ |
| کۆی قەزا | ٦١٠١٠ | ٩٩.٩٩ | ١٦٨٧٠ | ١٠٠ | ٦٥٧٩ | ١٠٠ | ٨٤٤٥٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلادانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری کشتوکاڵ، ٢٠٢٠، ل٢٢

**خشتەی (٣٦)**

**ڕووبەری کشتوکاڵی داچێنراو لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠)**

| یەکەی کارگێڕ | دانەوێڵە/دۆنم | | سەوزەو میوەو ڕەز/دۆنم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەری چێنراو | % | ڕووبەر ی چێنراو | % | ڕووبەر ی چێندراو | % |
| سەنتەری قەزا | ٢٤١٤٩ | ١٠٠ | ٦٠ | ٨٥.٧ | ٢٤٢٠٩ | ٨٩.٩ |
| باوەخۆشێن * | - | - | ١٠ | ١٤.٣ | ٢٤.٣ | ١٠.١ |
| کۆی قەزا | ٢٤١٤٩ | ١٠٠ | ٧٠ | ١٠٠ | ٢٦٩١٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلادانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری کشتوکاڵ، ٢٠٢٠، ل ٢ـ٤

*پاش هەوڵێکی زۆر بەڵام هیچ داتایەکی ڕاستەقینەی ڕووبەری دانەوێڵەی داچێندراوی ناحیەی باوەخۆشێنمان بۆ ساڵی (٢٠٢٠)دەستنەکەوت.

## ب ـ گەشتوگوزار

گەشتوگوزار کۆمەڵێک دیاردە و چالاکی مرۆیی و پەیوەندییە، لەئەنجامی کردارەکانی گواستنەوەی کاتی ئەو کەسانە دروست دەبێت کە سەردانی ناوچەیەک دەکەن لەدەرەوەی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی خۆیان بەچەند مەبەستێک کە پەیوەندیدارنییە بە دەستکەوت و سوودی داراییەوە، قەزای دەربەندیخان کە بەگشتی قەزایەکی گەشتیارییە و ناوچەیەکی زۆر گەشتیاری تێدایە و بنەماکامی گەشتوگوزاری تێدا فەراهەمە، بە گشتی گەشتوگوزار لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەپلەی یەکەم گەشتوگوزاری ناوخۆییە لەنێو خودی قەزاکەوە بۆ گوندە سەیرانگەییەکانی بناری زمناکۆ و زەردە و شەمێران و کەمپی خوار، جگە لەو گەشتیارانەی لە شارەکانی دەوروبەر و ناوەراست و باشوری عێراقەوە دێنە ناوچەکە بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش، هەروەها گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا لەسەر بنەمای وەرز بەگشتی بەهارەیە، بەوپێیەی سروشتێکی دڵرفێنی هەیە لەو وەرزەدا، سەرباری گەشتوگوزاری هاوینە بۆ کەنار چۆم و دەریاچەی دەربەندیخان و رووباری سیروان لەسنوری ناوچەی توێژینەوەدا، زێدەباری گەشتەگوزاری بۆنەکان کە تایبەتە بە فیستیفالی خێلەکان کە ساڵانە لەوەرزی بەهارادا لەبناری زەردەدا ئەنجام دەدرێت، سەرباری ناوچە شوێنەوارییەکانی سنورەکە کە تارادەیەک سەرەنجی گەشتیارانی ناوخۆیی راکێشاوە، سەرباری بوونی خانەقای ئایینی لە قەزاکەدا کە هەمیشە هۆکاری سەرەنج راکێشانی دانیشتوانی خاوەن عەقیدەی سۆفیگەریی دەوروبەری قەزاکە بووە بەرەو خانەقاکانی سنورەکە، هەروەها ئێستا گەشنوگوزاری لاوان و پیاهەڵگژانی چیاکانیش لەسنورەکەدا پەرەیسەندووە و خەڵکی سنورەکە و دەرەوەی سنوری توێژینەوە بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش روویان کردۆتە گەشتوگوزاری چیاوانی و بەپێ ماڵینی تونێل و دەربەندەکانی قەزای دەربەندیخان بەتایبەت لەناوچەی تونی بابا لەباشوری شاری دەربەندیخان. بەهۆی بوونی بەنداوی دەربەندیخانەوە لەبەشی باکوری قەزاکەدا کە ناوچەکانی باکور و رۆژهەڵاتی قەزاکەی کردۆتە ناوچەیەکی گەشتیاریی و لەدامێنی بەنداوەکەشدا ناوچەی کەمپی خوارەوە دروستکراوە کە ناوچەیەکی ئامادەیە بۆ وەرگرتنی گەشتیار، سەرباری ناوچەی بانی قۆینکە هەر لەدەریاچەکەدا دوورگەیەکی گەشتیاری تێدایە کە چواردەوری ئاوە و جێگەی سەرەنجی گەشتیارانە[1]. وە لەناوچەی توێژینەوەکەدا تەنها (٣)هوتێڵ هەیە، کە هەرچەندە ژمارەیەکی کەمە بەلام رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە راکێشانی گەشتیاراندا، سەرباری ئەوەی لە ناوچە چیاییەکانی باکور و رۆژئاوای قەزاکەدا و بەئاراستەی قەزای قەرەداغ و لەسنوری ناحیەی باوەخۆشیندا چەندین ناوچەی گەشتیاری هەن کە بوونی ئەم بنەما گەشتیارییانە بایەخێکی گەورەی ئابوری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە هەیە و هانی کۆبونەوەی دانیشتوانی داوە لەنزیک ناوەندە گەشتوگوزارییەکان، چونکە ناوەندێکی گرنگی دەستکەوتنی هەلیکار و داهاتە بۆ دانیشتوانی سنورەکە ، هەروەها لەبەشی باشوری قەزاکەدا ناوچەی تونی بابا هەیە کە ناوچەیەکی گەشتیاریی سەرەنج راکێشە و هۆکارە بۆ پەلکێشکردنی خەڵک بۆ قەزاکە.


**ج- پیشەی پیشەسازیی:** بەگشتی پیشەسازیی کاریگەری بەرچاوی لەسەر دابەشبوون و چڕی دانیشتوان هەیە، بەوپێیەی گەشەسەندنی ئابیووری لەمەودای دووردا پشت بە پیشەسازیی دەبەستێت، لەرووی پیشەسازییەوە ناوچەی توێژینەوەکە بەگشتی لەقۆناغێکی دواکەوتوانەی پیشەسازیدا، بەجۆرێک تەواوی ئەو کارگانەی لەناوچەی توێژینەوەدا هەن پیسکەری ژینگەن و کێشەی وزە و سوتەمەنی و بازار و دەستی کاری شارەزایان هەیە، وە گرنگترین کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەکەیش بریتین لەکارگەکانی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز: سەرکەوت ابوبکر کریم، بەریوەبەری گشتی گەشتوگوزاری قەزای دەربەندیخان ، ٢٠٢١/٨/١٥.

دروستکردنی بلۆک وچەولم،پیشەسازیی کاشی، بڕینی مەرمەڕ و هاڕینی، کارگەکانی بۆری کۆنکرێتی و گەچ، وە بەگشتی پیشەسازی لەناوچەی توێژینەوەکە رەخسێنەری هەلیکارە بۆ ژمارەیەکی باشی دانیشتوانی ناوچەکە بەتایبەت ناوچەی پیشەسازیی کۆن لەباشوری شاری دەربەندیخان. وە ژمارەی کارگەکانی قەزاکە بریتییە لە(٧٨)کارگەی کە (٦٠٧کەس) کاری تێدا دەکەن[1]، وە بە تێڕوانین لە نەخشەی(١٦)دەردەکەوێت (٣٦)کارگەیان کارگەی بلۆک و چەولمن، بەگشتی ئەم کارگانە ڕۆڵیان گێڕاوە لەدابەشبوون و چڕی دانیشتوانی قەزاکەدا بەجۆرێک هانی نیشتەجێبوونی دەستیکاری داوە لەنزیکی ناوچە پیشەسازییەکان بۆ ئاسانی هاتوچۆو زیادکردنی داهات، بەجۆرێک زۆرینەی گەڕەکەکانی شاری دەربەندیخان تا پێش ساڵی (٢٠١٥) لەنزیکی ناوچەی پیشەسازیی بووە، ئەمەش واتای وایە کە کارگەکان کێشکاری دانیشتوانن بەرەو ناوەندی قەزاکە و ئەمەش وایکردووە چڕیی تێیدا بەرزبێت و بگاتە( ٢٢٣کەس/کم٢) بڕوانە خشتەی(٢٤).

**نەخشەی(١٦)**

**دابەشبوونی کارگەکانی بلۆک و چەو ولم لە قەزای دەربەندیخان(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:

[1]سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لە بەرواری(٢٠٢١/٩/٢١)و(٢٠٢١/٩/٢٤).

[2]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(ئاسۆ محمد محمود)خاوەن کارگەی چەولم لە بەرواری(٢٠٢١/٩/٢٥).

[3]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(کامەران عەزیز)خاوەنی کارگەی بلۆک لە بەرواری (٢٠٢١/٩/٢٥).

---

[1] سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە لەبەرواری ٢٠٢١/٨/٢٠.

## ٤ـ ڕێگەکانی گواستنەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە لەمێژە جێ پەنجەی دیارە لە وێنەپێدانی دابەشبوونی دانیشتواندا. بە تێڕوانین لە نەخشەی(١٧) دەردەکەوێت کە پێگەی ناوچەی توێژینەوەکە دەکەوێتە سەر ڕێگەی کەلار- سلیمانی، کەلار- قەرەداغ، کە بەغداد بە هەرێم دەبەستێتەوە، ئەمەش وایکردووە کە ئەو گوندانەی نزیکی ئەم ڕێگایەن ژمارەی دانیشتوانیان تێیدا زۆربێ لەچاو ئەو گوندانەی دوورن لە ڕێگا سەرەکیەکانەوە، سەرباری هەڵکەوتەی سەنتەری قەزالەسەر ئەم هێڵەو شێوەگرتنی دابەشبوونی دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی بەربلاو و هێڵییش کە لەگەڵ درێژبونەوەی ڕێگاکەدا یەکەی نیشتەجێ بونەکانیش کشاون، تاوەکو ڕێگاکانیش بەرەو خۆڵ برۆن چڕی دانیشتوانەکە کەمدەبێتەوە، چون لەڕێی ڕێگاکانی هاتوچۆوە پەیوەندییەکان نزیک دەبنەوە و گەیشتنەکان نزیکترو پەیوەندییەکان توندوتۆڵتر دەکاتەوە هەربۆیە هۆکاری زیادبوونی چڕی دانیشتوان و شێوەگرتنی کۆبونەوەی دانیشتوانە لە هێڵییەوە بۆ بەربڵاو.

بەگشتی لەسنوری قەزای دەربەندیخاندا (١٧٠کم٢) ڕێگەی قیرتاو و (٦٦کم٢)یش ڕێگەی کشتوکاڵیی هەیە*، ئەمەش واتای وایە کە (١٠,٨%)ی کۆی ڕێگاکانی پارێزگای سلێمانی لەخۆ دەگرێت کە بریتیە لە (٢١٦٤کم٢) [1]، واتا (١٢.٦%)ی تەواوی خاکی ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێت، ئەمەش پیشاندەری ڕۆڵی ڕێگاکانی هاتوچۆیە لەگەشەپێدانی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی چڕی نیشتەجێبوون و زاڵکردنی تەرزی کۆبوە و هێڵی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، واتا هۆکاری ڕێگاوبان کاریگەرییەکی مەزنی هەبووە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان، بەچەشنێک شێوازی تەرزی زاڵیی دابەشبوونی دانیشتوانی گوندنشینەکان هێڵییە، هەروەها پشت بەست بەخشتەی ژمارە(٢٧) ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە درێژی ڕێگەی نێوان (دەربەندیخان-سلێمانی)بریتییە لە(٦٢کم٢) کە (١٨کم٢)ی دەکەوێتە سنوری ناوچەی توێژینەوەکەو مەودای نێوان (دەربەندیخان-قەرەداغ)یش بریتییە لە(٤٣کم٢) و لەم مەودایە (١٩کم٢)ی لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدایە و ڕێگای نێوان (دەربەندیخان-کەلار) (٦٥کم٢)درێژە و لەم دوورییەیش (٢٣کم٢)ی لەسنوری دەربەندیخاندایە.

**خشتەی ژمارە(٢٧ )**

**درێژی نێوان ڕێگاسەرەکییەکانی دەربەندیخان و شارەکانی دەوروبەری**

| ڕێگا | درێژی کم٢ | درێژی /کم٢ لەسنوری ناوچەی توێژینەوەدا | جۆر |
|---|---|---|---|
| **دەربەندیخان- سلێمانی** | ٦٢ | ١٨ | قیرتاو |
| **دەربەندیخان ـ قەرەداغ** | ٤٣ | ١٩ | قیرتاو |
| **دەربەندیخان ـ کەلار** | ٦٥ | ٢٣ | قیرتاو |


سەرچاوە/ مەودای دوورییەکان بەشێوەی مەیدانی بە ئۆتۆمبێلی توێژەر پێوراوە

*ڕووبەری ڕێگاکانی ناوچەی توێژینەوە لەلایەن توێژەرەوە دەرهێنراوە پشت بەست بە نەخشەی(١٧).

[1] يوسف ستار محمد محمود،الصناعات الأنشائية في قضاء دربنديخان،محافظة السليمانية، المصدر السابق،ص ٤٩.

**نەخشەی(١٧)**

**دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بەگوێرەی ڕێگاکانی هاتوچۆ لەساڵی(٢٠٢٠)**




**سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەریم، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، بەشی نەخشەسازی و (GIS) ، نەخشەی ریگاوبانەکانی پاریزگای سلێمانی،زانیاری بلاونەکراوە، ساڵی٢٠٢٠.**

## ٥ ـ فاکتەری رامیاری

ئەم فاکتەرە لەهەموو  فاکتەرەکانی دیکە زیاتر کاریگەری هەبووە لەدابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی تویێژینەوەکەدا، بەوپێیەی ناوچەکە لەپاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ناوچەیەکی گەرمی ململانێیی چەکداریی بووە، لەنمونەی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لە ناوچەی تویێژینەوەکە و پاشانیش پەلاماری فڕۆکەکانی عبدالکریم قاسمی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی عێراق بۆسەر خەڵکی کۆبووەوەی ئازادیخواز، ئەمەیش وایکردوو بەشێک لەدانیشتوانی شار و ناوچەکە ئاوارەبن[١] و دواتریش هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق- ئیران) و شەڕی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەدژی گەل و پێشمەرگەی کوردستان لەسنورەکەدا، کە بەهۆیەوە بەردەوام سنورەکە لەپێش پرۆسەی ڕاگواستن و رووخاندندا بوونە، وەکو گوندەکانی(  بیمارۆک، کانی ژنان، زارێن، سەرشات،پشت قەلا،وازۆڵ،گەڕاو، بەشی عەلی، مۆرتکە،زمناکۆ..هتد  ) کە لەساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٨) لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ڕوخێندران و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران بۆ سەنتەری قەزاو زەرایەن، ئەمەش لای خۆیەوە کاریگەری هەبووە لەسەر چڕبونەوەی دانیشتوان لە سەنتەرە تازە دروستکراوەکانی وەکو سەنتەری دەربەندیخان و زەرایەن کە پێشتر تاساڵی( ١٩٨٧ )سەربە دەربەندیخان بووە و کەمبونەوەی لەگوندەکانی سنورەکەدا[٢]، کە بەهۆیەوە تەرز و چڕی دانیشتوانی ناوچەی تویێژینەوەکە لەسەردەمی بەعسدا شێوەیەکی کۆبووەوەی وەرگرتبوو، سەرباری ئەوەی ئەم گوند ڕووخاندنە بووە هۆی گۆڕینی ژینگەی نیشتەجێ بوون لە زاڵێتی ژینگەی گوندنشینییەوە بۆ زاڵێتی ژینگەی شارنشینی ، بەڵام لەپاش ڕاپەڕینی ساڵی( ١٩٩١)ەوە تەرزەکە گۆڕا بۆ بەربلاو و پاش پرۆسەی ئازادی عێراق دیسانەوە تەرزی کۆبوەو هێڵیی بوونە ڕوودیاری ناوچەی تویێژینەوەکە و زۆرترین چڕی دانیشتوانیش بەرەو سەنتەرەکانی دەربەندیخان و باوەخۆشین بووە ، سەرباری فاکتەری کۆچی ئارەزوومەندانە کە لەنێوان ساڵانی( ١٩٩١- ٢٠٠٣ ) ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی سنورەکە کۆچی دەرەوەی ولات و قەزاکەیان کردووە ، ئەمەش بووەهۆی کەمبونەوەی چڕی دانیشتوان، بەڵام لەپاش ڕووخانی ڕژێمەوە ئەم پرۆسەیە گۆڕا و کۆچی ئاوارەکان بەرەو ناوچەی تویژینەوە پەرەیان سەند و بەهۆیەوە چڕیی دانیشتوان زیادیکرد.

## ٦ـ فاکتەری کارگێڕی

ئەم فاکتەرە ڕۆڵێکی دیاری لەدابەشبوونی دانیشتواندا هەیە ، چون وەک ڕوونە تا پلەی کارگێڕیی ناوەندەکان بەرزبێتەوە ئەوا کۆبونەوەی دانیشتوانی زیادتردەبێت و پێچەوانەیش ڕاستە و ناوەندی سەنتەرەکانیش زۆرترین بەشی ئەم کۆبونەوەیەیان بەردەکەوێت[٣].سەنتەرەکان هەمیشە چڕییان زیاترە لە گوندەکان، بەوپێیەی ناوەندی کۆبونەوەی دانیشتوانە، وە فەرمانە کارگێڕییەکان سەرچاوەی گۆڕانکاریەکانە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر تەرزی دابەشبوون و چڕی دانیشتوان ، لە مێژووی کارگێڕی  ناوچەی تویێژینەوەکەدا گۆڕانکاری گەورەی تیادایە کە بەهۆیەوە هەرجارەو دابەشبوون و چڕیی دانیشتوانی ناوچەکە تەرز و پلەیەکی وەرگرتووە، وەکو بڕیاری پێکهێنانی سەنتەری قەزالە تەنیشت بەنداوی دەربەندیخان کە ناوچەکەی لە دەڤەرێکی کەمچڕەوە گۆڕی بۆ ناوەندێکی گەورە و کۆکەرەوەی دانیشتوان، سەرباری فەرمانی

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(پ. د.جەزا تۆفیق تاڵب،پسپۆڕی جیۆپۆلەتیک و ئاسایشی نەتەوەیی)، بەرواری ٢٠٢١/١١/١٦

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز: مەلا عومەری حاجی صالحی مۆرتکەیی، لەبەرواری ٢٠٢١/٨/١٦.

(٣) جواد عبد الجواد، المنطقة الشمالية في العراق، المصدر السابق، ص١٥٥.

لابردنی ناحیەی زەڕایەن لەسەر قەزای دەربەندیخان کە بەهۆیەوە دەیان هەزارکەس و دەیان گوندی لەسەر لابرا و بووە هۆی کەمبونەوەی ڕووبەری سنورەکەی و ژمارەی دانیشتوانەکەیشی، سەرباری فەرمانی کارگێڕی پێکهێنانی ناحیەی باوەخۆشێن کە گوندەکەی گۆڕی بۆ ناوچەیەکی چڕ لەدانیشتوان و تەرزی دابەشبونەکەیشی لە بڵاوەوە گۆڕی بۆ کۆبووەوە و چڕی دانیشتوانی ئەو سەنتەرەیش چەند هێندە بەرزبوویەوە.

سەرەتای گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە ساڵی (١٩٦٠)ەوە دەستی پێکردووە، ئەوکاتەی دەربەندیخان دەبێتە ناوەندی ناحیەی وارماوە و دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ناحیەی دەربەندیخان و لەساڵی (١٩٧١)دا پلەی کارگێڕییەکەی بەرزکرایەوە بۆقەزا و دواتریش لەساڵی (١٩٩٢)دا و بەبڕیاری ژمارە(١٨)ی هەمان ساڵ پارێزگای کەرکوک دامەزرا و دەربەندیخان کرایە ناوەندەکەی و پاشانیش لەساڵی (٢٠٠٧)دا ئەم ناوەندە ئیدارییەی لێوەرگیرایەوە و ئیدارەی گەرمیان پێکهێندرا لە شاری کەلار[1] ، هەموو ئەمانەیش وایکردووە کە بەردەوام جوڵەی دانیشتوان لە گوندەکانەوە بەئاراستەی ناوەندی قەزاکە بووبێ و بەم هۆیەوەیش ژمارە و چڕیی دانیشتوانی سەنتەر هەمیشە لەبەرزبونەوەدابووە لەسەرحسابی گوندەکان.

[1] کامەران محمد توفیق: شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری دەربەندیخان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

# بەشی چوارەم
# پێکهاتەی دانیشتوان

## باسی یەکەم
## تایبەتمەندییە بایۆلۆجیەکان (جۆر و تەمەنی دانیشتوان)

## باسی دووەم
## تایبەتمەندییە شارستانیەکان(پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەی و زانستی دانیشتوان)

## باسی سێیەم
## (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وئابوری دانیشتوان)

# بەشی چوارەم
# پێکهاتەی دانیشتوان

زاراوەی پێکهاتەی دانیشتوان زاراوەیەکی فرە ڕەهەندە، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە پێکهاتەی تەمەن و جۆری و ئایینی و نەتەوەیی و زانستی و ئابورییە کە ئەمەش پشت بەستە بە داتا دەستەبەرەکان[1]، هەروەها مەبەست لە پێکهاتەی دانیشتوان بریتیە لەو خەسڵەت و تایبەندمەندیانەی کە بونیاد و پێکهاتەی دانیشتوانی هەر گروپێکی مرۆیی یان ئەو خەسڵەتانەی کە دەکرێت پێوانەیان بکەین،وە هەر گروپێکی دانیشتوان بونیاد و بزاوتی تایبەت بەخۆی هەیە،هەروەک چۆن بۆنیاد لە کەرەستە و شمەک و بابەتگەلێک پێکدێت،بزاوتیش بریتیە لە جوڵە و کشانی دانیشتوانی لە میانەی لە دایکبوون و مردن وکۆچکردنەوە بونیادەکەشی چەندین خەسڵەتی وەک ڕەگەز و جۆر و بنەماڵەو نەتەوە و باری خێزانداری و ئاستی زانستی و خوێندەواری و پیشە و داهات و ئاینە [2]ناوچەی توێژینەوەکە تیابووی کۆمەڵێک تایبەتمەندی سروشتیی و بۆ ئافرێندراوی تایبەت بەخۆیەتی کە لەخوارەوە بەوردی باسیان لێوە دەکەین:

## باسی یەکەم: تایبەتمەندییە بایۆلۆجیەکان ( جۆر و تەمەن)

مەبەست لەتایبەتمەندییە بایۆلۆجیەکانی دانیشتوان تایبەتمەندی جۆری(ڕەگەز) و تەمەن دەگرێتەوە، واتا پێکهاتەی دانیشتوان لەڕووی ژمارەو ڕێژەی ڕەگەزەکان و پۆلی تەمەنەکانەوە دەستنیشان دەکات و بەگشتی پشت بەستە بە داتای فەرمی سەرژمێرییەکان دەربارەی تەمەن و جۆرایەتی دانیشتوان[3] ، بەهۆی گرنگی تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکانەوە هەربۆیە لەم توێژینەوەیەماندا زۆر بەوردی جەختمان کردۆتەسەری و لەسەر بنەمای (جۆر، تەمەن) جیامان کردونەتەوە.

### یەکەم: پێکهاتەی جۆر( ڕەگەز)

مەبەست لەپێکهاتەی جۆری دابەشکردنی دانیشتوانە بۆ نێر و مێ، بەپەیوەندی نێوانیشیان دەگوترێت جۆر یان ڕەگەز، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ژمارەی نێرەکان بەرانبەر هەر سەد مێینەیەک و ئەمەش بەکاردێت بۆ دیاریکردنی باری هاوسەنگیی نێوان هەردوو جۆرەکانی دانیشتوان، بەگشتی ڕێژەی نێرینە بەرانبەر مێینە لە ١٠٠ تا ١٠٥ نێرە بەرانبەر هەر ١٠٠ مێینەیەک ، بەڵام ئەم ژمارەیە جێگیرنییە[4] . بەگشتی لەدایکبوونی نێرینە زۆر زیاترە لە مێینە بەڵام هۆکارەکانی مردنی نیرینە زیاترە وەک لەمێینە ئەمەش بەهۆی بەشداریتی زاڵی نێرینە لەجەنگەکان و مردنی بێشوماریان بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێل و کاری سەختەوە[5]، گرنگە بزانرێت ڕێژەی نێرینە بەرانبەر مێینە چەندە لە کۆمەڵگەیەکدا. ئەم ڕێژەیەیش دەکەوێتە ژێرکاریگەری باردۆخی

---

[1] سیروان صالح رشید ، تباين نمو السكان وتركيبهم فى العراق والدول المجاوره ، رسالة ماجستير، كلية تربية، جامعة الموصل،غيرمنشورة، ٢٠١١، ص١٤.

[2] محمد شوانی،ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان،سەرچاوەی پێشوو،لا١٣٤.

[3] امل يوسف الصباح، سكان دولة الأمارات العربية المتحدة، الطبعة الاولى، بدون مكان الطبع، ١٩٧٩، ص٦٣

[4] منيب مشعان احمد الدورى، قضاء بلد دراسة في جغرافية السكان، ماجستير، كلية تربية،جامعة تكريت، غيرمنشورة، ٢٠٠٤، ص٧٦.

[5] على لبيب: جغرافية السكان، الثابت و المتحول، الطبعة الثانية، بيروت ٢٠٠٤، ص١٢٣.

کۆمەلایەتی و ئابورییەوە، خۆئەگەر ڕێژەی نێر زیاتربوو لەمێینە بەتایبەت لەپۆلی ئامادە بۆ هاوسەرگیری ئەوا ئەنجام کەمی ڕێژەی نێرینەی هاوسەرداره و لەئەنجامیشدا دواجار ڕێژەی مێینە زالدەبێت[1]. وە پێکهاتەی جۆری دانیشتوان گرنگە بەوپێیەی دیارخەری هێزی کارکەر و سەربازی و توانایی منداڵ خستنەوە و هاوسەرگیری و ئاراستەی گەشەی دانیشتوان. بەگشتی چەندین پێوەر هەیە بۆ دەستنیشانکردنی هاوسەنگیی نێوان هەردوو ڕەگەز کە باشترینیان پشت بەستە بەم یاسایە:

$$\text{ڕێژەی جۆر} = \frac{\text{کۆی ژمارەی نێر}}{\text{کۆی ژمارەی مێ}} \times ١٠٠$$ [2]

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوەکە ئەوا ڕێژە جۆری پشتبەست بەخشتەی ژمارە( ٢٨ ) لەماوەی نێوان سالانی (١٩٧٧ ـ ٢٠٢٠)دا ئەوا پێکهاتەی جۆری بریتی بووە ( ١٢٥.٢ )نێر بەرانبەر(١٠٠) مێ، واتا هێزی کارکەر و گەنج زۆر زیاتربووە لە پۆلی مێینە لەساڵی (١٩٧٧) دا، هەر لەم ماوەیەدا ڕێژەی جۆر لەپارێزگای سلێمانیدا بریتی بووە لە( ١١٨.٨ ) نێر بۆهەر (١٠٠)مێیەک بووە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی دۆخی سیاسی ئەوکاتی ناوچەکە و هەژمارکردنی سەربازەکانی ڕژێمیش کە لەناوچەکەدا بوونە وەکو خەڵکی ناوچەکە، بەڵام لەساڵی (١٩٨٧)دا پێکهاتەی جۆری گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە و دابەزیوە بۆ ( ١٠٠.٥ )نێر بەرانبەر( ١٠٠ ) مێینەیەک، وەک چۆنیش لەهەمان ماوەدا ڕێژەی جۆری دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیش دادەبەزێت بۆ(١٠٣,١٩) نێر بۆ هەر(١٠٠)مێینەیەک، ئەم نزمبونەوەی ڕێژەی جۆرییەیش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران و ناسەقامگیربوونی دۆخی ناوچەی توێژینەوەکە و پارێزگای سلێمانیش لەم ماوەیەدا، سەرباری کۆچی بەکۆمەڵی لاوانی کورد بۆ دەرەوە و پەیوەندیکردی کردنی ژمارەیەکی زۆری گەنجانیش بە شۆڕشی کوردستانەوە لەدژی حکومەتی بەعسی عەرەبی ، و لەساڵی( ٢٠٠٢ )یشدا ئەم ڕێژەیە لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە گۆڕاوەو بۆ ( ٩٩.٤٥ )نێر بەرانبەر( ١٠٠ ) مێ ، واتا کوڕ کەمتربووە لە کچ، ئەم نزمبونەوەیەیش لەئاستی پارێزگای سلێمانیدا هەمان دۆخی هەبووە بەجۆرێک (٩٩.٦)نێر بۆ هەر(١٠٠)کچێک بووە، ئەمەش بەهۆی بوونی شەڕی ناوخۆ لەماوەکانی پێش ئەم سەرژمێرییە و کۆچکردنی گەنجێکی زۆر بۆ دەرەوەی ولاتیش بەم هۆیەوە،

لەساڵی (٢٠٢٠)یشدادا پێکهاتەی جۆری بریتی بووە ( ١١٧,٧٥ )نێر بەرانبەر( ١٠٠ ) مێ ، واتا نێرینە ڕووی لەزیادبوون بووە لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە و لەسەر ئاستی پارێزگایش ئەم ڕێژەیە گۆڕاوە بۆ (٩٨,٩٦)نێر بەرانبەر هەر(١٠٠)مێینەیەک.

---

[1] رفاه مهاوی هانی، التحليل الجغرافي لاشكال الهرم السكاني في محافظة بغداد،رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص١٧.

[2] چراخان نصرالدين صالح ، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

**خشتەی ژمارە(٢٨)**

**ڕێژەی جۆر لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لەساڵانی( ١٩٧٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ | قەزا | | | پارێزگا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | ڕێژەی جۆر | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | ڕێژەی جۆر |
| ١٩٧٧ | ١٣٢٤٥ | ١٠٥٧٤ | ١٢٥.٢ | ٣٧٥٠١٠ | ٣١٥٥٤٧ | ١١٨.٨ |
| ١٩٨٧ | ٣٠٤٣٣ | ٣٠٢٧٤ | ١٠٠.٥ | ٤٨٣٢٠٧ | ٤٦٨٥١٦ | ١٠٣,١٩ |
| ٢٠٠٢ | ١٥٠٨٩ | ١٥١٧٢ | ٩٩.٤٥ | ٦٢٣٧٢٦ | ٦٢٦٠٩٨ | ٩٩.٦ |
| ٢٠٢٠ | ٣٠٥٨٠ | ٢٥٩٧٠ | ١١٧,٧٥ | ١١٣٣٩٩٣ | ١١٤٤٨٩٣ | ٩٨,٩٦ |

سەرچاوە / ئامادەکراوە بە پشتبەست بە :

(١) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج تعداد العام لسكان سنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية، ص٣٦-٣٧


(٢) وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج تعداد العام لسكان سنة ١٩٧٧، محافظة السليمانية، ص٨٣.

(٣) مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية و الارتكازيه لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، ص١٠-١١.

(٤) وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی ئاماری دانیشتوان، داتا دەربارەی ژ.دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

**شێوەی(٩)**

**ڕێژەی جۆر لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (١٩٧٧ـ٢٠٢٠)(%)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە:خشتەی(٢٨).

پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٢٩) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەماوەی ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠)دا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا هەیە، بەجۆرێک لەساڵی (١٩٧٧)دا ڕێژەی جۆری بۆ سەنتەری قەزابریتی بووە لە( ١٢٥.٢)نێر بەرانبەر بە (١٠٠)مێ بروانە نەخشەی(١٨)، وە لەم ماوەیەدا هیچ ناحیەیەکی نەبووە، بەڵام لەساڵی (١٩٨٧)دا ڕێژەی جۆری بۆ سەنتەری قەزادا دابەزیوە بۆ(٩٤,٤٢) نێر بەرانبەر بە (١٠٠)مێ بروانە نەخشەی(١٩)، ، ئەمەش بەهۆی نالەباری دۆخی سیاسی و سەربازی ناوچەی توێژینەوەکە لەو ماوەیەدا، بەلام هەر لەم ماوەیەدا ڕێژەی جۆری بۆ ناحیەی زەڕایەن بریتی بووە لە (١٠٢,٦٧)نێر بەرانبەر بە (١٠٠)مێ، واتا ڕێژەکەی بەرزترە وەک لەسەنتەری قەزا، ئەمەش بەهۆی ڕاگواستنی گوندەکانی بناری بەمۆ بۆ ئوردوگای سەدامیە حلبجە، بەلام لەساڵی (٢٠٠٢)دا ڕێژەی جۆری بۆ سەنتەری قەزابریتی بووە لە( ٩٩,٤٥) نێر بەرانبەر بە (١٠٠)مێ، و لەم ماوەیەدا هیچ ناحیەیەکی دیکە سەربە قەزای دەربەندیخان نەبووە، هەربۆیە داتایەک نییە بۆ بەراوردکاریش، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا ڕێژەی جۆر بۆ ناحیەی باوەخۆشێن بریتی بووە لە( ٩٩,٣٥) نێر بۆ هەر (١٠٠)مێینەیەک بروانە نەخشەی(٢٠)، ، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژەی جۆری بۆ سەنتەری قەزالەم ماوەیەدا بریتی بووە لە( ١١٨,١٩ )نێر بۆهەر (١٠٠)مێینەیەک.

**خشتەی ژمارە(٢٩)**

**ڕێژەی جۆر بەگوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی(١٩٧٧-٢٠٢٠)***

| ساڵ | یەکەی کارگێڕی | ڕەگەز | | ڕێژەی جۆر |
|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | |
| ١٩٧٧ | سەنتەر | ١٣٢٤٥ | ١٠٥٧٤ | ١٢٥.٢ |
| ١٩٨٧ | سەنتەر | ٧٤٥٥ | ٧٨٩٥ | ٩٤,٤٢ |
| | زەڕایەن | ٢٢٩٧٨ | ٢٢٣٧٩ | ١٠٢.٦٧ |
| ٢٠٠٢ | سەنتەر | ١٥٠٨٩ | ١٥١٧٢ | ٩٩,٤٥ |
| ٢٠٢٠ | سەنتەر | ٢٩٩٦٧ | ٢٥٣٥٣ | ١١٨,١٩ |
| | باوەخۆشێن | ٦١٣ | ٦١٧ | ٩٩,٣٥ |

سەرچاوە: ئامادەکراوە پشت بەست:

١- بەسەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٢٨).


٢-سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە لەمانگەکانی (٢،٣،٤) و ئەنجامدانی سەرژمێریی بۆ دانیشتوانی ناحیەی باوەخۆشێن.

٣ـ وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەشی شیکاری زانیارییەکان، داتا دەربارەی ڕەگەزی نێر و مێ لە قەزای دەربەندیخان،٢٠٢٠،بڵاونەکراوە.

*بەهۆی ئەوەی لەماوەی (١٩٧٧)دا تەنها سەنتەری قەزاهەبووە، هەربۆیە تەنها داتای سەنتەری قەزامان وەرگرتووە، هەروەها دیسانەوەیش لەساڵی (٢٠٠٢)دا بەهەمان شێوەیە.

نەخشەی (١٨)


پێژەی جۆر لەیەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧)




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە خشتەی (٢٩).

**نەخشەی(١٩)**


**ڕێژەی جۆر لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی(١٩٨٧)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە:خشتەی ژمارە (٢٩)

**نەخشەی(٢٠)**

**ڕێژەی جۆر لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٢٠)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە:خشتەی ژمارە(٢٩).

## دووەم: پێکهاتەی تەمەن

پێکهاتەی تەمەن لەگرنگترین ڕەگەزەکانی دیمۆگرافیایە لەبۆ ئاماژەدان بە هێزی وەبەرهێنەری دانیشتوان، سەرباری گرنگیەکەی لەبۆ پیشاندانی گۆڕانکارییەکانی دانیشتوان و ڕەگەزەکانی لە لەدایکبوون و مردن و کۆچ و لەڕێگەی داتاکانی تەمەنەوە دەتوانرێت ژمارەی ئافرەتی گونجاو بۆ منداڵ خستنەوە بزانرێت لەگەڵ مندالآنی ئامادە بۆ خوێندن و قەبارەی هێزی کار. وە مەبەستیش لە پێکهاتەی تەمەن ژمارە یان ڕێژەی هەر گروپێکی تەمەنە لەچاو گروپەکانی دیکەدا[1] . پێکهاتەی تەمەن هۆکارێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی قەبارەی هێزی مرۆیی ئامادە بۆ کار و دەرئەنجامی ئەم ئامادەگییە لەسەر ڕەوتی ئابوری لەڕووی وەبەرهێنان و بەکاربردنەوە[2] ، وە لێرەدا و پشت بەست بە داتا و ئامارەکان پێکهاتەی سیانی و هەرەمی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو.

### أ-پێکهاتەی سیانی:

ئەم بەشەی پێکهاتەی تەمەن دابەشی چەند پۆلێک دەبێت و بەگشتی ئەو گەلانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی تەمەنی کەمترە لە(١٥ساڵ) و کەمترین خەڵکیشی تەمەنی زیاترە لە(٦٥ساڵ) بە گەلێکی گەنج دادەنرێن و خۆئەگەر پێچەوانەی ئەمەبوو ئەوا بەگەلێکی پیر دادەنرێ و بەپێی ئەم بنەمایەیش دەتوانین گەلی پیر/گەنج دەستنیشان بکەین:

گەلی زۆر گەنج: ئەوانەن کە دانیشتوانی کەمتر لە ١٥ ساڵییان ڕێژەکەی زیاترە لە٤٠%ی دانیشتوان.

گەلی گەنج: ئەوانەن کە دانیشتوانی کەمتر لە ١٥ ساڵییان ڕێژەکەی لە٣٠ تا ٤٠% ی دانیشتوانە.

گەلی مەیلەو پیر: ئەوانەن کە دانیشتوانی کەمتر لە ١٥ ساڵییان ڕێژەکەی لەنێوان ٢٠-تا٣٠% دانیشتوانە .

گەلی پیر: ئەوانەن کە دانیشتوانی کەمتر لە ١٥ ساڵییان ڕێژەکەی کەمترە لە٢٠%ی دانیشتوان[3].

وە دانیشتوانی هەر ناوچەیەک لەڕووی پێکهاتەی تەمەنەوە دابەش دەبن بۆ: پێکهاتەی تەمەنی سیانی وە ئەم پێوانەیە بەئامانجی ورد ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی هەر کۆمەڵگەیەک ئەوا بەپێی تەمەن دابەشی سێ ئاستی دەکات کە ئەوانیش:

### ١-دەستەی تەمەن بچوکەکان( ٠ ـ ١٤ساڵ)

ئەم پۆلە لەتەمەن چینێکی بەکاربەرن جگە لەوەی لەناوچەی توێژینەوەکەدا ژمارەیەکی زۆری منداڵ لەم تەمەنەدا بەناچاری تەڤلی ڕەوتی کارکردن بوونە، لەکاتێکدا بەپێی یاسای کاری ژمارە(١٥١)ی ساڵی( ١٩٧١) و یاسای ژمارە(٧١)ی ساڵی (١٩٨٧)[4] ی حکومەتی عێراق ڕێگەپێدراونییە کەسانی خوار تەمەن (١٦)ساڵ کاربکەن و کاریان پێبدرێت. بە تێبینیکردنی خشتەی ژمارە( ٣٠ ) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی (٢٠١٩)دا بریتی بووە لە (٥٥٧٨٨کەس) و لەم ژمارەیە ( ١٨٢٤٢ )کەسی بریتی بووە لەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (٠ ـ ١٤)ساڵە، واتا ڕێژەی (٣٢.٧%) ی تەواوی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری لەدایک بوون لەناوچەی توێژینەوەکەمان، لەکاتێکدا ڕێژەکەی

---

[1] منیب مشعان احمد الدوري ، قضاء بلد دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق، ص٧٨.

[2] رفاه مهاوي هاني، التحليل الجغرافي لاشكال الهرم السكاني في محافظة بغداد، المصدرالسابق، ص٦٦.

[3] علی لبیب: جغرافية السكان، الثابت و المتحول، المصدرالسابق،ص١١٦.

[4] دانیال محسن بشار خطاوي،تغير سكان محافظة ديالي للمدة( ١٩٧٧- ١٩٩٧)، رسالة ماجستير، كلية تربية، غيرمنشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٤، ص ١٦٥.

لەپارێزگاکەدا ( ٣٣.٧%)بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پارێزگاکە لەڕووی یاسای منداڵ خستنەوەوە پێڕەوی یاسای ولاتە تازە پێگەیشتوەکان دەکات و بەکەمی ڕێگری لەمنداڵ خستنەوە دەکەن.

## ٢ ـ دەستەی تەمەن مام ناوەندەکان(١٥ ـ ٦٤ ساڵ)

ئەم دەستەیە بەوەناسراوە کە بڕبڕە و جوڵێنەری تەواوی کایەکانی کۆمەڵگەیە و دەکەوێتە نێوان پۆلی منداڵ و پیرەوە . بەسەرەنجدانی خشتەی ژمارە( ٣٠) بۆمان دیاردەکەوێت کە لەساڵی (٢٠١٩)دا ئەم پۆلە لەدانیشتوان( ٣٥٦٤٨ کەس) بووە لەکۆی دانیشتوان، واتا ڕێژەی (٦٣.٩%)ی کۆمەڵگەی قەزاکە لەم چینەن ، ئاراستەی کۆمەڵگەی قەزاکە بەرەو پیربوونە لەداهاتوودا، سەرباری ئەوەی ڕێژەکەی لەپارێزگاکەدا (٦١.٧%) بووە ، بەمەیش جیاوازییەکی ئەوتۆنیە لەنێوان دەستەی تەمەنی مام ناوەندی قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی و ئەمەش گەنجێتی هەردوو کۆمەڵگەی بەراوردکراوی توێژینەوەکە دەسەلمێنێت.

## ٣- دەستەی تەمەن گەورەکان( زیاتر لە ٦٥ ساڵ)

ئەم گروپەی دانیشتوان گروپێکی بەکارهێنەرن بەگشتی و ڕێژەیەکی کەمیان توانای بەرهەمهێنانیان هەیە و ئەم گروپەیش بەزۆری ڕەگەزی مێینە لەخۆ دەگرێت، بەوپێیەی هۆکاری بەسەلامەت مانەوەی مێینە لەناوچەی توێژینەوەکەدا لە نێرینە زیاترە، بەم پێیەیش بەپێی ئاماری ساڵی(٢٠١٩) ی پارێزگای سلێمانی و خشتەی ژمارە(٣٠) ژمارەی ئەم گروپە (١٨٩٨) کەس بووە، واتا (٣.٤%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە لەکاتی ئێستادا ئەم دەستەیە کەمینەی کۆمەڵگەی قەزاکەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون و بەرزی ڕێژەی مردنی ئەم چینەیش لەلایەکی دیکەوە، سەرباری ئەوەی (٤.٦%)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدێنێت کە دیسانەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندانییە.

**خشتەی(٣٠)**

**پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵی (٢٠١٩)***


| دەستەی تەمەن | قەزا | | پارێزگا | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی تەمەن% | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی تەمەن% |
| ٠ ـ ١٤ ساڵ | ١٨٢٤٢ | ٣٢.٧ | ٨٠٨٦٢٠ | ٣٣.٧ |
| ١٥ ـ ٦٤ساڵ | ٣٥٦٤٨ | ٦٣.٩ | ١٤٨٠٤٧٠ | ٦١.٧ |
| زیاتر لە ٦٥ ساڵ | ١٨٩٨ | ٣.٤ | ١١٠٣٩٥ | ٤.٦ |
| کۆی گشتی | ٥٥٧٨٨ | ١٠٠ | ٢٣٩٩٤٦٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرت دەربارەی دیمۆغرافیای دانیشتووان، بۆساڵی ٢٠١٩ ، ل١٤.

*بەهۆی نەبوونی داتا و زانیاری دەربارەی پێکهاتەی تەمەن لەساڵی (٢٠٢٠) ناچاربووین بەبەکارهێنانی داتای ساڵی (٢٠١٩).

### شێوەی(١٠)

### پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠١٩)




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشتبەست بە:خشتەی(٣٠).

## ب: پێکهاتەی هەرەمی دانیشتوان

هەرەمی دانیشتوان شێوەیەکی بەیانییە کە بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی یەکبەدوایەکداهاتنی پۆلە تەمەنییە جیاوازەکانی دانیشتوان، هەرەمیش بەوجۆرە دەکێشرێت کە لاپەڕەکە دابەشی دوو لا دەکرێت، بەشێکی بۆ مێینە و بەشەکەی تریشی بۆ مێینە، لەبنکی هەرەمەکەیشدا ڕێژەی سەدی یاخود ژمارەی ڕەها دەنوسرێت بۆ هەر ڕەگەزێک، بەستونیش ئاماژەدەبێت بۆ پۆلەکانی تەمەن کە پێنج پێنج یاخود دەدە ی بۆ بەکاردەهێندرێت[1]، هەرچی تایبەتە بەپێکهاتەی هەرەمی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەوە[2] ئەوا پشت بەست بەخشتەی ژمارە( ٣١) ئەوەمان بۆ ڕوونـدەبێتەوە کە دەستەی تەمەن(٠-١٤)ساڵ ڕێژەکەیان دەگاتە( ٣٢.٦%)ی کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و بنکی هەرەمەکە پێکدێنێت و تاوەکو لەبنکەوە بەرەو لوتکە بڕۆین ئەوا هەرەمەکە مەیلەو گۆشەی تیژ دەڕوات، واتا ڕێژەی دەستەی دانیشتوانەکە کەمدەکات، بەمەیش دەتوانین بڵێین پشتبەست بەم هەرەمی دانیشتوانە ئەوا کۆمەڵگەی ناوچەی توێژینەوەکە کەبەشێکە لەدانیشتوانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، کۆمەڵگەیەکی گەنج پێکدێنێت و دواتریش ڕێژەی تەمەن مام ناوەندیەکان (١٥-٦٤)ساڵ، دەکاتە(٦١.٧%)ی کۆی دەستەی تەمەنەکانی ناوچەی

---

[1] عبدعلی الخفاف، جغرافیه السکان، أسس عامه، الطبعه الاولی، من منشورات دارالفکر للطباعة و النشر، عمان ، الاردن، ١٩٩٩، ص٢٢٤.

[2] :أ-کۆمەڵگەی دانیشتوانی گەنج: ئەو کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە کە دەستەی تەمەن بچوکەکانی زیاترە لە(٤٠%)، هەروەها دەستەی تەمەن مام ناوەندەکانی نزیکەی( ٥٠%)ی دانیشتوان و دەستەی تەمەنە پیرەکانیشی کەمترە لە(١٠%) .

ب- کۆمەڵگەی دانیشتوانی پێگەیشتوو: ئەو کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە کە دەستەی تەمەن بچوکەکانی نزیکەی(٢٦%)ە، هەروەها دەستەی تەمەن مام ناوەندەکانی زیاتر( ٦٥%)ی دانیشتوان و دەستەی تەمەنە پیرەکانیشی دەگاتە(٩%) .

ج- کۆمەڵگەی دانیشتوانی پیر: ئەو کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە کە دەستەی تەمەن بچوکەکانی کەمترە لە(٢٠%)، هەروەها دەستەی تەمەن مامناوەندەکانی کە چینێکی کارکەرن و دەستەی تەمەنە پیرەکانیشی زیاترە لە(١٥%) .

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: چراخان نصرالله صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨

توێژینەوەکە، وەهەرچی تایبەتە بە گروپی تەمەنی (٦٥ساڵ زیاتر) ئەوا ڕێژەکەی بەبەراورد بەهەردوو گروپی کەمتەمەن و تەمەنم مامناوەندیدا کەمە ، بەجۆرێک ڕێژەکەی دەگاتە(٣ %)ی کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە و ئەمەش ڕێژەیەکی ئاسایی کۆمەڵگەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانە، بەوپێیەی تاوەکو کەسەکانی بەتەمەندا ڕۆبچن بەرگری لەشیان لاوازدەبێت و زووتر دەمرن، سەرباری نەبوونی چاودێری تەندروستی بێبەرانبەر لەناوچەی توێژینەوەکەدا کە هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی مردنی ئەم چینەیە.

**خشتەی(٣١)**

**ڕێژەی پێکهاتەی جۆر وتەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەساڵی(٢٠١٩)***

| پێکهاتەی تەمەن | ڕەگەزی نێر | % | ڕەگەزی مێ | % | کۆی دانیشتوان | % | ڕێژەی جۆر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠-٤ | ٢٩١٤ | ١٠,٢ | ٢٨٠٧ | ١٠,٢ | ٥٧٢١ | ١٠,٢ | ١٠٣,٨ |
| ٥-٩ | ٣١٣٣ | ١١ | ٣٠١٩ | ١١ | ٦١٥٢ | ١١ | ١٠٣,٧ |
| ١٠-١٤ | ٣٢٣٩ | ١١,٣ | ٣١٢١ | ١١,٤ | ٦٣٦٠ | ١١,٤ | ١٠٣,٧ |
| ١٥-١٩ | ٣١٥١ | ١١ | ٣٠٣٥ | ١١ | ٦١٨٦ | ١١ | ١٠٣,٨ |
| ٢٠-٢٤ | ٢٧٦٣ | ٩,٧ | ٢٦٦١ | ٩,٧ | ٥٤٢٤ | ٩,٧ | ١٠٣,٨ |
| ٢٥-٢٩ | ٢٥٣٥ | ٨,٩ | ٢٤٤٢ | ٨,٩ | ٤٩٧٧ | ٨,٩ | ١٠٣,٨ |
| ٣٠-٣٤ | ٢٣١٤ | ٨,١ | ٢٢٢٩ | ٨,١ | ٤٥٤٤ | ٨,١ | ١٠٣,٨ |
| ٣٥-٣٩ | ١٩٩٩ | ٧ | ١٩٢٦ | ٧ | ٣٩٢٤ | ٧ | ١٠٣,٧ |
| ٤٠-٤٤ | ١٨٤٧ | ٦,٥ | ١٧٧٩ | ٦,٤ | ٣٦٢٦ | ٦,٤ | ١٠٣,٨ |
| ٤٥-٤٩ | ١١٢٣ | ٣,٩ | ١٠٨١ | ٣,٩ | ٢٢٠٤ | ٣,٩ | ١٠٣,٨ |
| ٥٠-٥٤ | ٧٧٢ | ٢,٧ | ٧٤٣ | ٢,٧ | ١٥١٥ | ٢,٧ | ١٠٣,٩ |
| ٥٥-٥٩ | ٨٨٩ | ٣,١ | ٨٥٦ | ٣,١ | ١٧٤٥ | ٣,١ | ١٠٣,٨ |
| ٦٠-٦٤ | ٧٧٧ | ٢,٧ | ٧٤٩ | ٢,٧ | ١٥٢٦ | ٢,٧ | ١٠٣,٧ |
| ٦٥-٦٩ | ٤٢٦ | ١,٤ | ٤١٠ | ١,٤ | ٨٣٦ | ١,٤ | ١٠٣,٩ |
| ٧٠-٧٤ | ٢٤٤ | ٠,٨ | ٢٣٥ | ٠,٨ | ٤٧٩ | ٠,٨ | ١٠٣,٨ |
| ٧٥-٧٩ | ٧٨ | ٠,٢ | ٧٥ | ٠,٢ | ١٥٣ | ٠,٢ | ١٠٤ |
| ٨٠-٨٤ | ١٠٧ | ٠,٣ | ١٠٣ | ٠,٣ | ٢١١ | ٠,٣ | ١٠٣,٨ |
| ٨٥ زیاتر | ١٠٤ | ٠,٣ | ١٠٠ | ٠,٣ | ٢٠٤ | ٠,٣ | ١٠٤ |
| کۆی گشتی | ٢٨٤١٤ | ١٠٠ | ٢٧٣٧٣ | ١٠٠ | ٥٥٧٨٨ | ١٠٠ | ١٠٣,٨ |


سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرت دەربارەی دیمۆغرافیای دانیشتووان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

*بەهۆی نەبوونی داتا دەربارەی پێکهاتەی تەمەن ناچاربووین کە داتای ساڵی(٢٠١٩)بەکاربهێنین

هەر پشت بەست بەخشتەی ژمارە ( ٣١) ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەرەمی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵی( ٢٠١٩) تاڕادەیەک هەرەمێکی سێگۆشەیە، بڕوانە شێوەی ژمارە(١١)، ئەمەش پشت بەستە بەزۆری لەدایک بوون و گەشەی سروشتی ناوچەی توێژینەوەکە لەو ماوەیەدا، سەرباری ئەوەی ئەم شێوە هەرەمە پیشاندەری گەنجێتی کۆمەڵگەی قەزای دەربەندیخانە کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا.

**شێوەی(١١)**

**ڕێژەی پێکهاتەی جۆر و تەمەنی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠١٩)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە :خشتەی(٣١)

## باسی دووەم : تایبەتمەندیە شارستانیەکان

مەبەست لەپێکهاتەی شارستانی تەواوی بنەما ژیانە شارییەکانی ناوچەی توێژینەوەکەیە و لێرەدا پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و پێکهاتەی زانستی دەگرێتەوە و ڕاڤەدەکەین.

### یەکەم: پێکهاتەی نەتەوایەتی

پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر زمانی زاڵی ناوچەکە و جۆرایەتی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و جل و بەرگیشیان، زۆر توێژەر زۆرایەتی نەتەوەیی لەسەر خاکێک بەسەرچاوەی کێشەکان دەزانن، بەتایبەت لەولاتە تازەپێگەیشتوەکان[١].

پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستانیش پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، ئەم ئاڵۆزیەیش بۆ مێژووی دژواری کوردستان دەگەڕێتەوە[٢].

ئەگەرچی یەکەم سەرژمێری لەعێراقدا لەساڵی (١٩٤٧) ئەنجام دراوەو دواتر لەساڵی (١٩٥٧)دا سەرژمێری دیکە کراوە و پاشانیش سەرژمێری تر لەساڵانی(١٩٧٧، ١٩٨٧ )ئەنجام دراوە کەچی ئەم سەرژمێرایانە داتایەکی دروستی دەربارەی هەرێمی کوردستانی ئێستا بەدروستی تێدانییە[٣].

دەربەندیخانیش لەڕووی نەتەواویەتیەوە نەتەوەکانی قەزاکە زۆرینە کورد پێکیهێناوە و بەدرێژایی مێژوویش ئەم دۆخە بەردەوامێکی زاڵ بووە و پاش کورد هەمیشە عەرەب پلەی دووەمی گرتووە بەڵام بەڕێژەیەکی کەم، بەجۆرێک دانیشتوانی کوردی قەزاکە هەمیشە زیاد لەیازدە هێندەی نەتەوەکانی دیکە بووە[٤].

بەپێی خشتەی (٣٢) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە ئاماری ساڵی (١٩٧٧)دا کە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بریتی بووە لە(٢٣٨١٩ )کەس و پێکهاتەی نەتەوایەتیەکەی بریتی بووە لە( ٩١.٤%)کورد، (٧.٦%)عەرەب، (تورکمان ٠.١٥%) و سریانەکانیش( ٠.٢١%) و (٠.٦٤%)یش کەمە نەتەوایەتی دیکە[٥]، داتاو ئامارەکانی ئەم ساڵە بەهۆی کردارەکانی حکومەتی عێراقە بۆ ڕاگواستنی بەشێکی زۆر لەخەڵکی گوندەکانی ناوچەی توێژینەوەکە و هەوڵدان بۆ تەعریبکردنی ناوچەکە، هەربۆیە ئیشکردن لەسەر داتاکانی ئەم ساڵە ژیرێتی تەواوی دەوێت، وە پشت بەست بەئامارەکانی ئەو ساڵە(١٩٧٧) ئەوا زۆرینەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان کوردبوونە و بوونی ئەو کەمینە عەرەبەیش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری سیاسی کە حکومەتی عێراق هەوڵی سەرژمێریکردنی سەربازەکانی خۆیشی لەناوچەکەدا داوە و وەک بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە هەژماریکردوون. وە ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەین بەساڵی(٢٠٠٨)ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە ساڵی (٢٠٠٨) ڕێژەی کورد لە قەزاکەدا (٩٩%)بووە وە ڕێژەی عەرەب(١%) بووە، ئەمەش سەرباری کردارەکانی ڕاگواستن و ڕووخاندنی گوندەکانی دەوروبەری، بەهۆی سیاسەتی پشتێنەی ئەمنی عەرەبی لەسەردەمی سەدام حوسێن و جەنگی عێراق و ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨) کە بەهۆیەوە تەواوی

---

[١] عبدعلي الخفاف، جغرافيه السكان، أسس عامه، المصدر السابق ص٢٤٤

[٢] عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل٢٥

[٣] جەزا تۆفیق تالب، ، گەشەی دانیشتوان لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٣١ ، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٢٧.

[٤] عەبدوڵا غەفور پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لەباشووری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، ل٣٦.

[٥] عەبدوڵا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦، ل٩٠.

گونـــدەکانی بەری ڕۆژهەڵاتـــی قەزاکە رووخـــان، بەڵام ئەمە نەبـــووە هـــۆی ئەوەی پێکهـــاتەی نەتەوەیـــی دانیشتوانەکەی بگۆڕێت کە زۆرینەی ڕەهای کوردە، و ئەم بەرزبونەوەی ڕێـژەی نەتەوەی کـوردە لەنـاوچەی توێژینەوەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هاتن بەدەستەلاتی ڕژێمی بەعسی عەرەبـی لەنـاوچەی تـوێژینەوەکە و بەتایبەت لەپاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی سـاڵی(١٩٩١) و دواتـریش گەڕانەوەی خەڵـگە ڕاگـوزارەوەکە بۆسـەر زێدی خۆیان و لەپاش ساڵی(٢٠٠٣) و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەرەبیـیەوە شـەپۆلێک لەعـارەبی دیـالە و بەغدا ڕوویان لەناوچەی توێژینەوەکە کردووە، بەڵام بەهـۆی نەبـوونی داتـای وردەوە هەربـۆیە نەتـوانراوە ئامارە نەتەوەکانی دیکە لەناوچەی توێژینەوەکە بزاندرێت.

**خشتەی ژمارە( ٣٢ )**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەساڵانی(١٩٧٧-٢٠٠٨)***

| نەتەوە | ڕێژەی نەتەوەکان ١٩٧٧ | ڕێژەی نەتەوەکان ٢٠٠٨ % |
|---|---|---|
| کورد | ٩١.٢٦ | ٩٩ |
| عەرەب | ٧.٦ | ١ |
| تورکمان | ٠.١٥ | ٠ |
| ئەرمەن | ٠ | ٠ |
| سریان | ٠.٢١ | ٠ |
| هی دیکە | ٠.٦٤ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به:


(١)عەبدوڵا غەفور، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لەباشوری کوردستان، بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق -١٩٧٧، چـاپی یەکەم چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٧٣.

(٢) وەزارەتـی پلانـدان، بەڕێـوەبەرایەتی زانیـاری و نەخشەسـازیی سـلێمانی، نەخشـەی قەزای دەربەنـدیخان، نەخشـەی بەریوەبردن و کارگیری، ٢٠٠٨، ل٢٤.

*بەهۆی نەبوونی داتای پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەپاش سـاڵی(٢٠٠٨)ەوە ، هەربـۆیە بەناچـاری تەنها توانراوە تا ئەو ساڵە داتاکان بەکاربهێندرێت.

**شێوەی(١٢)**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان لەساڵانی(١٩٧٧-٢٠٠٨)**




سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست به خشتەی(٣٢)

**دووەم: پێکهاتەی ئایینی**

ئایین ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە ژیانی کۆمەڵگەدا، بەڵکـو کـارتێکەری ژیـانی دەوڵەت و سیاسەتەکانیشـێتی بەوپێـیەی یەکـێکە لەڕەگەزە پێکهێنەرەکـانی کـۆمەڵگەو، دەتوانێـت ببێـتە پـایەی دامەزرانـدنی دەوڵەت و ڕەگەزێکـی بەهێـزی سیاسەتەکانیشـی[1]. وە نـاوچەی تـوێژینەوە وەک هەرنـاوچەیەکی دیـکەی هەرێمـی کوردستان ناوەندێکی گرنگی بیروڕای ئازاد و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاینییە.

هەرچی تایبەتە بەپێکهاتەی ئایینی لەقەزای دەربەندیخاندا ئەوا شـوێنەواری چەنـدین ئـایین لە سـنوری قەزاکەدا بەجێماون، و بەدرێژایی مێژووی قەزاکە تـا هـاتنی ئـایینی ئیسـلام دانیشـتوانی کـۆنی ئەم قەزایە لەسەر ئایینی زەردەشتێت بوونە و باشترین بەڵگەیش شوێنەواری ئاگرگەی زەردەشتیانە لە کەمپی خوارەوە. ئایین و بەتایبەتیش ئـایینی ئیسـلام ڕۆڵێکـی مەزنـی هەبـوو لەزیـادبوونی گەشـەی دانیشـتوانی نـاوچەی توێژینەوەکە، وەک چۆنیش لەخشتەی ژمارە(٣٣)دا دیارە ئەوا بەپێی ئاماری سـاڵی (٢٠٠٨) کە گونجـاوترین داتای ناوچەی توێژینەوەکەیە بۆئەم مەبەسـتە، ئەوا پێکهـاتەی ئـایینی لەقەزای دەربەندیخانـدا بەجـۆرێکە (٩٩%) کـۆی دانیشـتوانی قەزاکە شـوێنکەوتەی ئـایینی ئیسـلامن کە هانـدەری زیـاد وەچەخسـتنەوەیە و ئایینەکانی دیکە زۆر بەدەگمەن لە ناوچەی تـوێژینەوەکەدا هەن و تەنهـا چەنـد کەسـێکی کەمـی هەڵگـری ئایینی ئێزیدی لەناوچەی توێژینەوەکەدا هەیە، کە ئیزیـدی بەڕێـژەی (١%)، لەکاتێکـدا ئایینیەکـانی دیـکە ڕێژەکەیان لەسفرەوە نزیکەوە.

**خشتەی (٣٣)**

**پێکهاتەی ئایینی لەقەزای دەربەندیخان لە ساڵی(٢٠٠٨)***

| ئایین | ڕێژەی ئایینەکان ٢٠٠٨ % |
|---|---|
| ئیسلام | ٩٩ |
| ئێزیدی | ١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ |


سـەرچاوە/ئامـادەکراوە پشتبەسـت بە: حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پلانـدانان، بەڕێـوەبەرایەتی زانیـاری و نەخشەسازیی و سلێمانی ،٢٠٠٨، ل٢٤.

*بەهـۆی نەبـوونی داتـای پێکهـاتەی ئـایینی دانیشـتوانی قەزای دەربەنـدیخان بـۆیە بەناچـاری تەنهـا داتـای ساڵی(٢٠٠٨) بەکارهێناوە.

[1] جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتیکیە للامن القومی فی اقلیم کردستان، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیە، السلیمانیە، ٢٠٠٥، ص٢٣٨ .

شێوەی(١٣)

پێکهاتەی ئایینی لەقەزای دەربەندیخان بۆ ساڵی(٢٠٠٨)




سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (٣٣)

## سێیەم/ پێکهاتەی زانستی

زانینی پێکهاتەی زانستی تاکەکانی کۆمەڵگە گرنگییەکی زۆری هەیە، بەوپێیەی ئاماژە و کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری و کۆمەلایەتی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە، بەجۆرێک شارەکان هەمیشە لەڕووی پێکهاتەی زانستییەوە لەپێش گوندەکاندان [1]. بەوپێیەی ئامارەکانی ساڵانی (١٩٧٧ و ١٩٨٧) هیچ داتایەکی تایبەت بە پێکهاتەی زانستی سەنتەری قەزاکان لەخۆناگرن، وەک چۆن ئامارەکانی ساڵانی(٢٠٠٢ و ٢٠٠٩)یش دیسانەوە داتای پێکهاتەی زانستی ناوچەکە لەخۆ ناگرێت، هەربۆیە پشت بەستراوە بە هەردوو ئاماری سالانی(٢٠٠٨ و ٢٠١٩) .

پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٣٤) ئەوا ڕێژەی نەخوێندەواری لەقەزاکەدا بۆساڵی (٢٠٠٨)بریتی بووە لە(٢٥,٦٥%)ی کۆی دانیشتوانەکەی، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لەسەر ئاستی پارێزگاکەدا بریتی بووە لە(٢٧.٨%)،ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز و نائاساییە، بەڵام ئەم ڕێژەیە کە جێگەی گومانە و پێدەچێت دەزگای ئامار تەنها نمونەی سەرۆک خێزانەکانی وەرگرتبێت نەک تەواوی دانیشتوانەکە، وە ئەوانەیشی دەخوێننەوەو دەنوسن و ئاستی سەرەتایی خوێندنیان تەواوکردووە لەسەر ئاستی قەزا ڕێژەکەیان بریتی بووە لە (٥٠.٥%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە، لەکاتێکدا لەسەر ئاستی پارێزگادا ئەم ڕێژەیە بریتی بووە لە (٤٩.٥%)ی تێکرای دانیشتوان،واتا زۆرینەی کۆمەڵگەی پارێزگا و قەزاکە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەکەونە

[1] ماهر ابو صالح، مدینه نابلس، دراسه فی الترکیب السکانی وخصائص المسکن، رساله ماجستیر، کلیه الدراسات العلیا، جامعه النجاح الوطنیه، فلسطین ١٩٩٨، ص ٤٠.

ئەم ئاستەوە بۆ ئەوساڵە ئامارییە، وە ئەوانەیشی کە ناوەندی و ئامادەییان تەواوکردووە لەسەر ئاستی قەزا ڕێژەکەیان یەک لەدوای یەک بریتی بووە ( ١٠.٧ و ٦.٩%)ی دانیشتوان، و لەسەر ئاستی پارێزگایش ئەم ڕێژەیە بریتی بووە لە( ١٠.١ و ٦.١% ) ، بەلام ئەوانەی بڕوانامەی دیبلۆم و بەکالۆریۆسیان هەبووە ڕێژەکەیان لەسەر ئاستی قەزادا بەشێوەی یەک لەدوای یەک بریتی بووە لە ( ٢.٧ و ١.٧%)ی دانیشتوان و لەسەر ئاستی پارێزگایش ڕێژەکەیان بریتی بووە (٤.٤ و ٢%)ی دانیشتوان، بەلام لەسەر ئاستی خوێندنی بالا ئەم ڕێژەیە لەسەور ئاستی قەزا بۆ ساڵی (٢٠٠٨)بریتی بووە لە (سفر)، هەرچەندە لەسەر ئاستی پارێزگایش ڕێژەکەی زۆربەرز نەبووە کە بریتی بووە لە (٠.١%)ی کۆی دانیشتوان.

**خشتەی (٣٤)**

**ڕێژەی* بارودۆخی زانستی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی ڕەگەزی نێر و مێ بۆساڵی (٢٠٠٨)**

| ئاستی خوێندن | قەزا% | | | پارێزگا% | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | تێکڕا | نێر | مێ | تێکڕا |
| نەخوێندەوار | ١٩ | ٣٢.٣ | ٢٥,٦٥ | ١٨.٣ | ٣٦.٧ | ٢٧.٨ |
| دەخوێنێتەوە و دەنوسێت | ٢١.٤ | ٢١ | ٢١.٢ | ٢٦.٤ | ٢٢.٦ | ٢٤.٤ |
| سەرەتایی | ٣٢.٨ | ٢٦ | ٢٩,٤ | ٣١.١ | ١٩.٤ | ٢٥.١ |
| ناوەندی | ١٢.١ | ١٠.٧ | ١١.٤ | ١٠.١ | ١٠.١ | ١٠.١ |
| ئامادەیی | ٩.٣ | ٦.٩ | | ٦.٩ | ٥.٣ | ٦.١ |
| دبلۆم | ٣.٦ | ١.٨ | ٢.٧ | ٤.٤ | ٤.٤ | ٤.٤ |
| بەکالۆریۆس | ١.٩ | ١.٤ | ١.٧ | ٢.٦ | ١.٤ | ٢ |
| خویندنی باڵا | ٠ | ٠ | ٠ | ٠.١ | ٠.٢ | ٠.١ |
| کۆی کشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، ڕووپێوی باری خۆراک لەپاریزگای سلیمانی و گەرمیان، ٢٠٠٨، ل١٩-٢٠.

*لەئامارەی ساڵی(٢٠٠٨)دا داتاکان بەژمارەی ڕەها بەردەستنین و تەنها بەڕێژە هەن، هەربۆیە ئێمەیش بەناچاری تەنها بەڕێژە بەکارمان هێناوە.

**شێوەی(١٤)**

**ڕێژەی بارودۆخی زانستی دانیشتوان لەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٨)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە :خشتەی(٣٤).

سەبارەت بەپێکهاتەی ڕۆشنبیری دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئەوا پشتبەست بەخشتەی ژمارە(٣٤) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئاستی نەخوێندەواری لەسەر ئاستی قەزا بۆساڵی (٢٠٠٨) دا و لەسەر بنەمای ڕەگەز ئەوا زۆرینەی ئەم چینە نەخوێندەوارە بریتین لە مێینە، بەجۆرێک لەسەر ئاستی قەزا ڕێژەکەیان بریتی بووە لە( ٣٢.٣%) و لەسەر ئاستی پارێزگایش(٣٦.٧)ی کۆمەڵگەی پێکهێناوە، لەبەرانبەریشدا دیسانەوە ڕێژەی ئەوانەی بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەبووە لەسەر ئاستی قەزا بۆساڵی (٢٠٠٨)بریتی بووە لە(سفر)، لەبەرانبەردا لەسەر ئاستی پارێزگایش ئەم ڕێژەیە (٠.١%)بووە، کە دیسانەوە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە شێوەی (١٤)، هەرچەندە کەموکورتیش لەداتاکانی ئەو ئامارەدا هەیە، بەلام لەماوەی توێژینەوەکەماندا ئەم ساڵە وردترین داتای لەخۆی گرتووە.

وە بەبەراوردکردنی ئەم داتایانە لەگەڵ داتاکانی ئاماری ساڵی (٢٠١٩)دا گۆڕانکاری گەورە لەئاستەکانی زانستی پارێزگا و قەزاکەدا هاتۆتە کایەوە، ئەمەیش بەهۆی فەراهەمکردنی خوێندن بۆ گەورەساڵان و هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و باشتربوونی دۆخی دارایی دانیشتوان و زیادبوونی حەزی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر بەئامانجی گەیشتنە پێگەیەکی باڵاتر لە دەزگاکانی حکومەتدا، ئەمەیش وایکردووە ئەوانەی نەخوێندەوارن، لەسەر ئاستی قەزا بۆ ساڵی (٢٠٠٨) ڕێژەکەیان بریتی بووە لە (٢٥.٨%) لەکاتێکدا بۆساڵی (٢٠١٩)ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (١٨.٢)، لەسەر ئاستی پارێزگایش ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٨)دا بریتی بووە لە (٢٧.٨%) لەکاتێکدا بۆساڵی (٢٠١٩)ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٢٢.٣%)ی کۆی دانیشتوان، بەهاوتای ئەمانەیش ڕوودانی گۆڕانکارییە لە هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا ، بەجۆرێک لەساڵی (٢٠٠٨)دا لەسەر ئاستی قەزا ئەم چینە ڕۆشنبیرە ڕێژەکەیان بریتی بووە لە(سفر) لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ ساڵی (٢٠١٩) بەرزبوەتەوە بۆ (٢.٢%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە و لەسەر ئاستی پارێزگایش دیسانەوە بەرزبونەوەی بەخۆوە بینیوە بەجۆرێک لەساڵی (٢٠٠٨)دا

ڕێژەکەی بریتی بووە لە(٠.٠١%)ی کۆی دانیشتوان، کەچی لەساڵی (٢٠١٩)دا ئەم ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ (٣.٤%)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی.

**خشتەی(٣٥)**

**بارودۆخی زانستی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٩)**


| ئاستی خوێندن | قەزا% | پارێزگا% |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٨,٢ | ٢٢,٣ |
| دەخوێنێتەوە | ٤,٣ | ٣,٩ |
| نوسین و خوێندنەوە | ١٩,٨ | ١٩,٥ |
| سەرەتای | ٢٥,٥ | ٢٤,٣ |
| ناوەندی | ١٧,٨ | ١٤,٣ |
| ئامادەیی | ٨ | ٧,٤ |
| دبلۆم | ٤,٢ | ٤,٩ |
| خوێندنی باڵا | ٢.٢ | ٣,٤ |
| کۆ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەشی شیکاری زانیاریەکان،زانیاری دەربارەی بارودۆخی ڕۆشنبیری لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی،٢٠١٩،بڵاونەکراوە.

※لەئامارەی ساڵی(٢٠١٩)دا داتاکان بەژمارەی ڕەها بەردەستنین و تەنها بەڕێژە هەن، هەربۆیە ئێمەیش بەناچاری تەنها بەڕێژە بەکارمان هێناوە.

**شێوەی(١٥)**

**بارودۆخی زانستی دانیشتوان لە قەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٩)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە :خشتەی(٣٥).

## باسی سێیەم: پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان

توێژینەوەی پێکهاتە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە گرنگە بەوپێیەی دەبنە بنەمایەکی گرنگ بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە کۆمەلایەتی و ئابورییەکانی ناوچەکە، لەم باسەماندا بە وردی و بەجیا باس لەم دوو پێکهاتەیە دەکەین.

### یەکەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەتوێژینەوە دانیشتوانیەکاندا گرنگی گەورەی هەیە، بەجۆرێک کاریگەری تەواوی لەسەر ئاراستەکانی کۆمەڵگە هەیە، جا بەرەو جیهانی بوون و پێشکەوتن بێت یاخود بەرەو داخران و ناوچەگەرێتی، کە ئەمەش لای خۆیەوە کاردەکاتەسەر تەواوی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوەکە .


پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر شێوازی دابەشبوون و چڕی دانیشتوان، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەلایەتییە بەهێزەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە ئەمەش وایکردووە ئەو خەڵکانەی سەربە هەمان هۆز و تیرەن لەنزیکی یەکدی کۆببنەوە و گوندی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن و لەم ڕێگەیەشەوە هەست بە دڵنیایی ئاسایش و مانەوەی بنچینە و هۆزەکەیان دەکەن[1].

پشت بەست بەنەخشەی ژمارە( ٢١)ی دابەشبوونی هۆزەکان لەقەزای دەربەندیخاندا ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەبەشی باشوری ڕۆژئاوا و ڕژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەکەدا تیرەکانی سەربە هۆزی جاف بلاوبونەتەوە بەتایبەت تیرەکانی( ڕۆغزایی، تەرخانی، هاروونی)، وەک چۆنیش لەهەندێک ناوچەی باکوری ناوچەی توێژینەوەدا دیسانەوە بلاون بەتایبەت تیرەی شاتری ، وە لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵات بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات خێڵەکانی (شەمێرانی و تاوگۆزی)، زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکانی سنورەکەیان پێکهێناوە، سەرباری بوونی دەیان خێڵ و بنەماڵەی دیکە بەتێکەلاویی لەنێو سنوری ئەم خێلانەدا، لەنمونەی بنەماڵەی (شێخ) لەگوندەکانی چنارە و عازەبان، سەنتەری قەزایش لەخۆگرتەی جۆرێک لە داب و نەریتی کۆمەلایەتی خێلەکییە و تەنانەت دیاردەی خێلەکی بوون لە گەڕەکەکانی نێو شاری دەربەندیخاندا بەدی دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی سەنتەری قەزاکە دەکەوێتە ناوەڕاستی نیشنگە خێڵەکییەکان و قۆناغ بەقۆناغ ڕوویان کردۆتە شارەکە.

[1] شاسوار محمد محمود،شیکردنەوەیکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان،سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤

## نەخشەی(٢١)

## دابەشبونی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بە گوێرەی هۆزەکان لە ساڵی(٢٠٢٠)




سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە:

(١)سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوەولە بەرواری٢٠٢١/١٠/١٥.

(٢)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز( سەید موحسین تاوەگۆزی) سەرۆک عەشیرەتی تاوەگۆزی لە بەرواری(٢٠٢١/١٠/١٥).

(٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(سەرحەد خەلیفە یونس)سەرۆک عەشیرەتی ڕۆغزای لە بەرواری(٢٠٢١/١٠/١٦).

(٤)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(محمد حاجی مەحمود)سەرۆک عەشیرەتی هارونی لە بەرواری(٢٠٢١/١٠/٢٠).

(٥)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(کۆچەر کەریم حەمە عەلی)مێژوونوس و دانیشتووی قەزای دەربەندیخان لە بەرواری (٢٠٢١/١٠/٢١).

## دووەم: پێکهاتەی ئابوریی

فاکتەرە ئابورییەکان یەکێکن لە گرنگترین فاکتەرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان و پەیوەستە بە چالاکییەکانی مرۆڤەوە[١]. و توێژینەوەی پێکهاتەی ئابوری دانیشتوان لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەی دانیشتوانە، بەجۆرێک دەتوانرێت لەڕێگەیەوە ڕوودیاری چالاکییە ئابورییەکان و قەبارەی هێزی مرۆیی لەهەر ناوچەیەکدا دەستنیشان بکرێت و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دارشتنەوەی پلانی داهاتووی پێشخستنی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی قەبارە و پۆلی دانیشتوان کاردەکاتەسەر قەبارەی بازاڕ و جۆرایەتی لە خستنەڕو و خواست، سەرباری پیشاندانی هێزی کارکەر.[٢] سەرباری ئەوەی پێکهاتەی ئابوری مانای دابەشکردنی دانیشتوانە بەسەر کەرتە بەرهەمهێنە جیاوازەکاندا، بەمەبەستی زانینی هێزی کار لەهەر کەرتێکی ئابوریدا[٣]. وە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی تایبەت بە کارکەران پێویستە ئاشنابن بە ژمارەی دانیشتوانی گونجاو بۆ کارکردن لەڕووی پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزەوە و بۆئەمەش پێویستە کۆمەڵێک بنەما لەپێش چاو بگرین وەکو:

١- زانینی هێزی کار و چالاکییە ئابورییەکانی داهاتووی دانیشتوان .

٢- دەستنیشانکردنی تەواوی ئەو هۆکارانەی کاردەکەنەسەر هێزی کار.

٣ـ پێکهاتەی هێزی کار و ئاستی داهاتی خێزانەکان.

٤ـ یەکە نیشتەجێبونیەکان و ڕاڤەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی لەڕووی قەبارە و ئاراستەوە[٤].

پشت بەست بەخشتەی ژمارە(٣٦) ئەوا بۆ مان ڕووندەبێتەوە کە بۆ ساڵی(١٩٧٧) دابەشبوونی هێزی کار بەگوێرەی چالاکییە ئابورییەکان لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەجۆرێکە کە ژمارەی کارکەرانی کەرتی کشتوکاڵی لەو ساڵەدا بریتی بووە لە(٢٠٦٤کەس) کە ڕێژەی (٨٩.٣%)ی هێزی کارکەرانی ناوچەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە و هەرچی کەرتی تایبەتیشە ئەوا ژمارەی کارکەرانی ئەم کەرتە بۆساڵی(١٩٧٧) بریتی بووە لە (٢٤٧کەس)، واتا (١٠.٧%)ی کۆی هێزی کارکەری ناوچەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، وە کۆی گشتی هێزی کارکەر لەم ماوەیەدا بریتی بووە (٢٣١١)کەس، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لەم ساڵەدا(٢٣٨١٩)کەس بووە، ئەمەیش مانای ناڕاستی ئەم داتا دەستەبەرەی دەزگای ئاماری ئەوکاتەیە ، ئەوەی جێگای سەرەنج و تێبینیە لە کۆی ئەو ژمارەی دانیشتوانە لە ساڵی (١٩٧٧)دا هیچ جۆرە داتایەکمان نیە لەسەر کەرتی حکومی لە داتای سەرژمێری (١٩٧٧) وە توێژەر پێی وایە ئەو ژمارەیەی کە لە کەرتی حکومی کاریان کردووە زیاتر بووە لە کەرتەکانی تر .

**خشتەی(٣٦)**

**دابەشبوونی هێزی کاری دانیشتوان بەگوێرەی چالاکیە ئابورییەکان لە قەزای دەربەندیخان لە ساڵی(١٩٧٧)**

| جۆری چالاکی ئابوری | کارکەران | |
|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % |
| کەرتی کشتوکاڵی | ٢٠٦٤ | ٨٩,٣ |
| کەرتی تایبەت | ٢٤٧ | ١٠,٧ |
| کۆی گشتی | ٢٣١١ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە پشت بەست بە:

وزارە التخطيط، الجهاز المركزی للاحصله، هیئە التعداد العام و الدراسات السكانیە، نتائج ترقیم المبانی و الحصر السكان لسنة ١٩٧٧، محافضە السلیمانیە، ص٥٦٠

*لە ئاماری ساڵی (١٩٧٧)دا بەتەنها ئاماژەکراوە بە کەرتی کشتوکاڵی و کەرتی تایبەت، هەربۆیە توێژەریش بەناچاری تەنها ئەم دوو چالاکییە ئابورییەوەی ڕاڤەکردووە.

---

[١] عباس فاضل السعدی، محافظة بغداد، دراسة فی جغرافیە السكان، المصدر السابق، ص٦٠

[٢] دانیال محسن بشار خطاوي،تغیر سكان محافظة دیالی للمدة( ١٩٧٧- ١٩٩٧)، المصدر السابق، ص١٨٢.

[٣] منيب مشعان احمد الدوري، قضاء بلد دراسة في جغرافية السكان، المصدر السابق ص٨٠

[٤] فاضل الأنصاري، سكان العراق، طبعة الاولى، مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٠، ص١٦٦.

پشتبەست بە خشتەی ژمارە (٣٧) ئەوا دابەشبوونی هێزی کار بەگوێرەی چالاکییە ئابوورییەکان لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠) کە خزمەتگوزارییە ئابوورییە بەردەستەکان دەگرێتەوە ئەوا بەم شێوەیەیە:

## ١ـ کەرتی گشتی

کەرتی گشتی بەواتای تەواوی ئەو دامەزراوە حکومییانەیە کە هەلیکار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دەڕەخسێنن، ئەمانەیش بریتین لە فەرمانگە حکومییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە وەکو فەرمانگەی گواستنەوەو گەیاندن و تەندروستی و پەروەردە و کارەبا وئاو و کەرتەکانی دیکە کە خزمەتگوزاری گشتی بەدانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە دەگەیەنن، کە کۆی گشتی ئەوانەی لەکەرتی حکومیدا کاردەکەن لەقەزاکەدا بۆساڵی (٢٠٢٠) بریتین لە( ٨٦٦٨کەس) کە ڕێژەی (٥٨.٧%)ی کۆی هێزی کارکەری ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنن، ئەمەش لای خۆیەوە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر شێوازی کۆبونەوەو دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە بەجۆرێک بەهۆی خڕبونەوەی تەواوی فەرمانگە حکومییەکان لەناوەندی شاری دەربەندیخان و دواتریش چەند فەرمانگەیەکی دیکە لە ناوەندی ناحیەی باوەخۆشێن هەربۆیە ئەمەش لای خۆیەوە هاندەری کۆچ بووە لە گوندەوە بۆ ناوەندەکان، بەهۆی ئاسانی دەستکەوتنی خزمەتگوزاری لەم ناوەندانە و بەپێچەوانەیش لەگوندەکاندا، بە گشتی توێژەر پێی وایە ئەو ژمارەی کە بەردەستە بۆ کارکەرانی کەرتی گشتی دوورە لە ڕاستییەوە چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و خانەنشینی پێشمەرگە هەن وە داتا و زانیاری تەواو بەردەست نیە و یاخود تۆمار نەکراوە .

## ٢-کەرتی تایبەت(پیشەسازی و بازرگانی)

هەرچی کەرتی تایبەتە تەواوی ئەو کارگە و دووکان و ناوەندە بازرگانی و پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنیان دەگەڕێتەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە نەک حکومەت، کە ژمارەی کارکەرانی ئەم کەرتە لەقەزاکەدا بۆساڵی (٢٠٢٠) بریتییە لە ( ٢٧٥٢ کەس) کە ڕێژەی ( ١٨.٦% )ی هێزی دەستی کاری ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێت، خۆ ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەین بەهەمان کارکەرانی هەمان کەرتی کار لە ئاماری ساڵی(١٩٧٧)دا کە ڕێژەکەیان بریتی بووە لە (١٠.٧%)ی هێزی کارکەر، ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بەپێی ساڵەکان ژمارەی کارەکانی ئەم کەرتە ڕووی لە زیادبون بووە.

## ٣-کەرتی کشتوکاڵی:

بەگشتی کەرتی کشتوکاڵی کە هەردوو پیشەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دەگرێتەوە، پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٣٧ ) ئەوا ژمارەی کارکەرانی نێو ئەم کەرتە بریتی بووە لە(١٤٧٠کەس) کە ڕێژەی (٩.٩%)ی هێزی کاری ناوچەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، لەکاتێکدا قەزای دەربەندیخان لە(٤٨)یەکەی گوندیی پێکدێت، وە ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەین بە داتاکانی ساڵی (١٩٧٧) ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کارکەرانی ئەم کەرتە بەڕێژەیەکی زۆر کەمیکردووە، هۆکاری ئەمەیش نادەستەبەری ژیانێکی شایستەیە بۆ گوندنشینەکان لەگوندەکانیاندا و زۆری جیاوازی خزمەتگوزاری و داهاتیشە لەنێوان گوندەکان و سەنتەری قەزاکە و پێشکەوتنی ئامێرەکانی کشتوکاڵیی کە وایکردووە لەگوندەکانیشیدا بۆ کەرتی کشتوکاڵیی پێویستیان بەدەستی کاری ئەوتۆنەبێت.

## ٤- بێکاریی

بێکاری ئەو ماوەیە کە کرێکارەکە بەبێ کاری دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا توانای کارکردنی هەیە.وە ڕێژەیەکی کەم نەبێت هەموو دانیشتوانی جیهان کاردەکەن، بەو ڕێژە کەمەی کارناکەن دەوترێت بێکار، جا ئەم

بێکارییەیان لەژێر ناوو هەر بیانویەکدا بێت، ئەو چینەیشی توانای کارکردنی هەیە پێی دەگوترێت هێزی کار[1]، وە هەروەها زۆربەی ئەوانەی دووچاری بێکاری دەبنەوە تازە پێگەیشتوانە، دواتریش کرێکارە ناشارەزاکان و پاشتریش پیشەوەران و لەکۆتاییشدا ئەوانە دێت کە لە کەرتەکانی بازرگانی و گەشت وگوزار و ئوتێلەکاندا کاردەکەن، بەگشتی بێکاری تێکچونی هاوسەنگی نێوان هەلیکار و دەستی کارە، ئەمەش پەیوەندە بە باری ئابوری و تەکنەلۆژیای کارەوە. وە ڕێژەی بێکاری لەنێو سەرجەم دانیشتوانی چالاک لەئابوریدا لەگەڵ هاتنی دانیشتوان لەدەرەوە، لەبەر لەبارنەبوونی ئابوری شارەکان زیاددەکات[2].

بەگشتی هێزی کاری وڵات بەستراوەتەوە بەو چینەی کە توانای کارکردنی هەیە، سەرباری دابینی ئامرازەکانی کارکردن بۆ چینی کارکەر، وە تاوەکو ژمارەی منداڵ و پیرەکان زیادبکەن ئەوا ژمارەی بێکاران زیاددەکەن. ئەمەش زۆرجار بارە بۆ حکومەت و ناچارە موچەیەکیان بۆ ببرێتەوە بەناوی چاودێری کۆمەلایەتییەوە، بەڵام ئەم دۆخە بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمە کە بەشێکە لەکۆمەڵگەی نیمچە دواکەوتوی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک دۆخەکە پێچەوانەیە و بەگشتی لێرە منداڵ لەپاش هەشت ساڵییەوە کاری پێدەکرێت و پیرەکانیش تانزیک هەشتاساڵی بەجۆرێک لەجۆرەکان لەکاردا دەمێننەوە، بەڵام ئەمەش ڕێژەیەکی کەمی هێزی کارکەری ناوچەکە پێکدێنێت، وە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای قەزاکەوە کە لەنێوان دوو جەمسەری بەهێزی کاردایە-ئیدارەی گەرمیان و شاری سلێمانی-هەربۆیە ئاراستەی سەرمایە و هێزی کار تێیدا هەمیشە ڕووی لەکۆچ بووە بەرەو ئەو دوو ناوەندە. بە تێڕوانین لە خشتەی ژمارە (٣٧)، لە ساڵی(٢٠٢٠)دا ژمارەی بێکار بریتی بووە لە (١٨٧٧)کەس کە (١٢.٨%)ی هێزی کارکەری ناوچەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە، ئەمەش ڕێژەیەکی تاڕادەیەک سروشتییە لە عێراقدا .

سەرەڕای هەموو ئەمانەش لە کوردستان بە گشتی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی تێکەڵبوونێک لە نێوان چالاکیە ئابووریەکاندا هەیە چونکە هەمانە فەرمانبەرە و وە لەکەرتی کشتوکاڵیش یاخود ئاژەڵداری کاردەکات وە بەشێکیان بازرگانی دەکەن و لەهەمان کاتیشدا لە کەرتی حکومیشدا فەرمانبەرن ، بەهەمان شێوە لە هێزەچەکدارەکان تۆمارکراوە وە لە کەرتی ئاژەڵداری و کشتوکاڵیش کاردەکەن بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵبوونێک لە نێوان چالاکە ئابووریەکاندا وە سەرئەنجام دروستبوونی ناڕاستی و ناڕوونی لە داتاکان دروستدەبێت بۆیە پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەنێوان کەرتە جیاوازەکان بۆ دۆزینەوە و دیاری کردنی ئەو تێکەڵاویە بەمەبەستی گەشتن بە زانیاری تەواو و دروست .

[1] عبدالفتاح محمد وهیبە، جیۆگرافیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.
[2] عەبدوڵا غەفور، شارنشینی لەباشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠١٧، ل١١١.

**خشتەی (٣٧)**

**دابەشبوونی هێزی کار بەگوێرەی چالاکییە ئابوورییەکان لەقەزای دەربەندیخان بۆساڵی(٢٠٢٠)**

| جۆری پیشە | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|
| کەرتی گشتی | ٨٦٦٨ | ٥٨.٧ |
| بازرگانی و پیشەسازیی | ٢٧٥٢ | ١٨.٦ |
| کشتوکاڵ و ئاژەڵداری | ١٤٧٠ | ٩.٩ |
| بێکاری | ١٨٧٧ | ١٢,٨ |
| کۆی گشتی | ١٤٧٦٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:

[١] وەزارەتــی کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئــاو،بەڕێوەبەرایەتی گشــتی کشــتوکاڵی ســلێمانی،بەڕێوبەرایەتی کشــتوکاڵی دەربەندیخان،هۆبەی زەوی و زار،زانیاری دەربارەی ژمارەی جوتیار لە قەزای دەربەندیخان،٢٠٢٠،بڵاونەکراوە.

[٢] وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،فەرمانگەی ئامـاری دەربەنـدیخان،زانیاری دەربـارەی ژمارەی فەرمانبەرانی قەزای دەربەندیخان و ژمارەی بێکاران،٢٠٢٠،بڵاونەکراوە.


[٣] وەزارەتی دارای و ئابووری،بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان،بانکی دەربەندیخان،بەشی خانەنشینی، زانیاری دەربـارەی ژمارەی فەرمانبەرانی قەزای دەربەندیخان،٢٠٢٠،بڵاونەکراوە.

[٤] وەزارەتی دارای و ئابووری،بەڕێوەبەرایەتی گشتی بـاجی دەرامەتەکـانی سـلێمانی ،تێبینەرایەتـی بـاجی دەرامەتە وخـانوبەرەی دەربەندیخان،بەشی خەمڵاندن، زانیاری دەربارەی ژمارەی کارکەران لە کەرتی بازرگانی قەزای دەربەندیخان،٢٠٢٠،بڵاونەکراوە.

